# پارتی و.. پرسە نەتەوەیی و ستراتیژییەکان



فوئاد سدیق

سێ چوار مانگی تر پارتی دیموکراتی کوردستان یادی ٦٣ هەمین ســاڵرۆژی خۆی دەکاتەوە، ئەگەر ســەیرێکی ئەو مێژووەی بکەین، جیا لە ســەروەرییە نیشــتمانییەکەی، دەبینیــن لەگەڵ هــەر قۆناخ و وەرچەرخانێکی سیاسی دا قسەی خۆی و بەرنامەی خۆی هەبــووە، دیارە وەرچەرخانە سیاســییەکان کەم نین، بۆیە لێرەدا تەنهــا ئاماژە بۆ راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەکەین، کە پارتی دیموکراتی کوردســتان وەك دەیان جاری تر نەچووە ژێر هەڕەشــەو گوشاری هیچ هێزو لایەنێکــەوەو بۆ بەرەوپیــری هەڵبژاردنیش دوو دروشــمی بەرز راگرت، کە یەکێکیان دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردســتان بوو، دووەمیشیان بەرزکردنەوەی ئاشتی ئازادی دیموکراسی بوو ...

پارتی نەیویســت بچێتە نــاو موزایــەدەوە بۆیە پێیوابوو هێشــتا زووە باسی مافی چارەی خۆنووسین بکرێت،(بخوێنی بەرێز ئێستا دوای ١٧ ساڵ بەسەر ئەو هەڵبژاردنەو دوای رووخانی رژێمی بەعســیش هێشتا دروشمی مافی چارەی خۆنووسین بەرزناکرێتەوەو باس لە چەســپاندنی فیدراڵیــزم دەکرێت، کە پارتی دوای هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ئۆتۆنۆمییەکەی کرد بە فیدراڵی ) بۆیە دروشــمی ئۆتۆنۆمی نەهێنایە خوارەوە، ئەوکات پاساوی جیدیشــی بۆ ئەو دروشمە هەبوو، لەکاتێکدا زۆر لایــەن هەبــوون دەیانــوت ئۆتۆنۆمــی دڕۆیە ئاواتمان ســەربەخۆیە، بەڵام ئەمە تەنها دروشمێکی شۆڕشــگێڕانەی رووت بوو، یاریکردن بوو بە ســۆزو عاتیفــەی خەڵك، بۆیە بینیمان پارتی تەنها حزب بوو پێی لەسەر ئەو دروشــمە داگرتبوو بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن، کەچی خەڵکی کوردســتان لە واقیعبینی پارتی حاڵی ببوون، بۆیە پارتی توانی زۆرترین دەنگ وەدەســت بهێنێ و براوەی یەکــەم بوو لە هەڵبژاردنی ئایاری ١٩٩٢، ئەمەم بۆیە بە نموونەو بۆ وەبیرهێنانەوە هێنایــەوە، چونکــە خەریکە جارێکی تــر مێژوو بە جۆرێکی تر خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئێســتا کە بەرەو هەڵبــژاردن دەچین و خەریکە لــە وادەی هەڵبژاردن نزیکدەبینەوە، جگە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە هاوپەیمانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، چی حزب و هێزو لایەنی سیاسی و تەنانەت ئەو میدیایانەیش کە خۆیان بە میدیای ئازاد و ئەهلی ناوزەد دەکەن، هەموو هەوڵیــان ناشــیرینکردنی رووی حکومەتی هەرێمی کوردســتانە، کە لێرەداو بەو هۆیەوە مەبەستیانە رووی پارتی ناشــیرین بکەن و وا لە خەڵکی بگەیەنن کە لە دوای راپەڕینەوەو تەنانەت لە دوای (٢٠٠٠)یشــەوە ئەوە هــەر پارتی یە بۆتە هۆی نەهامەتی بۆ خەڵك، لەکاتێکدا بە درێژایی نەك تەنها ئەو (١٨) ســاڵەی رابــردوو، بەڵکــو بــە درێژایی ئەو (٦٣) ســاڵەی پارتی دیموکراتی کوردســتان، یەك رووداوی سیاسی ستراتیژی یا یەك پرســی چارەنووسسازی نەتەوەیی نادۆزیتەوە پارتی مساوەمەی لەسەرکردبێت، لەکاتێکدا رۆژێــك لە رۆژانیش موزایەدەی بەســەر هیچ هێزو لایەنێکــەوە نەکردووە ســەرباری ئەم هەموو خەبات و گیانفیدایی و قوربانیدانــەی بە درێژایی ئەو (٦٣) ســاڵەی رابردوو پێشکەشی کردووە. پارتی ئامادەبووە لەگەڵ بچووکترین و لاوازترین هێزو لایەن (مەبەســت لە بچووکتریــن و لاوازترینەکە پێگەی جەماوەرییە ) هاوپەیمانی بکات و دۆستایەتی بەهێز بکات و هەموو پێکەوە هۆکاری کاریگەر بن بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاســی، لە هەموو مێژووی پارتی، بەدرێژایی ئەو (٦٣) ساڵە ناتوانی ئەوە بســەلمێنی پارتی لە پێناو بەرژەوەنــدی حزبایەتــی بەرژەوەندییە ســتراتیژی و نەتەوەییەکانی وەلاوە نابێت،ئەنجامی بەیەکنەگەیشتنی پارتــی و بەعس لــە ١٩٧٤ و ئەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ هەروەها ئێستاش کە دەبینین پارتی چەندە لە خەمی یەکریزی و بەردەوامبوونی هاوپەیمانێتییەوە چەندین نموونەی دیکەی زیندوو، تەنها ئەو راستییە دەسەلمێنن کە پارتی هەمیشە لەگەڵ پرسە نەتەوەیی و ستراتیژییەکانی گەلەکەی خۆیدا بووە، بۆیە وێرای هەموو ئەو شەڕە ناجۆرو بەربڵاوانەی بە فیتی دەرەکی و ناوەکی بۆ ســەری دەکرێت، بەڵام لە لایەن خەڵکی تێکۆشــەری کوردســتانەوە پارتی هێمای مانەوەی نەتەوەیەکە بە ســەرفرازی، بۆیە هەمیشــە لەکاتی هەڵبژاردنەکانیشــدا بە روو ســووری و بە سەربڵندی لێی دەرچووە.

# پسپسەکەی هێلاری کلینتۆن
# چارەسەر نییە بۆ کەمکردنەوەی رادەی توندوتیژی



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گولان دەینووسێ**

رۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوەکردبوو، کە یەکەیەکی نهێنی ئەمەریکی کار بۆ ئەوە دەکات کە باوەڕ بە هەندێ ژەنەراڵ و سیاسەتکارانی بەعسی بێنێ بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە عێراق و کاریش لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بکەن.

هەر ئەو رۆژنامەیە ئەوەمان بۆ رووندەکاتەوە کە چەند بەرپرسێکی ئەو یەکەیە سەردانی عەمانی پایتەختی ئوردونیان کردووە و پەیوەندییان بە هەندێ لەو ژەنەراڵ و سیاسەتکارانە کردووە، رێك لە رۆژی ١٨ی نیسانی رابردوو، بەڵام ئەوانە قایل نەبوون کار لەگەڵ مالیکیدا بکەن و پێیان وابووە کە مالیکی ئاشتەوایی وەك ئامرازێك بۆ بەرژەوەندی خۆی و لایەنەکەی بەکار دێنێ.

وتوویژ لەگەڵ ژەنەراڵ و سیاسەتکارانی بەعس ویستێکی ئەمەریکایە بۆ ئەوەی پێگەی سوپای عێراق و گۆڕەپانی سیاسی عێراقیان پێ بەهێز بکات و وەکو کارتێك بەرامبەر بە لاگیرانی ئێران و بلندبینییەکەی بەکاریان بێنێ، لە هەمان کاتیشدا ویستێکی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراقە بۆ ئەوەی پێگە جەماوەرییەکەی خۆی لەناو سوننەی عەرەب فراوانتر بکات و لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا و بەرامبەر بەهەندێ لایەنی سوننی، وەك حزبی ئیسلامی عێراقی، سوودیان لێ وەرگرێ، هەتا شارەزایەکی سیاسی ئەمەریکا پێیوایە دواسەردانەکەی هێلاری کلینتۆن بۆ بەغدا تەنیا سەردانێکی دڵنیایی نەبوو، بەڵکو سەردانێکی تەنگژەییش بوو، پێشی وایە ئەو سەردانە بەشێك بوو لەو ئەجیندا نهێنییەی کە دەیەوێ باوەڕ بە چەند سەرکردەیەکی عێراق بهێنێ بۆ ئەوەی شەراکەتی بەعسییەکان قبوڵ بکەن.

بیل فان ئوکین کە شارەزایەکی سیاسییە و لە تۆڕی وۆرلد سوشیلست کار دەکات، دەڵێ: دوا سەردانەکەی کلینتۆن بۆ عێراق، سەرەڕای دڵنیایی بەخشین کە میدیاکان تەرکیزیان لەسەرکرد، نامەیەکی فشاریش بوو بۆ نوری مالیکی بۆ ئەوەی بەشداری بەعسییەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا قبوڵ بکات.

ئوکین ئەوەش رووندەکاتەوە کە خاتوو کلینتۆن ئەم بۆچوونەی خۆی بەسەرکردە عێراقییەکان راگەیاندووە و پێیانی گوتووە، کە کەمکردنەوەی گرژی و توندووتیژی بەبێ شەراکەتی بەعسییەکان کارێکی ئەستەمە، چونکە چارەسەرنەکردنی ئەم مەسەلەیە درزە کۆمەڵایەتییەکەی هەر دەهێڵێتەوە، کە ئەمەیش ترسناکترین شتە لەسەر سەقامگیری عێراق.

هەر ئەو شیکەرە سیاسییە ئاماژە بەوە دەکات کە مالیکی بەرامبەر ئەو مەسەلەیە، هەتا ئەگەر رووکەشیش بێ، لەپارەوە پیادەی گوتارێکی سیاسی نەرمی کردووە کە ئەمەیش بووەتە جێی رەزامەندی هەندێ لایەنی مەحەلی و عەرەبی و نێودەوڵەتی، بەڵام هەر جارێ کە دێتە سەر ئەو مەسەلەیە یان بەخۆی لێی پاشگەز دەبێتەوە یانیش هاوچاوانی لە ئیئتیلافی شیعی وای لێ دەکەن کە جارێکی دیکە توندی بنوێنێ.

مالیکی و حزبەکەی یەکەم کەس و لایەن بوون کە داوای وتوویژیان لەگەڵ بەعسییەکان دەکرد، بەڵام بەهۆی دژە هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە و خۆڕزگاکردن لە فشارەکانیان گوتاری خۆیان گۆڕی و ئێستا دەڵێن ئەو داوایەیان تەنیا ئەو بەعسییانە دەگرێتەوە کە سەر بە سوریان.

لە سەرەتای پار ساڵ و لە ژێر فشاری ئەمەریکا، مالیکی بەهۆی پەرلەمانەوە توانی یاسایەك دەربکات بۆ ئەوەی ئەو کۆتانە سووك بکاتەوە کە رێگر بوون لە بەردەم گەڕانەوەی ئەو بەعسییانە، بەڵام پاش تێپەڕبوونی ١٥مانگ هێشتا ئەو یاسایەی نەخستۆتە بواری جێبەجێکردنەوە.

مالیکی ئەوکات ویستی بەو یاسایە چەند مەرامێکی خۆی و حزبەکەی بپێکێ، بەڵام کە دیتی کەس و لایەنی تر ئامادەن ئەو مەرامەی بۆ جێبەجێ بکەن، لەو هەنگاوەی خۆی خاوبووەوە و رووی خۆی کردە سەحەوات و لیستی حەدبا و تارادەیەك توانی لەو هەنگاوەی خۆی سەرکەوێ ، ئێستاش خوازیارە هەمان شێواز لە کەرکووك بەکار بێنێ، ئەویش بەسوود وەرگرتن لە لیستی گردبوونەوەی عەرەبی و هەندێ لایەنی تورکمانی و سەحەواتی ئەوێ.

هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق مالیکی بەهەموو قورساییەکی خۆیەوە پشتگیری لە لیستی حەدبا کرد و، بە هەموو هێزێکییەوە ویستی لیستی برایەتی نەینەوا لە گۆڕەپانی سیاسی مووسڵ دوور بخاتەوە، کە کار گەیشتە ئەوەی ئەو لیستە هەڵوێست وەرگرێ ئیتر بۆ خاوکردنەوەی لایەنی بەرامبەر گوتارەکەی خۆی گۆڕی، بەڵام ناکرێ پشت بەو گوتارە نوێیەی ببەسترێ، چونکە مەرامی ئەو هەر وەك ستراتیژی لێ هاتووە و گۆڕینی تاکتیکەکانیشی هەر بۆ هێنانەدی ئەو ستراتیژیەیەتی.

هۆکارێکی دیکەی ئەو خاوبوونەوەی مالیکی لە مەسەلەی ئاشتەوایی نیشتمانیدا جێگیربوونی باری ئەمنی بوو، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە پێشتر گیروگرفتێکی

زۆری ئەمنییان تێدابوو، مالیکی بەهۆی ئەو جێگیرییە لە خۆبایی ببوو، وایدەزانی ئەم بارە هەروا دەمێنێتەوە.

راستە هەمموو لایەکان کۆکن لەسەر ئەنجامدانی ئاشتەوایی، بەڵام هەر یەکە و دەیەوێ ئەو مەسەلەیە بۆ مەبەستێکی خۆی ئیستغلال بکات، بۆیە دەبینین جیاوازییەکی زۆر لە دیدی ئەو لایەنانە هەیە سەبارەت بە چۆنیەتی و لەگەڵ کێ ئەو کردەوەیە ئەنجام بدرێ، لەگەڵ ئەو بەعسیانەی کە سەر بە سوریان، یان لەگەڵ ئەو بەعسیانەی کە خۆیان بە پاشماوەی سەددام دەزانن.

تەقینەوەکانی ئەم دواییە کە زۆربەی شاروشارۆچکەکانی عێراقی گرتەوە ئەوەی سەلماند کە قسەکانی نوری مالیکی دەربارەی کۆنترۆڵی ئەمنی تەنیا هیوایەك بوو، چونکە ئەوەی روویدا و ئەوەی رووشەدەدات تەئکید لەوە دەکەنەوە کە تیرۆر لەماوەی رابردوودا لە پشوودابوو، ئێستاش بەعس و قاعیدە یەك دیدیان بەرامبەر بە عێراقی نوێ هەیە، سەیرەکە لەوەدایە کە ئێستا لە ریزی قاعیدە خەڵکانی شیعەش بەدی دەکرێن و پانتایی کارکردنیشی فراوانتر بووە لە (رۆژئاوا+ ناوەراست+باشوور).

گەراندنەوەی هەندێ لە ژەنەراڵ و سیاسەتکاران بۆ عێراق بە هیچ شێوەیەك ئەوە ناگەیەنێ کە بە گەرانەوەیان تەنگژەی سیاسی یان ئەمنی لە عێراق کۆتایی پێ دێت، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان هەندێ لەو سیاسەتکار و ژەنەراڵانە بایەخێکی ئەوتۆیان لە شەقامی عێراقدا نییە، هەتا هەندێك لەوانەی کە ناویان دێت پێشتر و لە ئاخر و ئۆخری رژێمی پێشوودا داوای دیالۆگیان لەسەددام دەکرد، سەددامیش بە هیچ شێوەیەك گوێی بۆ شل نەکردن و ئەو داوایەشیان لەگەڵ بای شەری عێراقدا رۆیشت، ئەو شەرەی کە هەمموو رێسای گەمەکەی گۆری. ئەوەی جێی سەرنجە ئەمرۆ حکومەتی مالیکی خوازیاری کردنەوەی دەرگای گفتوگۆیە لەگەڵ هەندێ لەو بەعسییانەی کە کاتی خۆی لاگیری هێڵی سوریا بوون و لە ژێر چەتری هەرێمی عێراق کاریان دەکرد. ئەو بەعسییانە نە لەکاتی سەددام و نە ئێستا خاوەن جەماوەر نەبووینە و بوونیشیان لە سوریا تەنیا وەك واجیهەیەك بووە، هێزیشیان بریتی بووە لەو هێزەی کە حکومەتی سوریا بۆیانی تەرخانکردبوو.

بۆ ئاگاداری، سەرکردایەتی هەرێمی عێراق تائێستا یەك هەڵوێستیان بەرامبەر بە عێراق نییە، لەناویاندا رەوتێکی تایفی تیرۆریستی هەیە کە لاگیری کردەی تیرۆری لە عێراق دەکات بە سەرۆکایەتی فەوزی ئەلراوی کە ئێستا زۆر لەو بەعسییانە نزیکە کە پاش رزگارکردنی عێراق چوونەتە سوریا و دەستیشیان لەگەڵ قاعیدە تێکەڵە.

گەرانەوەی بەعسییەکانی سوریا هیچ شتێك لە واقیعی عێراق ناگۆرێ، چونکە بەها راستەقینەکەیان لە سفرەوە تێپەر ناکات، بەڵام ئەو رێکخستنە بەعسییەی کە عزەت ئەلدوری سەرکردایەتی دەکات پێگەی جەماوەری خۆی هەیە و مەبەستی ئەمەریکا و هێلاری کلینتۆنیش هەر ئەو رێکخستنەیە کە دەیەوێ مالیکی دەرگای گفتوگۆیان لەگەڵدا بکاتەوە، کە ئەمەیش هەر وەکو گوتمان چەند بەربەستێکی لەبەردەمە، هەتا خودی ئەلدوری ئەو جۆرە گفتوگۆیە رەتدەکاتەوە و لەمەشدا پیادەی هەمان سیاسەتی پێشووی بەعس دەکات کە دەڵێ: ئاژاوە بنێ تا حیسابت بۆ بکەن.

هەتا ئەلدوری لە بەیاننامەیەکدا زۆر بە توندی وەڵامی مالیکی دابووەوە، کە ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە مەسەلەی ئاشتەوایی لەگەڵ ئەو رێکخستنە مەحاڵە، چونکە بەعسی عێراق بە فۆتۆکۆپییە سەدامییەکەی، نەگۆراوە و رووداوەکانیشی نەیانگۆریوە، تائێستا هەمان دروشمە کۆنەکان بەرز دەکاتەوە و ستایشی سەدام دەکات، ئەو سەددامەی کە نەك هەر کارەسات بوو بۆ عێراقییەکان، بەڵکو بۆخودی بەعسییەکانیش.

هەرچەند لێرەولەوێ گوێمان لەوە دەبێتەوە کە گوایە ئەو باڵەی حزبی بەعس خەریکە رێرەوی خۆی هەڵدەسەنگێنێتەوە لە چوارچێوەی ئەو سەرکردایەتییە کاتیەی کە ئەلدوری سەرۆکایەتی دەکات، بەڵام واقیعی رووداوەکان ئەمە ناسەلمێنن.

بەعسی عێراق هەمان بەعسی جارانی عێراقە و هیچ گۆرانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و زۆربەی کەسانیشی چالاکن و خاوەن چەند شانەیەکی نهێنین، نەك هەر لەناو کۆمەڵدا، بەڵکو لەناو رەوتە ئاینیەکانیشی، تائێستا بەشێوەیەکی کاریگەر چالاك بووە لەهەردوو بواری سیاسی و عەسکەری، بەرزبوونەوەی ئاستی توندووتیژی و تیرۆر نیشانەی ئەو چالاکیەن.

بەعسییەکان باش ئەوە دەزانن کە مەحاڵە جارێکی دیکە بگەرێنەوە سەر حوکم یان بە شێوەیەکی تاکرەوانە حوکمی عێراق بکەن، بەڵام بە بەردەوامی گرەو لەسەر پێشهاتە ناوخۆییەکان دەکەن، تائێستا رێباز و شێواز و سێبەریان لە واقیعی عێراقدا ماون، ئەوانە توانایەکی فراوانیان هەیە بۆ جوڵانەوە، هەتا لە دروستکردنی موفاجەئاتیش، بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان درێژە و خاوەن شارەزاییەکی زۆرن لە کاری نهێنی و توانای ماددیشیان زۆرە، کە ئەمانە گشتیان وایان لێ دەکات کە ژمارەیەکی قورس و کاریگەر بن و بتوانن هەر کاتێ بیانەوێت دەسەڵات هەرەسان بکەن.

ئەمەریکییەکان دەیانەوێ ئەو لایەنە داخیلی پرۆسەی سیاسی بکەن، بۆ ئەوەی لەو هەمموو گێروگرفتانە رزگاریان بێ کە تووشیان بووە، ئۆباما بە بۆنەی تێپەربوونی سەد رۆژ لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی و لە وتارێکیدا نیگەرانی خۆی بەرامبەر زیادبوونی توندوتیژی لە عێراق دەربری و هەمدیسان تەئکیدی لەسەر ئاشتەوایی کردەوە.

ئەمەریکا لە جیاتی ئەوەی داوا لە مالیکی بکات گفتوگۆ لەگەڵ بەعسییەکان بکات، پێویست بوو داوای گفتوگۆی لێ بکات لەگەڵ شەریکەکانی خۆی لە پرۆسەی سیاسیدا، بەپێی ئەو قسە سیاسییەی کە دەڵێ: رەوشی ئەمنی پەیوەستە بە رەوشی سیاسییەوە.

نەهێشتنی ناکۆکی لە نێوان هێزە سیاسییەکانی بەشداربوونی پرۆسەی سیاسی عێراق یەکێکە لە ئاڵۆزترین فایلەکانی بونیادنانی ناوخۆ، گرژیی لەگشت بەرەکاندا هەیە، کورد و مالیکی و سوننە و شیعە و سوننە و سوننە و شیعە و شیعە، بۆیە بە مانەوەی ئەو هەمموو گرژییە هاوینی عێراق هەروەك پایزەکەی دەبێت.

چارەسەرەکە بەدەست مالیکی داوە و هەر ئەو دەتوانێ کێشەکانی خۆی لەگەڵ کورد و لایەنەکانی دیکەی شیعە و هەروا هەندێ لایەنی سوننی چارەسەر بکات، نەك پەنا بردنە بەر ئەم و ئەو، چونکە بەعس بە هەمموو سیفەت و شێوەکانی بارێکە لە تێکدان و هیچ جیاوازییەکیشی لە نێوان راست و چەپەکەیدا نییە.

**مالیکی و حزبەکەی یەکەم کەس و لایەن بوون کە داوای وتوویژیان لەگەڵ بەعسییەکان دەکرد، بەڵام بەهۆی دژە هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە و خۆرزگاکردن لە فشارەکانیان گوتاری خۆیان گۆری**

**گەرانەوەی بەعسییەکانی سوریا هیچ شتێک لە واقیعی عێراق ناگۆرێ، چونکە بەها راستەقینەکەیان لە سفرەوە تێپەر ناکات، بەڵام ئەو رێکخستنە بەعسییەی کە عزەت ئەلدوری سەرکردایەتی دەکات پێگەی جەماوەری خۆی هەیە**

# ئاشتی. ئازادی. دیموکراتی

# بنەمای ماف و ئازادییەکانی تاک و زەمینەی لەبار بۆ بونیادی دیموکراسی

(سەرکردە سیاسییەکانی رۆژهەڵات کە دەچنە رۆژئاوا تەنها فێری ئەوە بوون چۆن وەک سەدەکانی ناوەڕاست خەڵک زەلیل و بێ ئیرادە بکەن، نەک خۆیان فێری ئەوە بکەن چۆن لە زەلیلی و بێ ئیرادەیی رزگاریان بکەن)

**هیشام شەرابی**



ئەو دوو دێڕەی سەرەوە قسەیەکی بیرمەندی فەلەستینی هیشام شەرابی یە، ئاماژەکردن بۆ ئەم قسەیە، بۆ ئەوە نییە تانە لەکەس بدەین، نە بۆ ئەوەشە بە شان و باڵی کەسدا هەڵبڵێین، بەڵکو پێڕەوکردنی ئەومیتۆدی کارڵ پۆپەرە کە لەکتێبی (گەڕان بەدوای جیهانێکی باشتردا) بۆ نووسینی راپۆرت ئاماژەی پێکردووە و بۆ ئەوەی راپۆرتەکە مانایەکی باشی هەبێت، دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە: (ئایا چۆن ئەمەت زانی؟ ئایا سەرچاوەی مەعریفی ئەم راپۆرتە چییە؟ ئەو تێبینیانە چین کە بنەمای ئەم راپۆرتە پێکدەهێنن؟)

کەواتە بۆ ئەوەی بە خوێنەرانی خۆمان بڵێین چۆن ئەمە دەزانین و چۆن ئەمە دەخەینە بەردەستی خوێنەرانی گوڵان؟، راستگۆیانە پێیان دەڵێین، بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی ئەو کەسە شارەزاو پسپۆرانە بخەینەروو کە مەبەستیان بووە وەك ئێمە فێری ئەوە بن چۆن مرۆڤ لە زەلیلی و بێ ئیرادەیی رزگاری دەبێت، نەك مرۆڤ چۆن زەلیل و بێ ئیرادە بکرێت، ئێمە بڕوامان بەوە هەیە هیچ سەرچاوەیەکی مەعریفی نییە مرۆڤ رووبەڕووی هەڵە نەکاتەوە، هەربۆیە بێجگە لەو مرۆڤانەی خوا وەك نێردراوی خۆی بۆ مرۆڤایەتی ناردوونی (پێغەمبەران، د.خ)، ئەوانی دیکە هەمووی مرۆڤی ئاسایین و دەکەونە هەڵەوە، کەواتە ئەو تێبینیانەی دەبنە بنەما بۆ ئەم راپۆرتە، ئەوەیە راشکاوانە بە خوێنەرانی خۆمان بڵێین ئەم راپۆرتە سەرچاوەی هەموو راستیەك نییە، واتا راستی رەها لای ئێمە بەتەنها نییە، بۆیە ئەم راپۆرتە هەوڵێکە تا ئەو پرسیارە لە خۆی و خوێنەرانی بکات، ئەگەر هیچ مەعریفەیەك نەبێت بەرەو هەڵەمان نەبات و هیچ مرۆڤێك نەبێت سەرچاوەی راستیەکان بێت، ئایا رێگەیەك هەیە پەنای بۆ بەرین بۆ ئەوەی هەڵەکانمانی پێ ئاشکرابکەین و راستی بکەینەوە؟کەواتە ئەم راپۆرتە خۆی لە خوێنەرانی جیاناکاتەوەو، پروپاگەندەی ئەوەش ناکات مافی ئەوەی هەیە رەخنە بگرێت و کەس مافی نیە رەخنەی لێ بگرێت، نەخێر ئەم راپۆرتە فێرمان دەکات، ئەگەر خۆمان رەخنە لە خۆمان نەگرین، خەڵکانێکی دیکە بە نەشارەزایی بەو ئەرکە هەڵدەستن، کە لەبنەڕەتدا ئەرکی ئێمەیە ئەو کارە بکەین و رەخنە لە خۆمان بگرین و سوودیش لە ئەزموونی پێشووترمان وەربگرین، هەر ئەو رێگایەشە بەرەو ئایندەیەکی رووناك و گەشەدارمان دەبات.

لێرەوە ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا راپۆرتی راستگۆ بریتیە لە هەڵوێستی ئەقلانی بەرامبەر رەخنە؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، لەبەر ئەوەی میتۆدی ئەم راپۆرتە بەو ئاراستەیە نییە هەڵوێستی خۆی وەك هەڵوێستێکی ئەقلانی بەرامبەر بە رەخنە نیشان بدات، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەبێت هەموومان رەخنە لە خۆمان بگرین، یا هەر هیچ نەبێ لانی کەم رەخنەمان پێ قەبووڵ بکرێ.، بۆیە پێناسەی ئەم راپۆرتە دەبێتە، (هەڵوێستی تۆژینەوەی رەخنەیی بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانمان).

ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە کە دەبوو ئاماژەی پێبکەین، بۆ ئەوەی خوێنەرانمان لەو راستیە نەکەونە گومانەوە، کە گوڵان دەسپێکی راپۆرتەکانی هەر جارەی بە گوتەیەك دەست پێدەکات، مەبەستی ئەوەیە ئەو گوتانە وەك هەقیقەتێك پیشانی خوێنەری خۆی بدات، یان تەسلیمی ئەو هەقیقەتە بێت و، پێیان بڵێین ئەمە سەرچاوەی هەموو هەقیقەتێکە، نەخێر، مەبەستی ئێمە ئەوەیە بە خوێنەرانمان بڵێین، ئەم گوتەیەش بەرەنجامی ئەو راستگۆییەیە کە مرۆڤەکانی پێش ئێمە هەوڵیان بۆداوە بەدوای نەزانینی خۆیان بکەون وهەوڵیانداوە تۆژینەوەی رەخنەیی بکەن بۆ ئەوەی کەموکورتی وهەڵەکانی خۆیان بدۆزنەوە، مەبەست لە بەدوای نەزانینی خۆیان بکەون ئەوەیە بە دوای هەموو ئەو شتانەدا بچن کە هێشتا نەیانزانیوە، بە واتایەکی تر بەدوای مەعریفەدا بگەڕێن، تا بتوانن چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەڵەو کەموکووڕییەکانی خۆیانی پێ چارەسەر بکەن، ئەمەش واتە ئەم میتۆدەی گوڵان کە لە راپۆرت نووسین پیادەی دەکات، بێجگە لە هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان و هەندێکجارش دۆزینەوەی رێگەچارە شتێکی دیکە نییە، هەربۆیە کاتێك(شەرابی) وەك تۆژەرێکی رەخنەیی دەگاتە ئەو قەناعەتەی (سەرکردە عەرەبەکان کە دەچنە رۆژئاوا فێری ئەوە دەبن چۆن خەڵك زەلیل بکەن) واتە نەزانی سەرکردە عەرەبەکان ئەوەیە کە نازانن چۆن میللەتی خۆیان وەك رۆژە تاریکەکانی سەدەکانی ناوەراست کە خەڵکی تیا زەلیل دەکرا، زەلیل و بێ ئیرادە بکەن .ئێمەش وەکوو کورد خەڵکی وامان کەم نەبووە کە چۆتە دەرەوە و دوای چەندین ساڵ لەناو قوڵایی مەعریفەو پێشکەوتنی رۆژئاوادا رێك گەڕاوەتەوە کوردستان، بەڵام چ گەڕانەوەیەك لە جیاتی ئەوەی عەقڵێکی تازەمان بۆ بهێنێتەوە و مەشخەڵێك بێت بۆ رۆشنکردنەوەی رێگا تاریکەکانمان، کەچی لەجیاتی هەموو پسپۆریی و مەعریفەیەك، بۆتە ئەندازیاری شەڕی براکوژی و وانەی نەهامەتی بۆکورد هێناوەتەوە.بەڵام جیاوازییەکەی ئێمە لەگەڵ عەرەب ئەوەیە ئێمە چەند کەسی بەتوانای وەکوو هیشام شەرابیمان هەیە، تا شیکردنەوەیەکی وردی ئەو جۆرە کەسانەمان بۆ بکات.بێگومان دەستکورتی و هەژاری ئێمە لێرەوەیە کە خۆی نیشاندەدات.

## شەڕ لە پێناوی دابینکردنی ئاشتی نەک شەر بۆ نەهێشتنی ئاشتی

بە درێژایی شۆڕشەکانی کوردستان، هیچ هەوڵێکی سەرکردایەتی شۆرش، چ بەدەستدانە چەك بۆ بە دەستهێنانی ئاشتی، چ بە رووکردنە مێزەکانی دانوستاندن بۆ وتوێژکردن بۆ گەیشتن بە چارەسەری ئاشتی، هیچ هاودژیەك یان کاردانەوەیەکی خراپ یان توندوتیژی لە نێوان گەلی کوردستان و گەلی عێراق و سەرکردایەتی کوردستان و دەوڵەتی عێراق دروست نەکردووە.بەڵام لەبەرامبەردا، گەلی عەرەب کە لە عێراق لە گەڵماندا دەژی، هەروەها گەلانی دیکەی عەرەبیش بەگشتی و گەلی فەلەستین بە تایبەتی، کە نزیکن لێمان ودراوسێمانن، هەروەها هاووڵاتیانی ئیسرائیلیش، دەبینین لەبەرامبەر هەر هەنگاوێکی ئاشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین وئیسرائیل، یان کێشەی عەرەب ئیسرائیل، حوکمێکی خۆڕسك لە شەقامی سیاسیی هەردوولاوە بۆ کوشتنی ئەو کەسە دەردەچێت کە ئیمزای رێککەوتنەکە دەکات، هەر بۆنموونە کاتێك (خالید ئیسلامبولی) لە مانۆرێکی سەربازیدا ساداتی کوشت، ئەوە تەنها ئیسلامبولی نەبوو لەو گۆڕەپانە تەقەی کردوو ساداتی کوشت، بەڵکو ئەوە هەموو گەلی عەرەب و بەشێك لە گەلانی ئیسلامی بوو، ئەو بڕیارە خۆرسکەی دەرکردبوو.، ئەوە کۆمکاری عەرەبی بوو پێش ئەوەی (ئیسلامبولی) یەکەم فیشەك بتەقێنێت، بارەگای کۆمکاری عەرەبی

**کاتێک (خالید ئیسلامبولی) لە مانۆرێکی سەربازیدا ساداتی کوشت، ئەوە تەنها ئیسلامبولی نەبوو لەو گۆڕەپانە تەقەی کردوو ساداتی کوشت، بەڵکو ئەوە هەموو گەلی عەرەب و بەشێک لە گەلانی ئیسلامی بوو، ئەو بڕیارە خۆرسکەی دەرکردبوو**

لە قاهیرە گواستبۆوە. ئەو جوولەکەیەی ئیسحاق رابینی کوشت، ئەوە تەنها بڕیاری خۆی نەبوو، بەڵکو بریاری هەموو ئەو زایۆنزمانە بوو کە وا بیردەکەنەوە نابێت وجودی فەلەستینی لە ناو ئیسرائیلدا هەبێت، هەربۆیە هەر کەسێك بیەوێت لە فەلەستیندا دەسەڵاتی هەبێت دەبێت پێش هەموو شت، دروشمی دژی ئاشتی بەرز بکاتەوە، دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین و فەتح بۆیە لە هەڵبژاردندا لەبەرامبەر حەماس دۆڕاندیان لەبەر ئەوە بوو، بروایان بە ئاشتی و چارەسەری ئاشتیانەی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ هەبوو، بەڵام دروشمەکانی حەماس هەمان دروشمی شەستەکانی کۆمکاری عەرەبی بوو کە پێش نسکۆی ١٩٦٧ بە ٣ نەخێر دیاریان کردبوو(نەخێر بۆ رێککەوتن، نەخێر بۆ دانان بە ئیسرائیل، نەخێر بۆ ئاشتی)، لەبەرامبەردا جوولەکەش هەمان هەڵوێستی هەیە. کەواتە هیچ حزبێك یان لایەنێکی فەلەستینی (لە درێژەی ئەم راپۆرتە لەسەر دروشمی هەندێك لە شۆڕشەکانی جیهان و بەراوردکردنیان بە دروشمی شۆڕشی کوردستان رادەوەستین) ناتوانێت دروشمی ئاشتی بەرز بکاتەوە وئەگەر ئەم دروشمەی بەرزکردەوە بڕیاری کۆتایی خۆی دەدات، هیچ سەرکردەیەکی عەرەبی ناتوانێت شانازی بە رێککەوتنی ئاشتی وپێکەوە ژیان لەگەڵ ئیسرائیل بکات، ئەگەر ئاشتیشی بەکردەیی لەگەڵ ئیسرائیل کردبێت، لە گوتارەکانیدا دەیشارێتەوە، وەك گوتارەکانی (حوسنی موبارەك، شا محەمەدی شەشەم، شا عەبدوڵڵای دووەمی ئەردەن، حەمەد بن خەلیفەی ئەمیری قەتەر و......هتد) کە تیایدا ئەم ئاشتیە دەشارنەوە، هەروەها تێکڕای میدیای عەرەبی، بە کەناڵی ئەلجەزیرەشەوە خۆیان لەو راستیە دەشارنەوە کە راشکاوانە هۆکاری چارەسەر نەکردنی ئەم کێشەیە بۆ بروانەبوون بە ئاشتی بخەنە روو.، هەموو رووماڵکردن و گواستنەوەی راستەوخۆی کەناڵی ئەلجەزیرەمان لە شەڕی حەماس وئیسرائیل بینی، کە چۆن ئەلجەزیرە حەماس وگەلی فەلەستینی تێکەڵکردبوو، ئەمەش واتە چۆن پیشانیدەدا گەلی عەرەب و فەلەستین پشتگیری حەماسن لەبەر ئەوەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل ناکات وئیعتراف بە ئیسرائیل ناکات، هەمووشمان هەڵوێستی جوولەکە و ئیدارەی ئەمریکیش وەك لایەنگیری بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلمان بینی چۆن لەو شەڕەدا بێدەنگی هەڵبژارد. کەواتە کاتێك باسی پرۆسەی ئاشتی عەرەب ئیسرائیل، یان فەلەستین ئیسرائیل دەکرێت، هەردوو لا ئاشتی بە تەسلیمبوون بۆ لایەکەی دیکە دەزانێت، بەڵام ئەم حاڵەتە لە شۆڕشی کوردستاندا پێچەوانە بووە، لە کوردستاندا ئەو حزب ولایەنانە باڵادەست بوون، کە بڕوایان بە ئاشتی وپێکەوە ژیان هەبووە، سەرچاوەی ئەم بڕوابوونەش بە ئاشتی وەك بنەمایەك بۆ بەدەستهێنانی هەموو مافەکان و پاراستنی ئازادیەکان وهەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی دیموکراسی، لەو بنەمایەوە سەرچاوە دەگرێت، کەپێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بارزانی نەمر بۆ شۆڕشی کوردستانی داڕشتبوو.، بارزانی نەمر لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٣-١٩٤٥ لە ناوچەی بارزان و بەناوی شۆرشی بارزانی دووەم.، جیاواز لە هەموو شۆرشەکانی دیکەی کوردستان بنەمای خەباتی سەرتاسەری کوردستانی لەسەر دوو بنەمای بەهێز داڕشت کە ئەویش بریتی بوون لە:

١- لەو کاتەی کە هێشتا شەڕی دووەمی جیهانی تەواو نەبوو بوو، شەڕی نێوان گەلان لەوپەڕی گەرمیدا بوو، گەلی رووسیا تەنها لەبەر ئەوە ئەڵمانیەکانی دەکوشت چونکە ئەڵمانی بوون، کە هەموو بەرلینیش ببووە ئامانجێکی سەربازی لەبەر ئەوە بوو ئەوەی لەبەرلین دەژیا بە ئەڵمانی حساب دەکرا. گەلی ئەڵمان تەنها لەبەر ئەوەی گەلی فەرەنسی بە فەرەنسی قسەیان دەکرد، هەموو پاریسی کردبووە ئامانجی سەربازی، ئەمریکاش کە دوو بۆمبی ئەتۆمی بە هەردوو شاری هیرۆشیما وناکازاکی دا کێشا، بیانووەکەی ئەوە نەبوو.، کە ئەو فرۆکەوانانەی هێرشیان کردە سەر پیرل هابور، خەڵکی هیرۆشیماو ناکازاکی بوون، بەڵکو هەموو گەلی ژاپۆنی بەو فرۆکەوانانە دەزانی کە هێرشیان کردۆتە سەر پیرل هابور، لەم ساتە وەختە مێژووییە ئاڵۆزەدا، کە جیهان بە هیچ لایەکدا ساخ نەبووەوە، بارزانی چەمکێکی تازەی خەباتی داهێنا ئەویش بریتی بوو لە پێکەوە ژیانی هەردوو گەلی کورد وعەرەب، واتە دانان بە ناسنامەی یەکتری لە نێو گەلاندا دروست بێت، لەبری شەڕکردن بۆ سرینەوەی ناسنامەی یەکتری، ئەم چەمکە تازەیە هەموو شتێکی گۆڕی، هەر وەك چۆن بە رۆیشتنی قوستەنتین لە رۆماوە بەرەو قوستەنتینە، هەموو شتێك گۆڕدرا، بە گەڕانەوەی بارزانیش لە سلێمانیەوە بۆ ناوچەی بارزان هەموو شتێك گۆڕا، کە گرنگترینیان، گۆرینی چەمکی دژایەتی گەلان بوو بۆ پێکەوە ژیانی گەلان، ئەگەر ئەم بڕیارەی بارزانی نەمر دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهان ودامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بوایە، ئەوا لەبری ئەوەی ببوایە بە وەڵامدانەوەی بارزانی بۆ ئەو رێگەچارەیەی کە کێشەی کورد پێویستی پێیەتی، دەبووە وەڵامدانەوەی ئەو دروشمانەی کە هەموو مرۆڤایەتی لە دوای شەڕ پێی گەیشتن و لەسەر کەلاوەی جیهانێکی وێران، بە ناچاری بڕیاریان لەسەردا، هەربۆیە، ئەو بڕیارانەش لەبری ئەوەی ئاشتی بەدوای خۆیدا بهێنێت دەبینین شەرێکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، وەك شەڕی کۆریا، شەڕی ڤێتنام، شەڕی کەنداوی بەرزان لەدەریای کاریبی، هێرشە سێ قۆڵیەکەی فەڕەنسا وبەریتانیا وئیسرائیل بۆ سەر میسر، هەڕەشەکانی مۆسکۆ بە سڕینەوەی پاریس ولەندەن، کێبرکێی چەك وهتد.

٢- بارزانی لە ساڵانی ١٩٤٣- ١٩٤٥ چەمکی چارەسەری ئاشتیانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا، کردە یەکێك لە هۆکارەکانی خەبات بۆ گەیشتن نەك تەنها بە مافەکانی کورد لە عێراقدا، بەڵکو بۆ چەسپاندنی سەقامگیری وئاشتی لەسەرانسەری عێراقدا، هەربۆیە لە ساڵی ١٩٤٤ یەکەم وتوێژی ئاشتیانەی لە نێوان شۆڕشی کوردستان و دەوڵەتی پادشایی عێراق دەستی پێکرد، ئەم دەستپێکە پێمان دەڵێت، بارزانی نەمر دژی هیچ رژێمێکی عێراق نەبووە ئەگەر هەنگاوی ئاشتیانەی بۆ کێشەی کورد هەڵگرتبێت، لە هەمانکاتدا دژی هەموو ئەو رژێمانەش بووە، کە ئاشتیان رەتکردۆتەوە.

ئەم دووبنەما سەرەکیە، بوونە بنەما سەرەکیەکانی دروست بوونی پارتەکان لە سەرئاستی کوردستان و شۆرشەکان بە ناسنامەی کوردستانیەوە، پێش ئەم هەنگاوە ئامانجی هیچ حزبێك سەرتاسەری کوردستانی نەبووە، ئامانجی هیچ شۆڕشێکیش سەرتاسەری کوردستانی

**ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەقامگیری بەرهەمی ئاشتی وبروابوونە بە ئاشتی وپێکەوە ژیان**

نەبووە، ئەم دوو بنەمایە، ڕێگەی لەوە گرت شۆڕشی کوردستان، نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیەتێکی دیاریکراو بکات، بۆیە بنەمای هەڵسەنگاندنی شۆڕشی کوردستان بۆ هەموو حزبە ئایدۆلۆژیەکانی کوردستان وعێراق، چەند خاڵێك بووە، کە بریتین لەو دوو خاڵە سەرەکیە، پێکەوە ژیانی گەلان و چارەسەری ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەردووکیشیان لە پێناوی دابینکردن وچەسپاندنی ئاشتی، کە دەبێتە بنەما بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ پێناسەکردنەوەی ئازادیەکان و ڕێکخستنی ئازادیەکان لە چوارچێوەی یاسا و یەکسانی هەموان لەبەردەمی یاسا ودامەزراندنی دامەزراوەی سیاسی ویاسایی بۆ هەڵسوڕاندنی ژیانی کۆمەڵگە و یەکسانی لە نێو کۆمەڵگە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن وسندوقەکانی دەنگدان.

هەربۆیە ئەوانەی بەدرێژای شۆڕشی کوردستان، لە ناو هەردوو گەلی عەرەب و کورد لە عێراقدا هەڵوێستیان دژ بوویێت، بەرامبەر بە هەڵگیرساندنی شۆڕش وخەباتی چەکداری لە پێناوی بەدیهێنانی ئاشتی، یان ئەوانەی دژبوون، بەرامبەر دانوستاندن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لە کوردستان وعێراق، دەبینین مێژوو ڕەحمی بە هیچ لایەکیان نەکردووە، لەسەرووی هەموویانەوە سەدام حوسێن کە هۆکارێك بوو بۆ هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ئاشتی لە ئاداری ١٩٧٠-١٩٧٤، هەروەها هەموو ئەوانەی هاوبیری سەدام حوسێن بوون، ئێستا دەبینین چیان بەسەر خۆیان هێناو چیشیان بەسەر عێراق و کوردستانیش هێنا.

## کورد پێویستی بەوەنیە ئاکامی شەڕ ببینێت
## دەبێت هەوڵبدات بەرهەمی ئاشتی بچنێتەوە

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد تەنها نەتەوەیە، پێش هەموو نەتەوەکانی دیکە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە شەڕ هیچ ئاکامێکی نییە، بۆیە ئاکامی شەڕەکان بێجگە لە ماڵکاولکردن ونەهامەتی زیاتر بەسەر نەتەوەی خۆت و نەتەوەی بەرامبەر هیچی دیکەی لێ بەرهەم نایەت، داهێنەری ئەم چەمکە لە شۆڕشی کوردستاندا، لە ئاسمانەوە ئیلهامی بۆ نەهاتووە، ئەم ڕێگەیە پیشانی میللەتەکەی بدات، بەڵکو ئەزموونی ٢٥ ساڵی شەڕی، وەك فەرماندەیەکی سەربازی لە ساڵی ١٩١٩-١٩٤٤فێری ئەوەی کرد، تفەنگ تەنها یەك کاری هەیە وبەس ئەویش پاراستن و بەرگریکرنە لە عەدالەت و ئاشتی، چونکە کاتێك کە زمانی ئاشتی نامێنێ ئینجا زمانی تفەنگ دێتە گۆ، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە زمانی ئاشتی بێتەوە گۆ، ئەم لۆژیکە ئاقلانەی ڕێبەری شۆڕشی کوردستان، بووە هەوێنی نەك هەر بەرنامەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان، بەڵکو بووە ئیلهامی ئەدەبی شۆڕشگێری قۆناخی بەرخوردان ومقاوەمەت، هەروەك پەشێوی شاعیر بە کۆپلەیەك شیعر دەربیریوە(خوا دەزانێت باڵای تفەنگم خۆش ناوێت، بەڵام چی بکەم کۆتری ئاشتی بە دەنگی ئەو نەبێت لە شەقەی باڵ نادات نافرێت) ئەمە پێمان دەڵێت ئاشتی لە ناو ناخی هەر تاکێکی کورد دا، بۆتە ئەو هەڵوێستە ڕەخنەیەی هەڵەکانی چارەسەری سەربازی و شەڕ پیشانی ئەوانە دەدات، کە بڕوایان بە ئاشتی نییە، ئەم شیعرە ئەگەر شاعیرێکی فەلەستینی بیڵێت، نابێتە قسەی سەرزاری منداڵان، بەڵام کاتێك شاعیرێکی کورد ئەم کۆپلەیە دەهۆنێتەوە، منداڵانی کورد بێ ئەوەی هەستیپێبکات یەکسەر بە ڕەنگدانەوەی ناخی خۆی دەزانێت، کەواتە ئەم ڕاستیانە فێرمان دەکەن، میللەتی ئێمە پێویستی بەوە نییە، باسی ئەوەی بۆ بکەین کاتێك ئاشی دەکەوێتە مەترسیەوە ڕووبەڕووی چ کارەساتێك دەبینەوە، بەڵکو هەموو پێویستمان بەوەیە ئەو ساتانەی ئاشتی بەر قەرار دەبێت، کات بە فیڕۆ نەدەین بۆ ئەوەی ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی ئەو کارەساتانە بگرین کە لە نەمانی ئاشتی سەرهەڵدەدەن، کەواتە لێرەوەیە هەموو بیرمەندانی جیهان، ئاشتی دەخەنە پێش هەموو شتێکی دیکە، ئاشتی ئەو ژینگەیەیە کە جوانی ئازادیەکانی تیادەردەکەوێت، ئاشتی ئەو ژینگە ڕووناکەیە، سانسۆری ئازادیەکانی تیا ناشارێتەوە، بۆیە بڕوابوونی کورد وکوردستانیەکان بە گرنگپێدانی ئاشتی بۆ دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری، بۆ بینینی جوانی ئازادی و ئازادیەکانی تاك وسەروەری یاسایە، بۆ یەکسان بوونی هەموانە لەبەردەمی یاسا، ئەوە ئاشتیە، ڕێگە نادات، کولتووری لویسی چوارده(من دەوڵەتم و دەوڵەت منم) لە کوردستان بگۆڕێت(من گەلم و گەل منم) ئایا ئەمە هاودژی و کاردانەوە لە نێوان ئاشتی وئازادی ودیموکراتی دروست ناکات؟. ئەو قسەیەی لویس کە دەڵێت (من دەوڵەتم ودەوڵەت منم) ئەو قسەیەی سەدام دەیگووت (کە سەدام قسەی کرد گەلی عێراق قسەی کردووە) ئەمانە هەمووی سەرەتای تێکدانی ئاشتی و تێکدانی وڵات و سەرەتای خۆ ئامادەکرنن بۆ شەڕی ئاشتی و ئازادی ودیموکراتی. هەر بۆیە گرنگترین ئەرکی ئەم قۆناخە هۆشیارکردنەوەی گەلە بۆ پاراستنی ئاشتی، گرنگترین هۆشیاریش جیاکردنەوەی ئاشتی یە لە سەپاندنی سەقامگیری، سەدام حوسێن سوپایەکی یەك ملیۆنی دروستکردبوو بۆ ئەوەی سەقامگیری پێ دروست بکات و تورکیا هەتا ئێستا یەك ملیۆن سەربازی بێکاری ڕاگرتووە بۆ ئەوەی سەقامگیری لە ناوچەکوردیەکانی تورکیا پێ دابین بکات، بەڵام زەمانی سەدام حوسێنمان بینی، چۆن ئاشتی بە سوپا بە دینەهات وئێستاش دەبینین، یەك ملیۆن کەس لە تورکیا و بە سەدان ملیار دۆلاری خاوەتە بەردەست بۆ ئەوەی سەقامگیریەك دروست بکات و بە جیهان وئەوروپای بە ئاشتی بفرۆشێتەوە، بەڵام هەموو دەزانین، ئەم سوپا مۆڵدراوە لەبەردەمی هەموو ماڵێکدا مەتەرێزێکی دروستکردووە و باری نائاسایی ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەگەر تورکیا بیەوێت ئاشتی دروست بکات، یەك ملیۆن بێکار وجێگری دەبێتە یەك ملیۆن کارگەر و بەرهەمهێن، بۆیە پێویستە هەموومان لەو ڕاستیە تێبگەین و ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەو ڕاستیەیە، دەبێت لەگەڵ مێژووی نەتەوەی خۆمان ڕاستگۆ بین، خەڵکی پێ هەڵنەخەلەتێنین.هەوڵدەدین ئاشتیان لێ بگۆڕین بە سەقامگیری، ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەقامگیری بەرهەمی ئاشتی وبڕوابوونە بە ئاشتی وپێکەوە ژیان، کێ دەتوانێت ڕێگە لە ئازادی و مافی نەتەوەیەك بگرێت، زامنی ئەوە بکات سەقامگیری وڵاتەکەی ناشێوێت، تەنها مەترسی لەسەر شێواندنی ئەم ئاشتیەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە، ئەو کەسە بێگانە و تیرۆریستانەن کە چاویان بە ئاشتی وئارامی کوردستان هەڵنایەت ودەیانەوێت پێمان بڵێن دەنگ بۆ ئەو کەسە بدەن کە خۆی لەسەروو هەموو گەلەوە دەبینێت و

**تورکیا بیەوێت ئاشتی دروست بکات، یەک ملیۆن بێکار وجێگری دەبێتە یەک ملیۆن کارگەر و بەرهەمهێن**

بەلەبەرکردنی کراسی گەل گەلی خۆی چەواشە دەکات، مەترسی لەسەر ئاشتی، ئەو توتیانەن کە سەرچاوەی مەعریفیمان وەك سەرچاوەیەك پیشان دەدەن، خۆمان تەسلیمی نائومێدی بکەین و پەنا بۆ ئیرادەی دیکتاتۆرێك بەرین، پرسیار ئەوەیە ئایا جیاوازی نێوان دوژمن ودیکتاتۆر چیە؟ ئەو توتیانەی بە ناوی رۆشنبیریەوە دەیانەوێت، میللەتی خۆیان بگێڕنەوە بۆ سەردەمی پێش هۆشیاری و پێش هۆشیاربوونەوەو هەستکردن بە مافەکانی ئازادی، ئەگەر مەبەستیان ئەوە نییە، ئایا هیچ رۆشنبیرێك زاتی ئەوە دەکات بەو ئاستە بێ ویژدانی خۆی بخاتە روو و ئاشتی بە ئاسایش پیشانی گەلی خۆی بدات، بنووسێت، ئازادی بە نرخی ئاسایش، ئایا لە کوردستان ئاسایش وپێشمەرگە پاسەوانی ئاشتی و سەقامگیری نین، ئاخر هیچ هێزێك ناتوانێت سەقامگیری بپارێزێت ئەگەر دامەزراوە سیاسیی و حکومیەکانی ئەو وڵاتە بڕوای بە ئاشتی نەبێت.

**مەترسی لەسەر ئاشتی، ئەو توتیانەن کە سەرچاوەی مەعریفیمان وەک سەرچاوەیەک پیشان دەدەن، خۆمان تەسلیمی نائومێدی بکەین**



## راستگۆیی وەک بنەمایەک بۆ رەخنەی بونیادنەر و بنەما بۆ رەفتاری ئاقلانە

هەموو ئەوانەی ئاشتی بە ئاسایش یان لە باشترین حاڵەتدا بە سەقامگیری پێناسە دەکەن، هەم خۆیان رووبەرووی تێکەڵاویەك دەکەن کە لە ئەقڵانیەت دوور دەکەونەوە، هەمیشە ئەو میتۆدە نائەقڵانیەی کاری پێدەکەن، لە راستی دووردەکەوێتەوە، کەواتە دوور کەوتنەوە لە ئەقڵانیەت سەرەتا نیشانەی بێ ئیرادەییە بەرامبەر بە ئەقڵانیەت، دەشزانین نائەقڵانیەت میللەت لێی دوور دەکەوێتەوە، بۆیە هەنگاوی یەکەمیان گێڕانەوەی میللەتە بۆ قۆناخی پێش هۆشیاربوونەوە یان قۆناخی ناهۆشیاری میللەت، کەواتە ئەم حاڵەتی نائەقڵانییە لەبری ئەوەی رەفتاری نیشتمانی بەرهەمبهێنێت، رەفتاری نانیشتمانی بەرهەمدەهێنێت، ئەو بەرهەمە نائەقڵانیە بەرهەمدەهێنێت، کە دوژمنان پاکانەی بەرامبەر ئەو رەفتارە نامرۆڤانانەی پێدەکەن کەدژی میللەتی کورد پیادەی دەکەن، لێرەدا چەند نموونەیەك باس دەکەین:

١- ئەگەر ئێستا لە ژەنەڕاڵێکی تورکی بپرسیت، هۆکاری ئەم هەموو هێزە سەربازیە و ئەموو هەموو دەسەڵاتە بە سەرباز وپۆلیس لەم ناوچە کوردیانە چییە؟ بۆچی لە ئەستەنبۆڵ و دیار بەکر ئەم دیاردەیە نییە؟ هەمان ئەو وەڵامانەمان گوێ لێدەبێت کە پێشتر لەسەرانی بەعس بەرامبەر رەفتارەکانی خۆی گوێ بیستی دەبووین.ئەویش پێمان دەڵێت، ئێمە هاتووین سەقامگیری ئەم ناوچەیە بپارێزین، بۆ ئەوەی ئاشتی بێتە ئاراوەو ئەم ناوچانە ببووژێنەوە، کە دیسان لێیان دەپرسین ئایا بە سەرباز وئەمن وپۆلیس ئاشتی دروست دەبێت؟ لە وەڵامدا ئەگەر پێیان بکرێت تەنها لەسەر بەکارهێنانی وشەی ئاشتی فەرمانی لەسێدارەدان یان بەندکردنی دەیان ساڵت بۆ دیاری دەکات، هەروەك چۆن هەر لەسەر ئەم قسانە دەیان ساڵ بێشکچی و لەیلا زانا و موسا عەنتەر و سەدان کەسی دیکەیان کوشت وزیندانی کرد. ئەمە هەمووی لە پێناوی ئەوەی سەقامگیری بەزەبری پۆستاڵ بە ئاشتی پێناسە بکەن.

٢- بەهەمان شێوە ئەگەر لەیەکێك لەوکەسانە بپرسین کە بانگێشەی گۆڕان دەکەن، پێیان بڵێین ئەرێ بەراست ئەم هەموو ئاڵۆزی وناوتۆرە ناشرینانەی دەیکەن وهەموو هەوڵتان بۆ ئەوەیە هیچ سەروەری وپیرۆزییەك نەمێنێت، ئایا دەتانەوێت بگەنە کوێ وئامانجتان چییە؟ لەوەڵامدا پێمان دەڵێن گۆڕان، ئینجا ئەگەر لێیان بپرسین (گۆڕان لە کوێوە بۆ کوێ؟) دەڵێن لەگەندەڵ و خائینەوە بۆ نیشتمان پەروەر، لە دیکتاتۆریبەوە بۆ ئازادی. ئەگەر لەسەر ئەمەش پرسیارێکی دیکەیان لێ بکەین، ئایا خائین وگەندەڵ ودیکتاتۆر ئەو زەمینەیە دەرەخسێنن کە ئێوە بە ئازادی رای خۆتان دەربڕن وچالاکی سیاسیی خۆتان ئەنجامبدەن ؟

ئەمەیە مەترسی راستەقینە بۆ ئەو کەسانەی وەك بنەمایەك لە راستگۆییەوە بۆ رەخنەی بونیادنەر دوور دەکەونەوە و پاشان رەفتاری نائەقلانی بەرهەمدەهێنن، هەربۆنموونە، ئەمڕۆ رەفتاری نائەقلانی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، هەموو هۆکارێك کۆبکرێتەوە بۆ شاردنەوەی راستیەکان، دەیانەوێت، ئەو بنەمایە بشێوێنن کە ئازادی تیا دەپارێزێت و بونیادی دیموکراسی تیادەنرێت، ئەمەش هەڵوەشانەوەی ئەو میتۆدەیە کە توێژینەوەی رەخنەیی لە ئامانجی رەخنەی بونیادنەرەوە دەگۆڕێت بۆ ئامانجی رەخنەی رووخێنەر، دوایین ئامانجی رەخنەی بونیادنەر هۆشیارکردنەوە وبەرەوپێشەوە بردنی کۆمەڵگایە، لە کاتێکدا دوایین ئامانجی رەخنەی رووخێنەر گەڕانەوەی کۆمەڵگەیە بۆ قۆناخی پێش




هۆشـــیاربوونەوە، قۆناخێك كە داگیركەران هەوڵیانـــدەدا، چۆڵكردنـــی گوندەكانـــی كوردستان و، ژیانی كولەمەرگی ئۆردوگا زۆرەملێـــكان، بە دروســـتكردنی شـــاری هاوچـــەرخ وگەیاندنـــی خزمەتگوزاری پێویســـت بۆ هاوڵاتیـــان پەردەپۆش بكەن، گۆڕینـــی نـــاوی راســـتەقینەی چەمك وئامانـــج و هـــۆكارەكان بوو، بـــۆ ئەوەی تاكەكان بەلۆژیكی داگیركەران بیربكەنەوە، ئێســـتاش ئەوانـــەی هەوڵـــدەدەن بنەمای راستگۆیی لە رەخنەی بونیادنەر بگۆڕن بۆ چەواشەكاری رەخنەی رووخێنەر، هەوڵدەدەن پێناســـەی چەمكەكان بگۆڕن وەك(لەبری رووخان ریفۆرم بەكاردەهێنن، لەبری ئەوەی بەرگری لەدامەزراوە دەســـتووریەكان بكەن وپارێزگاری لێ بكەن، هەوڵدەدەن كەســـێك دروســـت بێت لەسەروو یاســـا و دامەزراوە سیاســـیەكانەوە بێت، دەیانەوێت هەڵبژاردن لە دەستنیشـــانكردن لە نێوان چەند بەدیلی باشـــدا بگۆڕن بۆ دەسنیشانكردن لە نێوان خائیین و گەلدا، لە هەمووشی ترسناكتر، لەبری ئاشـــتی، ئاســـایش وسەقامگیری بەكاردەهێنن، بۆیە دەبێت بەبەراورد لەگەڵ دروشمی شۆڕشـــەكانی جیهان، میللەتی خۆمان لـــە بایەخـــی ئاشـــتی وئازادی دیموكراتی ئاگادار بكەینەوە.

## نەتەوەیەك ئامانجی ئاشتی وئازادی ودیموكراسی نەبێت نایكاتە دروشمی شۆڕش و رزگاری

هەندێك جار كە مرۆڤ سەیری دروشمی شۆڕشـــەكانی جیهـــان دەكات، لەیەكـــەم تێڕوانیندا وشـــەكان هاوئاواز و ســـادەن و بەئاســـانی لەبەر دەكرێـــن، بۆیە خەیاڵمان بۆ ئـــەوە دەڕوات، ئەمە تەنهـــا لەبەر ئەو هاوئاوازی وســـادەیی و زوولەبەركردن و بە ئاســـانی گوتنەوەی لە لایەن هاوڵاتیانەوە دانراون بۆ ئەوەی لـــە كاتی بۆنەكان، یان هاندانی شۆڕشـــگێڕی بگوترێنەوە، بەڵام كەلەسەر گەوهەری وشەكان رادەوەستین وبە قووڵاییاندا رۆدەچین دەبینین، مەســـەلەكە پێداویســـتی نەتەوەیەكی لـــە ناخی خۆیدا هەڵگرتـــووە، لەمبارەوە عەبـــاس مەحمود عقاد لە كتێبی (فلسفه الیوره فی المیزان) ســـەبارەت بە دروشـــمی شۆڕشی فەرەنسا نووســـیویەتی: دروشمی شۆڕشی فەرەنسا كە برتیە لە (ئازادی، برایەتی، یەكسانی) لەبەر ئەوەی لە زمانی فەرەنسیدا هاو ئاواز وهاو قافیەن، كە گوێت لێ دەبێت، واهەست دەكەیت لەبەر ئەو هۆكارانە ئەم دروشـــمانە دانراون، بەڵام ئەم سێ وشەیە، ۳ پێویستی كۆمەڵگەی فەرەنســـی بوون، بەرەنجامی خەباتی كەڵەكە بووی دەیان ســـاڵ بووە لە پێنـــاوی ئازادی و برایەتی ویەكســـانیدا، واتە ئەم ۳ وشـــەیە ئـــەو ۳ داواكاریەن كە گەلی فەرەنســـی دەیان ســـاڵ لە پێناویدا خەبات و ململانێی دەكرد، دەیان ســـاڵ بوو قوربانـــی لە پێناوی گێڕانەوەی مانا بوو بۆ ئازادی، دەسەڵاتی پادشایەتی فەرەنسا ماناكانی ئازادی بێ مانا كردبوو، پادشـــا لە فەرەنســـا بەوجۆرە پێناســـەی ئازادیان دەكرد، حكومڕانی مافێكـــی خودایە بۆ پادشاكان، جەماوەر مافی ئازادی لەگەڵ پادشـــاكان نییـــە، كەواتە هەمـــوو گەلی فەرەنســـا، هاوئاواز و هەماهەنگ بوون بۆ گێڕانەوەی مانا بۆ ئازادی، شۆڕشـــگێڕان گەلیان بەســـەرچاوەی حكومڕانی دەزانی و ئەوەی بەپێی فەرمانی گەل حكومڕانی نەكات ئەوا هیچ بنەمایەكی شـــەرعی نیە و پادشـــاش دەبێت گوێڕایەڵـــی فەرمانی گەل بێت، ســـەبارەت بە وشەی برایەتیش، كە پێشـــتر بەهۆی ململانێی نێوان هەردوو مەزهەبی كاسۆلیك وپرۆتستان بە هەزاران فەرەنسی بوونە قوربانی، بەهەزاران لە تاو ئەم شەڕە، كە كردبوویان بەشەڕی نێوان خێر وشـــەڕ، وەك شەڕی ئێســـتای نێوان سونە وشـــیعە لە عێراقدا، برایەتی نێوان گەلی فەرەنسای شـــێواندبوو، بۆیە شۆڕشگێران دژی ئەم براكوژییە بوون، بۆیە بانگێشەیان بۆ برایەتی گەلی فەرەنسا دەكرد، ماوەتەوە وشەی یەكسانی، بێگومان پێشتر یەكسانی لە نێوان خانەدان وخەڵكی ئاســـایی نەبووە، بەرگریشـــیان لـــەم نایەكســـانیە دەكرد، هەربۆیە شۆڕشگێڕان دروشمی یەكسانیان بەرزدەكردەوە.

ئەگەر دروشمی شۆڕشی فەرەنسا لەگەڵ دروشمی شۆڕشی چین بە سەرۆكایەتی (سن یات ســـن) بەراورد بكەیـــن، دەبینن هیچ كام لەم وشـــانەی شۆڕشـــی فەرەنســـای تیا نییە وچینیەكانیش وەك فەرەنســـیەكان ئەم وشـــانەیان خۆش نەویستوە و بایەخیان پێنەداوە، پرسیار ئەوەیە، ئایا ئەم ۳ وشەیە ئازادی وبرایەتی و یەكسانی خراپن؟، ئەمە نەك لەبەر ئەوەی كە یەكســـانی وبرایەتی وئازادیان پێویست نییە، بەڵكو ئەم ۳ حاڵەتە لە چینـــدا هەریەكەیان لەبـــەر هۆكارێك تێپەڕێنرابوو، گەلی چین هەستی بە ئازادی ویەكســـانی و برایەتی دەكرد بۆیە پێویست نەبوو لە دروشمی شۆڕشدا دووبارە بكرێتەوە،

هیچ رۆشنبیرێک زاتی ئەوە دەكات بەو ئاستە بێ ویژدانی خۆی بخاتە روو و ئاشتی بە ئاسایش پیشانی گەلی خۆی بدات، بنووسێت، ئازادی بە نرخی ئاسایش



**ئەگەر سەیری دروشمی شۆڕشی ئەمریکی بکەین، دەبینین، هیچ کام لە وشەکانی نە شۆڕشی فەرەنسا نە شۆڕشی چینی تێدا نییە**

بۆیە لەبری ئەو وشانە، دروشمی شۆڕشی چین بریتی بووە، لە(پرانیسیپی نەتەوەیی، دیموکراتی، سۆشیالیزمی نەتەوەیی) بێگومان ئەم ٣ وشەیەش بە چینی ئاسانن وبە دروشم بە ئاسانی دەگوترێتەوە، (سن یات سن))لەم ٣ وشەیە مەبەستی ئەوە بوو، بە پرانسیپی نەتەوەیی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەتەر ومەغۆل ومەنشووریەکان کە خەڵکی تبت کە هاوبەش لە سنوورەکانەوە، نیشتمان جێگەی دەوڵەت بگرێتەوە، واتە ئەگەر دەوڵەت هی هەموان نەبێت ئەوا نیشتمان هی هەموانە، دیموکراتیشی بە مانای ئازادی بە کار نەدەهێنا، بە مانای زۆرینەو کەمینەی گەل، سن یات سن، دیموکراتیەتی بۆ فراوان خوازی بەکاردەهێنا بەڵام جێبەجێینەدەکرد، هەروەها سۆشیالیستی بە مەبەستی هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر کۆمپانیا بیانیەکان بەکار دەهێنا، بۆ ئەوە ئەو کۆمپانیانە خۆماڵی بکات.

ئەگەر سەیری دروشمی شۆڕشی ئەمریکی بکەین، دەبینین، هیچ کام لە وشەکانی نە شۆڕشی فەرەنسا نە شۆڕشی چینی تێدا نییە، دروشمی شۆڕشی ئەمریکا بریتییە لەوەی (بەبێ نوێنەرایەرایەتی باجدان نییە) ئەمەش لەبەر ئەوە بوو پەرلەمانی بەریتانیا یاسای بۆ ئەمریکیەکان دەردەکرد، ئەوانەی نوێنەربوون لە پەرلەمانی بەریتانیا، نوێنەرایەتی گەلی ئەمریکیان نەدەکرد، بۆیە ئەوان لە شۆڕشدا داوایان دەکرد نابێت پەرلەمانی بەریتانیا نوێنەرایەتی گەلی ئەمریکا بکات، دەبێت ئەمریکا بۆ ئەمریکیەکان بێت، تەنها ئەو کاتە باجدەدەن کە ئەمریکیەکان نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەبێت، ئەم دروشمە لە ئاهەنگی چا خواردنەوەی بۆستن لە دایك بوو کەتیایدا، هەموو چاکانیان کردە ناو ئاوەکە، ئەمەش واتە باج بە ئاو دەدەین بە پەرلەمانی بەریتانیای نادەین، بۆیە، دەبێت دروشمەکانی شۆڕش دەربڕی ناخ وهاو ئاوازی وهەماهەنگی تێکڕای نەتەوەیەکە ناکرێت بە ئاسانی سەیربکرێن.ئەگەر دروشمی شۆڕشی کوردستان (ئاشتی وئازادی ودیموکراسی) لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم قۆناخەی نەتەوەی کورد وتێکرای کوردستانیەکان لە کوردستان بەگشتی و لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی سەیر بکەین دەبینین، ئاشتی وئازادی ودیموکراسی، بۆ نەتەوەی کورد وتەواوی نەتەوە وجیاوازەکانی کوردستان مانای تایبەتی هەیە:

**١- ئاشتی**

ئاشتی بۆ تەواوی نەتەوەی کورد و تەواوی کوردستانیەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان داواکاری تێکڕای خەڵك و رۆشنبیرانی ئەو نەتەوانەشە کە بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتەکانیەوە لکێنراوە، راستە ئێستا باردۆخی هەرێمی کوردستان لەچاو بەشەکانی دیکە جیاوازە، بەڵام بایەخی ئاشتی بۆ هەرێمی کوردستان، چ لەگەڵ بەغدا و چ لە پێوەندی هاوسێیەتی لەگەڵ دراوسێ، لە بایەخی ئاشتی بۆ ناساندنی کێشەکە لەو وڵاتانە کەمتر نییە، گەورەترین کێشە ئەوەیە بەرامبەر ئامادەنییە بە شێوەیەکی ئاشتیانە، کێشەکەی ئێمە بناسێت، هەربۆنموونە، لە گەورەترین کێشەی نێوان پەکەکە ودەوڵەتی تورکیا ودوای ئەو هەموو گوشارەی کرایە سەر هەرێمی کوردستان، داوای هەرێمی کوردستان لە تورکیا ئەوەبوو.. ئەگەر تورکیاهەوڵبدات کێشەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە تورکیا چارەسەر بکات، ئەگەر پەکەکە دژی ئاشتی راوەستا، ئەوا ئامادەین بە تیرۆریست


پێناسەی بکەین، کەواتە ئاشتی پێش هەر شتێك دواكاریەکی کوردە، هەروەها ئێستا لە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان چارەسەری ئاشتیانەی بۆ گێڕانەوەی ئەو ناوچانە پەسەندکردوو، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەگەڵ نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستان زمانی ئاشتی ودیالۆگی رەتنەکردۆتەوە، بۆیە دانانی ئاشتی بەردی بناخەی هەموو گۆڕانکارییەکە.

**٢- ئازادی**

پێناسەی ئازادی لە رۆژهەڵات، زیاتر بە مانای (الحریە) نەك لیبریتی، پێناسە دەکرێت، بۆیە لەم دروشمەدا. ئازادی بە مانای لیبریتی زیاتر لە فریدەم یان الحریە هاتووە، بۆیە ئازادی واتە، رێزگرتنی ئازادیەکان و رێکخستنی ئازادیەکان، رێزگرتنی مافەکان و یەکسانی ئەم مافانە لەبەردەمی یاسادا، ئەمەش واتە دامەزراندنی دەوڵەتی قانون وپیادەکردنی سەروەری یاسا، کەواتە بونیادی دەوڵەتی قانون، واتە بونیادی سیستەمی لیبرالی کە تیایدا تاك ماف وئازادیەکانی لە چوارچێوەی یاسا بۆ دیاریدەکرێت، ئەم پێناسەی ئێستا بۆ وشەی ئازادی دەکەین لە ناو دروشمی شۆرشی کوردستان، پێناسەیەکی هاوسۆزی نییە وبمانەوێت خەڵکی خۆمان چەواشە بکەین، بەڵکو ئەم پێناسەیە هەڵقوڵاویی، ئەو راستیەیە کە لەناو شۆرش دادگا هەبووە، بەناوی دادگای باڵای شۆرش و سەرۆکی ئەم دادگایەش پارێزەرێکی کریستیان بووە، بۆ ئەوەی بتوانێت یەکسانی لەبەردەمی یاسا مسۆگەر بکات، هەربۆیە کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی دەڵێت، بەرەی کوردستانی نەهاتووە، خۆی بسەپێنێت، بەڵکو دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە بۆ گەل و دەوڵەتی قانون دادەمەزرێنین، مانای وایە لەسەر ئاستی سیاسیی، (ئازادی رادەربڕین وئازادی ئایینی وئازادی رۆژنامەگەری وئازادی چالاکی سیاسیی، بەپێی یاسا دابین دەکرێت) و لەسەر ئاستی ئابووریش(بازاڕ ئازاد دەبێت ومافی مولکداریەتیش بەپێی یاسا دەپارێزرێت) هەموو ئەمانەش لەسەر زەمینەی ئاشتی دروست دەکرێت، هەموو بینیومانە، کاتێك وڵات رووبەرووی شەڕ وئالۆزی دەبێتەوە، پێش هەموو شت باری نائاسایی رادەگەیەنرێت، کار بەحوکمی عورفی دەکرێت نەك سەروەری یاسا، بۆیە بەبێ ئاشتی سەروەری یاسا هیچ مانایەکی نییە، لێرەوە ئەم پێناسەیە پێمان دەڵێت، دیموکراتیش لە دروشمی شۆرشی کوردستانەو، مانای لیبرال دیموکراتیە.

**٣- دیموکراتی**

دیموکراتی لە دروشمی شۆرشی کوردستان واتە لیبرال دیموکراتی، ئەم وشەیەش موزایەدەیەکی سیاسیی نییە، بۆ ئەوەی گەلی پێ هەڵبخەڵەتێنرێت، بەڵکو هەنگاوی جدی بۆ هەڵگیراوە، بەڵام پیادەکردنی یاسا وبونیادی سەروەری یاسا، دەرکردنی فەرمانێکی کالیگۆلایانە نییە، بە فەرمانێك ئەسپەکەی بکاتە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران، یان یاساکان بەپیتی ورد بنووسرێن و بە بەرزی هەڵبواسرێن بۆ ئەوەی کەس ئەرك ومافی خۆی نەزانێت، بەڵکو بونیادی دامەزراوەکان وپیادەکردنی سەوەری یاسا پێویستی بە هاوکاری هەموانە ودەبێت هەموانیش بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی بزانن، ئەمەش ئامانجی هەموو کوردستانیەکە کە خۆی لەناو دروشمی ئاشتی وئازادی ودیموکراتی دەبینێتەوە.



بایەخی ئاشتی بۆ هەرێمی کوردستان، چ لەگەڵ بەغدا و چ لە پێوەندی هاوسێیەتی لەگەڵ دراوسێ، لە بایەخی ئاشتی بۆ ئاساندنی کێشەکە لەو وڵاتانە کەمتر نییە



پرۆفیسۆر زیاد ئەلعەسەلی بۆ گوڵان:

# دەبێت هاووڵاتیان بەو ئاستە هۆشیاربن کە ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی لێکجیاناکرێنەوە

مەحاڵە بتوانیت ئاشتی بچەسپێنیت بێ بوونی دامەزراوەکان و سەروەری یاسا، چونکە لە حاڵەتی بێ یاسایی و شەڕدا دامەزراوەکان ناتوانن ئەم ئەرکە ئەدابکەن

**پرۆفیسۆر زیاد ئەلعەسەلی، سەرۆکی ڕێکخراوی دژە ڕەگەز پەرستی عەرەب - ئەمریکایە و پسۆر و تایبەتمەندە لەبواری پرۆسەی ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان و یەکێکە لە ئەندامانی ئەنجومەنی سیاسەتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، ئەلعەسەلی، بەرەگەز هاووڵاتیەکی فەڵەستینیە و ئێستا ڕەگەزنامەی ئەمریکی هەیە و یەکێکە لەو پسپۆرانەی لەنزیکەوە لەسەر ئاشتی و بایەخی ئاشتی کاردەکات، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیان پەیوەندیمان بەپرۆفیسۆر ئەلعەسەلی کردو بەڕێزی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** ئایا بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینتان چییە لەسەر گرنگی ئاشتی لەپرۆسەی بنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- مەحاڵە بتوانیت ئاشتی بچەسپێنیت بێ بوونی دامەزراوەکان و سەروەری یاسا، واتە بێ بوونی ئەو دامەزراوانەی توانای چەسپاندنی یاساکانیان هەبێت، چونکە لە حاڵەتی بێ یاسایی و شەڕدا دامەزراوەکان ناتوانن ئەم ئەرکە ئەدابکەن. کەواتە ئەم دولایەنە دوو لایەنی لێکدانەبڕاون، دەبێت ئاشتی و دیموکراسی پێکەوە بنیات بنرێن و پێکەوە بپارێزرێن، بێ دابینکرنی ئاشتی و دیموکراسی ناکرێت کۆمەڵگە لە مەودای دووردا گەشەبکات، بەتایبەتی لە ڕووی گەشەکردن و سەقامگیری ئابووریەوە. کەواتە پێویستمان بە دامەزراوەکانە، بە یاسا و سیستم هەیە، ناکرێت لە دۆخی شەڕ و ناکۆکیدا گەشەکردن ڕووبدات.

*** وڵاتانی دوای شەڕ بە قۆناخێکی ئینتیقالی هەستیاردا تێدەپەڕن، چونکە لەم وڵاتانەدا لەبەرئەوەی بە بارودۆخێکی زۆر سەختدا تێپەڕیون، ئەوا ڕەنگە هەلومەرجێکی پڕ لەپشێوی دروست بێت، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت چ میکانیزمێک بگرینەبەر بێ ئەوەی دۆخەکە بەرەو پشێوی سەربکێشێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی سەرنجڕاکێش و بە سوودە، لە ڕاستیدا دوای ڕۆژگارێکی دوورودرێژی دیکتاتۆری و شەڕی دەرەکی و شەڕی ناخۆیی، هێزگەلێك پەیدادەبن، کە بەرهەڵستی گۆڕان دەکەن و هەوڵی پاراستنی دەستکەوت و ئیمتیازاتەکانیان و سوودوەرگرتن لە پشێویی دەدەن، لەبەرئەوەی گرنگە بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ، بەڵام لێبڕاوانە و لەسەر هەموو ئاستەکان هەوڵ و کۆشش بۆ بنیاتنان و دروستکردنی ئەو دامەزراوانە بدرێت کە هەڵدەستن بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە و ڕێگەگرتن لە کەڵکوەرگرتنی خراپ لەدەسەڵات. هەروەها لەم بوارەدا بوونی ڕۆژنامەگەری ئازادیش گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە، بە تایبەتی کە بوار بۆ گوزارشتکردن لە بیربۆچونەکان دەڕەخسێنێت و هەوڵی ئاشکراکردنی کەموکوڕی و کەلێنەکان دەدات و ڕاستیەکان دەخاتەڕوو.

*** ئایا دەتوانین بەهۆی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسییەوە دیموکراسیەتی لیبراڵ بهێنینەدی، یاخود ئایا دیموکراسیەتی لیبراڵی بە مانای بوونی ئەم سێ**

**ڕەهەندە نایەت؟**

- لە ڕاستیدا دیموکراسیەتی لیبراڵی لە ڕۆژئاوادا گەشەی کردووە، ئەم گەشەکردنەش لە ماوەی چەند سەدەیەکدا ڕوویداوە، نەك چەند دەیەیەك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گومانێك نییە کە دەتوانرێت ئەم چەمکە لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا جێبەجێ بکرێت، لەبەرئەوەی ئەم چەمکە پەیوەستە بە مافە تاکەکەسیەکان، سەروەری یاسا و بنیاتانی دامەزراوەکانەوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کەلتور و فەرهەنگی ئەم وڵاتانە لەبەرچاوبگیرێت، و پتر پەرەی پێبدرێت بۆ ئەوەی حکومەتێکی نوێنەرایەتیمان هەبێت، مەبەستم ئەوەیە نابێت دیموکراسی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا کورتبکەینەوە، هەڵبژاردنی تەنها بەشێکە و دیموکراسی پاراستن و دابینکردنی مافەکان و چەند ڕەهەند و بوارێکی دیکەش دەگرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت سوود لەو ئەزمونەش وەربگرین لەم وڵاتانەدا کە بە درێژای مێژوو کەسانێك هەبوونە کاریان بۆ بەدەستهێنانی مافەکان و باشترکردنی هەل و مەرجی ژیانی کردووە، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان زیانێکی زۆریان بەم کۆمەڵگەیانە گەیاندووە و دەبێت کار بۆ پێچەوانەکردنەوەیان بکەین، ئەگەرچی ئەمەش لە شەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات و پێویستی بە کار و کۆششی جیددی و جەماعی هەیە.

*** ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی نیشانەی بوونی پلان بن بۆ ئایندە، چۆن دەکرێت هاوسەنگی نێوان ئەم سێ مەسەلەیە بپارێزین؟**

- لە ڕاستیدا چەسپاندن و هێنانەدی ئاشتی ئەرکی دەوڵەتە و ناکرێت بەهۆی بوونی میلیشیایەوە بتوانین ئەم ئامانجە بهێنینەدی، دەبێت دەوڵەت ئەوەندە هێز و دەسەڵاتی هەبێت بتوانێت ئاشتی بسەپێنێت، دواتر دەبێت خەڵکی ئەو ڕاستیەیان لەبەرچاوبێت کە ناکرێت ئاشتی وئازادی و دیموکراسی لێکداببڕین، هەروەها دەبێت ئەوە ڕەچاوبکەن کە سەقامگیری زەمینەی گەشەکردنی ئابووری خۆش دەکات، بە چەشنێك دوکاندارێك یاخود بازرگانێك ناتوانێت کارەکانی ئەنجام بدات بێ بوونی سەقامگیری، هەروەها مامۆستاکان و قوتابخانەکانیش ناتوانن بەها بەرز و باڵاکان لە قوتابیاندا پەرەپێبدەن ئەگەر کەشێکی ئارام و سەقامگیر لە ئارادانەبو.

*** یەکێك لەبنەماکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشە لەجیهاندا، بەڵام لە سەدەی بیست و یەکدا ئەوە بەدی دەکەین کە ئەمە بۆتە ئامانجێکی مەحاڵ، هەروەها دیموکراسیەتی لیبراڵی لە پاشەکشە و دوژمنەکانی دیموکراسی لە گەشەدان، ئایا هۆکاری ئەم حاڵەتە نەبوونی ئاشتیە لە جیهاندا؟**

- بۆ نەبوونی ئاشتی من ئۆباڵەکە دەخەمە ئەستۆی هێزە گەورەکان نەك خودی ئەم وڵاتانە، کە ئەم هێزە گەورانە توانیویانە لاوازی ئەم دەوڵەتانە ئیستیغلال بکەن بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانیان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت ئێمە بێ ئومێدبین، ئێمە دەبێت هەوڵی هێنانەدی سیستمێکی باشتربدەین لە وڵاتەکانماندا، بۆ نمونە ناکرێت بەهۆی هێرشکردنی سەر دەوڵەتێکی دراوسێ بارودۆخی وڵاتەکەت بەرەو پێشەوە ببەیت، ناکرێت بەهۆی سەرکوتکردنی کەمینەی وڵاتەکەتەوە ئاشتی بچەسپێنیت. دواتر دەبێت ئێمە ئەو ڕاستیەمان لەبەرچاوبێت کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێکخراوێکی بێ دەسەڵات و لاوازە و نابێت پێشبینی ئەوە بکەین کێشەکانمان بۆ چارەسەربکات، ئێمە دەبێت خۆمان هەوڵ بدەین.

*** دوا وتەت چیە؟**

- پەیامی من ئەوەیە هەرگیز بێئومێدمەبن و بەردەوام بن لەسەر هەوڵەکانتان و ئەم کارە لەپێناوی خێزان و کۆمەڵگەکە و نەتەوەکەتاندا بکەن.



**گرنگە بە ڕەوتێکی لەسەرخۆ، بەڵام لێبڕاوانە و لەسەر هەموو ئاستەکان هەوڵ و کۆشش بۆ بنیاتنان و دروستکردنی ئەو دامەزراوانە بدرێت کە هەڵدەستن بە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە**



**ئەلفرید مۆنتیرۆ بۆ گوڵان:**

# ئاشتی زەمینەی سەروەری یاسا و سەرکەوتنی بونیادی دیموکراتی فەراهەم دەکات

**پرۆفیسۆر ئەلفرید مۆنتیرۆ، ئۆستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کاریلتۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم دیموکراتی و ئاستەنگەکانی نەبوونی سەروەری یاسا، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دوو فاکتەرە وەك مەرجی پێشینەی دیموکراتی پەیوەندیمان بە بەڕێز پرۆفیسۆر مۆنتیرۆ کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**لەو باوەڕەدانیم پەیوەندیەکی زۆر نزیک لە نێوان دیموکراسی و ئاشتیدا هەبێت، بەڵام ئامانجی کۆتایی دیموکراسیەتی لیبراڵی هێنانەدی ئاشتی نیە، بوونی ئاشتی یارمەتیدەرە و دەرفەت دەخوڵقێنێت بۆ جێگیربوونی دیموکراسی**

*** ئەگەر بمانەوێت بەپێی ئەولەویەت بایەخی ئاشتی و دیموکراتی پۆلێن بکەین، ئایا کامیان دەکەینە ئەولەویەت؟**

- مەرج نییە دیموکراسی ئاشتی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، دەکرێت دیموکراسی لە ئارادابێت و شەڕی ناوخۆیی، هەروەها شەڕی دەرەکیش ڕووبدات، دیموکراسی هیچ بەڵێنێکی پەیوەست بە ئاشتیەوە لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت. هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی ئازادی تاکەکەسیەوە لە ئازادی بڕوانین، ئەوا بەشێکە لەو مافانەی لە دیموکراسیدا دابین دەکرێن، لە ڕووی ئازادی کۆمەڵایەتیەوە، ئەوا لە هەندێ دیموکراسیدا مەودای ئەم ئازادیە فراوانترە و لە هەندێکی دیکەدا بەتەسکترە.

***ئایا ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی تاچەند زەمینە بۆ لیبرالی فەراهەم دەکات؟**

- لە ڕاستیدا دیموکراسیەتی لیبراڵی پتر پەیوەستە بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی نەزیهەوە، بەبوونی ڕکابەریەکی شەرعی لە نێوان لایەنە سیاسیەکاندا، بە ڕەخساندنی ئازادی بۆ دەنگدەران بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، هەروەها ئازادی بەرهەڵستکاری سیاسی ناتوندتیژ هەبێت، ئازادی خۆڕێکخستنی سیاسی هەبێت و ڕۆژنامەنووسان بتوانن لەچوارچێوەی پێوەرە پێشەییەکانیاندا تەغتیە هەڵبژاردنەکان بکەن، لە لایەکی دیکەوە چەندین مافی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەن، بەڵام کورتترین پێناسەی دیموکراسیەتی لیبراڵی پەیوەندی بە سازدانی هەڵبژاردنی ئازاد و بەپرسیارێتی سەرکردە هەڵبژێدراوەکانەوە هەیە لە ئاست دەنگدەراندا. کەواتە مەرج نیە دیموکراسی زەمانەتی پاراستنی ئاشتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت، هەروەها لە تێکڕای دیموکراسیەتەکاندا ئازادیەکان سنووردارن، ئەویش لە پێناو پاراستنی یاسا و نیزامدا، بۆ هێنانەدی یاسا و نیزامیش دەبێت تاکەکەس و گروپەکان ڕەفتارەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن.

***ئەگەر سەیری عێراق بکەین دوای هەڵبژاردنەکان توندوتیژی هاتە ئاراوە، ئایا ئەم حاڵەتە چۆن تەفسیر دەکەن؟**

- مەرج نییە هەموو جارێك بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی ڕووبدات، بەڵام ئەمە لە عێراقدا ڕوویدا، لەبەرئەوەی بەهۆی بەکارهێنانی هێزەوە دیکتاتۆریەتی ئەو وڵاتە لە دەسەڵات دوورخرایەوە، لەڕاستیدا مەرج نییە سەرهەڵدانی دیموکراسی هاوشان بێت بە ڕوودانی پشێویی، نەك هەر ئەوە بگرە پشێوی کاریگەریەکی زۆر خراپی دەبێت لەسەر دیموکراسی، زۆرجار دەبێتەهۆی گەڕانەوە بۆ

تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت، لەبەر ئەوە نابێت هەل و مەرجی جێگیرکردنی دیموکراسی لەگەڵ خودی پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا تێکەڵ بکەین. بۆ کۆنترۆڵکردنی پشێوی پێوستمان بە سەپاندنی یاسا و نیزام هەیە، مەرج نیە ئەمەش لەسەر حسابی ئازادی بێت و بە مانای گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت بێت، ئەمە هاوسەنگیەکی هەستیارە و دەبێت بپارێزرێت. لە ڕاستیدا بۆ سەپاندنی یاسا و نیزام هەردەبێت هاووڵاتیان دەست لە هەندێ لە مافەکانیان هەڵبگرن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە دەبێت ئەو مافە بنەڕەتیانەی لە سەرتاوە ئاماژەم پێکردن سنووردار بکرێن، وەك بەشداری سیاسی و ڕکابەری شەرعی و بەرپرسیارێتی سەکردەکان و هتد.

***بەڵام ئەو حاڵەتەی تۆ ئاماژەی پێدەکەیت، لەسەر ئەرزی واقیع پێچەوانەیە، ڕاستە هەڵبژاردنەکان دەکرێن بەڵام لیبراڵ دیموکراتی لە پاشەکشەدایە؟**

- من لەگەڵ ئێوەدا هاوڕانیم کە دیموکراسیەتی لیبراڵی لە سەرتاسەری جیهاندا لە پاشەکشە و لاوازبوندایە. هەروەها هەروەك پێشتر ئاماژەك پێکرد، لەو باوەڕەدانیم پەیوەندیەکی زۆر نزیك لە نێوان دیموکراسی و ئاشتیدا هەبێت، بەڵام ئامانجی کۆتایی دیموکراسیەتی لیبراڵی هێنانەدی ئاشتی نیە، بوونی ئاشتی یارمەتیدەرە و دەرفەت دەخوڵقێنێت بۆ جێگیربوونی دیموکراسی، نەك بە پێچەوانەوە، واتە نەك ئەوەی دیموکراسیەتی لیبراڵی ئاشتی دروست بکات. دواتر من دڵنیانیم لەوەی بتوانین بڵێن جیهانی ئێستا پتر شەرخوازترە لەو جیهانەی سەد یان دو سەد ساڵی پێشتا لە ئارادابوو، من لەو باوەڕەدام سەردەمی شەڕی سارد پتر توندوتیژتر بوو بە بەراورد بە ڕۆژگاری ئێستا. هەروەها ئەو توندوتیژیانەی لە ئارادان کەمتر خوێناوین بە بەراورد بە ناکۆکیەکانی ڕۆژگاری شەڕی سارد، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی ژمارەی قوربانیەکانەوە بەراوردی بکەین، ئەوا ژمارەی ئەو کەسانەی لە شەڕی بەوەکالەتی نێوان هەردو هێزە گەورەکەی جیهان لە سەردەمی شەڕی سارددا کوژران، زیاترە لە قوربانییەکانی کردەوە تیرۆریستی و شەڕە ناوخۆیەکانی دوای شەڕی سارد، کەواتە مەسەلەکە دەوەستێتەسەر ئەوەی لە چ ڕوویەکەوە بەراوردەکە دەکەین، هەروەها ئەوەی گوتم دەربارەی شەڕ پەیوەندیدەکی زۆری کەمی بە دیموکراسیەتی لیبراڵیەوە هەیە.

*** چۆن دەکرێت هاوسەنگی نێوان ئەم سێ مەسەلەیە بپارێزین؟**

- هەروەك پێشتر باسم کرد، کاتێك یاسا و نیزامەت هەبوو، ئەوا ئاشتی




دێتەدی، هەروەها دیموکراسی و ئازادی زۆر پێکەوەپەیوەستن، بەڵام کاتێك دیموکراسیەتی لیبراڵیت هەبوو ئەوا سنوور بۆ ئازادیەکانی دادەنرێت.

***کاتێك دێینەسەر پێناسەی دیموکراسی زۆرێك لە ڕۆشنبیران پرسیاری ئەوە دەکەن دیموکراسی چییە، ئایا ئەمە بەو مانایەدێت کە دیموکراسی پێناسەی نییە، یاخود پەیوەستە بەهاوسەنگی نێوان ئازادی و ئاشتیەوە؟**

- بە تیروانینی من دیموکراسی لە دەقە کۆنەکان و لە سیاسەتی هاوچەرخدا پەیوەستە بە هەڵبژاردن و بەرپرسیارێتی نوخبەی دەسەڵاتدار و مافە سیاسیەکانی تاکەکەس و گروپەکان، هەروەها هەندێ کەس مافە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیشی بۆ زیاد دەکەن. من باوەڕم وایە ناکرێت بەهۆی دەرئەنجامەکانەوە حوکم لەسەر دیموکراسی بدەین، دیموکراسیەتی لیبراڵی پتر پەیوەستە بە پرۆسەی دەرکردنی بڕیار و بەرپرسیارێتی ئەو کەسانەی بڕیارەکان دەردەکەن، بەو پێیە دیموکراسی زەمانەتی گرتنەبەری سیاسەتێکی باش ناکات، زەمانەتی ئاشتی و تەنانەت هێنانەدی هەل و مەرجی بەردەوام بوونی دیموکراسیش ناکات، هەروەها تاکڕەوی و شمولیەتیش زەمانەتی ئاشتی و سەرکەوتن لە شەڕ و گەشەکردنی ئابووری ناکەن، بەڵام ڕژێمی شمولی توخمەکانی دیموکراسی لە خۆناگرێت، وەك ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و مافە سیاسیەکانی تاکەکەس و گروپەکان و بەرپرسیارێتی نوخبەی دەسەڵاتدار.

**کاتێک یاسا و نیزامت هەبوو، ئەوا ئاشتی دێتەدی، هەروەها دیموکراسی و ئازادی زۆر پێکەوەپەیوەستن، بەڵام کاتێک دیموکراسیەتی لیبراڵیت هەبوو ئەوا سنوور بۆ ئازادیەکانی دادەنرێت**



## دیڤید واڵندەر بۆ گوڵان:

# هەرکاتێک توانیمان هاوسەنگی نێوان ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی رابگرین واتە دەتوانین پێکەوە کاربکەین

**پرۆفیسۆر دیڤید واڵندەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فیرجینیاو سەرۆکی بەشی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە لە زانکۆی ناوبرا و پسپۆر و تایبەتمەندیشە لەبواری سەقامگیری حکومەت و سیاسەتی دەرەوە، لەمبارەیەوە چەندین دیراسەتی لەسەر گۆرینی رژێمەکانی ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست هەیە، بەتایبەتی لە قۆناخی راگواستندا، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر بایەخی ئاشتی و سەقامگیری بۆ بونیادی دیموکراسی، پرۆفیسۆر واڵندەر بەمجۆرە بۆ گوڵان راو سەرنجەکانی خۆی خستەروو.**

> ئازادی پتر پەیوەستە بە سەربەخۆی تاکەکەسەکان لە رووی سیاسییەوە، واتە بێ بوونی هیچ فشار و زۆرلێکردنێک بتوانن خاوەنی بیروبۆچون و هەڵوێست و تێڕوانینی سیاسی خۆیان بن

*** هەر سێ وشەی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی، بۆ گەلێك لە قۆناخی بونیادنەوەدا بێت، ئایا بەڕای تۆ ئەو سێ وشەیە بۆ ئەو گەلە چی دەگەیەنێت؟**

- ئاشتی پەیوەستە بە دڵنیابوون لە سەلامەتی سەر و ماڵ، هەروەها بە مانای ڕزگاربون دێت لە سێ سەرچاوەی توندوتیژی، یەکەمیان شەڕ و ناکۆکی نێوان دەوڵەتەکانە، ئەمەش لە کاتێکدا ڕوودەدات کە دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری هێرش بکاتە سەر گەل و یان سوپای دەوڵەتێکی دیکەی خاوەن سەروەری، سەرچاوەی دووەم ناوخۆییە، ئەمەش پەیوەستە بە ڕوودانی شەڕی ناوخۆوە هەوڵی گروپێك بۆ دەست بەسەرداگرتنی ناوچەیەکی دیاریکراوی وڵاتەکە، یاخود دەسەڵات لە وڵاتەکەدا بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە، سەرچاوەی سێیەم، بریتییە لە سەرکوتکردنی دەوڵەت، ئەمەش حاڵەتی بەکارهێنانی سەرکوتکردن و داپڵۆسین دەگرێتەوە دژی بەرهەڵستکاران، یاخود ئەوانەی دژی ڕژێمی دەسەڵاتدار کاردەکەن، بەڵام ئازادی ڕەهەندی زۆرە و بیروبۆچونەکان لە بارەیەوە جیاوازن لە کەلتورە جیاوازەکاندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئازادی پتر پەیوەستە بە سەربەخۆی تاکەکەسەکان لە ڕووی سیاسییەوە، واتە بێ بوونی هیچ فشار و زۆرلێکردنێك بتوانن خاوەنی بیروبۆچون و هەڵوێست و تێڕوانینی سیاسی خۆیان بن، هەروەها باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر نەتەوەیەك بە تێکڕا لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاریدا بێت، ئەوا سەرەتا ئەولەوییەت بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەکەیە و دواتر دەبێت پەرە بە ئازادی تاکەکەسی بدرێت، لە لایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر خەڵکی لە دۆخێکی ئابووری ئاڵۆز و خراپدا بن، ناتوانن بە ئاسانی ئیختیار و هەڵبژاردەی خۆیان بکەن، کەواتە هەروەك چۆن ئاشتی پەیوندی بە ڕزگاربونەوە هەیە لە سەرچاوەکانی توندوتیژی، بە هەمان شێوە ئازادیش پەیوەستە بە باشتربوونی دۆخ و پێگەی ئابووری تاکەکەسەوە بۆ ئەوەی بتوانێت هەڵبژاردنێکی ئازاد بکات.

*** لەباردۆخی دوای شەڕ بەگشتی و شەڕی ناوخۆ بەتایبەتی، پاراستنی ئاشتی ئەرکێکی زۆر گرنگە، چۆن دەتوانین ئەم ئەرکە بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکەین؟**

- من تەمەننام دەکرد وەڵامێکی ئاسان

بۆ ئەم پرسیارە هەبووایە، ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن ڕاستە، لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا، بە تایبەتی دوای دۆخی شەڕی ناوخۆی، زۆر زەحمەتە ئەو حکومەتە دیموکراتییەی دێتە ئاراوە بتوانێت ئەو ئاشتیە لەرزۆکە بپارێزێت و ڕێگە لە دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕی ناوخۆی بگرێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەو حکومەتانەی لە دوای پرۆسەی دیموکراسییەوە دروست دەبن، لە ئاستی بنەما و پێوەرە دیموکراسییەکاندا نین، بۆ نمونە زۆربەی جار هەڵبژاردنەکان ئازادانە و عادیلانە بەڕێوەناچن، هەڕەشە و ترساندن لە سەر دەنگدەران بەدی دەکرێت، ساختەکاری لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا ڕوودەدات، بەو پێیە ئەو پارتانەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و حکومڕانیتی دەکەن، لە لایەک متمانەی جەماوەریان نییە و لە لایەکی دیکەوە باوەڕیان بەوە نییە کە لە بەردەم جەماوەردا بەرپرسیارن، لەبەر ئەوەی هەڕەشە و ترس و ساختەکارییان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، کەواتە دیموکراسییەتە نوێیەکان لەرزۆکن و درێژە ناکێشن. لە ڕاستیدا گواستنەوە لەم دۆخەوە بۆ دۆخی دیموکراتییەکی جێگیر و سەقامگیر ئەرکێکی تا دوا ڕادە قورسە و من نازانم بە دیاریکراو ئەو میکانیزمانە چین کە دەبێت بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بگیرێنەبەر، تەنها هەندێ شتی گشتی هەیە، وەک هەستکردنی ئەندامانی کۆمەڵگەکە کە بەرژەوەندی و ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە و دەبێت کاری بۆ بکەن و دەبێت متمانەیان هەبێت کە حکومڕانەکان بەپرسیارانە و دڵسۆزانە کاردەکەن.

*** ئەگەر دیموکراتی بە مانای دیموکراتی لیبرالی پێناسە بکەین، ئایا چۆن سیمای ئەم دیموکراتییە جیادەکەینەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە گرێدراوە بە سیستەمی ئابووری وڵاتەکەوە، بۆ نموونە ئەگەر داهاتی تاکەکەس بەرز بێت و چینی ناوەڕاست لە ئارادابێت، ئەوا ئەگەرەکانی سەقامگیربوون و جێگیربوونی دیموکراسی لیبرالی لە ئارادا دەبن، بە پێچەوانەوە لە حاڵەتی بوونی چینێکی ناوەڕاستی بچوک و نزمی داهاتی تاکەکەس ئەم ئەگەرە لاواز دەبێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئەو وڵاتانەی پشت بە داهاتی سەرچاوەی نەوت دەبەستن، هەلومەرجێکی لە باریان نییە بۆ گەشەکردن و پەرپێدانی دیموکراسی، بە تایبەتی کە زۆرینەی داهاتەکان لە دەستی کەسانێکی کەمدا کۆدەبنەوە و کەڵەکە دەبن.

*** دروشمی ئاشتی و ئاسایشی جیهان دروشمی دوای شەڕی دووەمی جیهانی نەتەوەیەکگرتووەکانە، بەڵام تا ئێستا ئەم ئامانجە نەهاتۆتە دی، ئایا هۆکارەکەی چییە؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆر باشە، لە ڕاستیدا هەروەک پێشتر ئاماژەم پێکرد کاتێک گروپێک خۆی ئەوەندە بەهێز و دەسەڵاتدار دەبینێت و هەڵدەستێت بە هێرشکردن بۆ کۆنترۆڵکردنی بەشێک لە خاکی وڵاتەکە، یان کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەی نەوت، یان ئەڵماس، یاخود ڕێگاکانی بە قاچاغبردنی کاڵاکان، ئەوا شەڕ و ناکۆکی دروست دەبێت، کە هەر هەمان هۆکاریش ڕێگر و کۆسپە لە بەردەم گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی دیموکراسیدا.

*** چۆن دەتوانین هاوسەنگی نێوان ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بپارێزین؟**

- لە ڕاستیدا من زۆر نیگەران نیم لە



ئاست پاراستنی هاوسەنگی نێوانیان، لەبەر ئەوەی لە زۆر وڵاتدا ئەوە بەدی دەکەین کە ئاشتی لە ئارادایە، هەم لە سەر ئاستی ناوخۆی و هەم لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، هەروەها دیموکراسی و ئازادیش لە ئارادان، لە هەندێ وڵاتی دیکەدا هیچ یەکێك لەم سێ توخمە لە ئارادا نین، بۆ نموونە ڕەنگە وڵاتەکە لە سەر ئاستی ناوخۆی و نێودەوڵەتیدا لە شەڕدابێت، من باوەڕم وایە دەبێت گرنگی بە بەدەستهێنانی ئەم سێ مەسەلەیە بدەین، نەك بە پاراستنی هاوسەنگی نێوانیان، لەبەر ئەوەی هەر کاتێك ئەم سێ لایەنەمان بەدەستهێنا ئەوا پێکەوە کار دەکەن، نەك لە دژی یەك کاربکەن.

*** کاتێك دێینە سەر پێناسەی دیموکراسی زۆرێك لە ڕۆشنبیران پرسیاری ئەوە دەکەن دیموکراسی چی یە، ئایا ئەمە بەو مانایەدێت کە دیموکراسی پێناسەی نی یە، یاخود پەیوەستە بە هاوسەنگی نێوان ئازادی و ئاشتییەوە؟**

- زۆر کەس پێیان وایە پێناسەی جیاواز هەیە بۆ دیموکراسی، بۆ نموونە بۆ ئەم چەمکە باس لە پێناسەی ڕۆژئاوا و پێناسەی ئاسیا دەکەن، بەڵام من باوەڕم بەم جیاوازیە نی یە و پێم وایە دیموکراسی ئەوەیە لە ڕۆژئاوادا سەریهەڵدا و گەشەی کرد، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە وڵاتانی دیکە ناتوانن دیموکراسی بن. بە تێڕوانین من ئەو حکومەتە بە دیموکراسی دادەنرێت کە بە ئیرادەی خەڵك دەسەڵاتی وەرگرتبێت، هەروەها لە هەندێ بواردا دەسەڵاتەکانی سنورداربن، پابەند بێت بە ڕێسا و یاسا و دەستوورەوە و لە بەردەم خەڵکدا بەرپرسیار بێت، ئەگەر کەمتەرخەمی کرد لە ئەداکردنی ئەرکەکانیدا دەرفەتی ئەوەهەبێت جارێکی دیکە خەڵك متمانی پێنەدەنەوە. من ناڵێم دیموکراسی بێ کەمو کورتییە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە لە حاڵەتی پێشێلکردن و شکاندنی یاسادا، هەروەك ئەوەی مشتومڕی ئەوە هەیە ئیدارەی بۆش زیندانییەکانی ئەشکەنجەدابێت، ئایا دەکرێت ئەم پێشلکارییانە ڕاستبکرێنەوە، ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ یە، ئەوا بەڵێ دیموکراسی لە ئارادایە.

**ئەگەر داهاتی تاکەکەس بەرز بێت و چینی ناوەڕاست لە ئارادابێت، ئەوا ئەگەرەکانی سەقامگیربوون و جێگیربوونی دیموکراسی لیبرالی لە ئارادا دەبن**



پاتریک ئۆنێڵ بۆ گوڵان:

# بە بێ بوونی ئاشتی
# ناکرێت باس لە دیموکراسی و گەشەکردن بکەین

**پرۆفیسۆر پاتریك ئۆنێڵ ئوستادی زانستی سیاسەت وحکومڕانییە لە زانکۆی پەگوت ساوند و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر بایەخی ئاشتی و ئازادی لە بونیادی دیموکراسیدا و پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر دەوڵەتانی دوای رووخانی کۆمونیزم و یەکێك لە کتێبەکانی لەسەر قۆناخی راگواستنی هەنگارییە لە سۆسیالیزمەوە بۆ دیموکراسی، بێگومان ئاشتی و ئازادیش لە قۆناخی راگواستن و بونیادی دیموکراتی بە یەکێك لە دوو توخمە سەرەکییە دەدەنرێن، سەبارە بەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر ئۆنێڵ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

کێشەکە ئەوەیە ئێمە باس لە پەرەپێدانی دیموکراسییەتی لیبراڵی دەکەین، بێ ئەوەی بوون و گرنگی دەوڵەت لەبەرچاو بگرین

***جیاوازی نێوان ئاشتی و ئازادی چییە، ئایا دەتوانین ئەم دوو چەمکە لێکجیابکەینەوە؟**

- ئاشتی پەیوەستە بە پاراستنی سەلامەتییەوە، ئازادیش پەیوەستە بە رزگاربوون لە سەرکوتکردنی دەوڵەت و سەرکوتکردنی سیاسی و بوونی ماف و ئازادییە فەردییەکان، وەك ئازادی بیروبۆچون و ئازادی دەرکردنی رۆژنامە، من پێم وایە دەوڵەت گرنگییەکی زۆری هەیە لە هێنانەدی ئەم مافانە و لە رێزگرتن لەم مافانە.

*** ئەگەر ئاشتی هەبوو، بەڵام ئازادی سەرکوتکرا، چۆن دەتوانین هاوسەنگییەکە راستبکەینەوە؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆرباشە، گرنگ ئەوەیە دەوڵەتێکی کارامان هەبێت، سەروەری یاسا هەبێت، حکومەتێکمان هەبێت گەندەڵ نەبێت و خەڵکی متمانە بە هێزەکانی پۆلیس و بە سیستمی دادوەری وڵاتەکە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر یاسامان نەبوو، هەروەها رێگایەکمان نەبوو بۆ یەکلاکردنەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکان ئەوا یاسا و دەستووری وڵاتەکە هەرەس دەهێنن، لەبەر ئەوە بوونی باڵادەستی و سەروەری یاسا گرنگی خۆی هەیە بۆ پاراستن و درێژەپێدانی دیموکراسی.

*** کەواتە چۆن وڵاتە تازەگەشەکردووەکان کە لە شەڕ و ناکۆکی رزگاریان بووە دەتوانن سوود لە ئەزموون و مۆدێلی وڵاتە گەشەکردووەکان وەربگرین؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە. من پێم وایە ئەو دەرسەی دەتوانن لەبەرچاوی بگرن، کەمتر پەیوەستە بە دارشتنی دەستوورەوە، ئەگەرچی ئەمەش گرنگە، بەڵکو پتر پەیوەستە بە ئیدارەی گشتی و ئیدارەی مەدەنییەوە، پەیوەستە بە بوونی بیرۆکراتیەتێکی کارا و یاسا و رێسا روون و شەفافەکانەوە، هەروەها گرێدراوە بە چۆنیەتی کارکردن بۆ کەمکردنەوە و کۆتایهێنان بە گەندەڵی یەوە، ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، ناتوانین لەگەڵ بوونی گەندەڵیدا دیموکراسی بنیات بنێین، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە سەرکەوتووترین حکومەت ئەو حکومەتەیە کە کەمترین ئاستی گەندەڵی تێدایە.

*** کەواتە بەرای بەرێزتان، ئاشتی و رێکخستنی ئازادییەکان پێش مەرجن بۆ دیموکراسی؟**

- لە ڕاستیدا لەم بوارەدا پێویستمان بە دەوڵەتێك هەیە بتوانێت ئاشتی بهێنێتەدی، لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئاشتی، ناكرێت باس لە دیموكراسی و گەشەكردن بكەین، پێویستمان بە دەوڵەت و دەسەڵاتێكی بەهێز هەیە، بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە بنیاتنانی بونیادی سیاسی و ئیدارەی گشتی، ئەو دەرسەی دەتوانین لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاوە وەری بگرین ئەوەیە، كە لە كاتی داگیركردنی عێراقدا نەمانزانی چۆن دەوڵەتەكە بنیات بنێینەوە، ئەمەش سەری كێشا بۆ پشێوی و ئاڵۆزی، ئەگەرچی ئەو دۆخە خراپە هەرێمی كوردستانی عێراقی نەگرتەوە. لەبەر ئەوە من پێم وایە كێشەكە ئەوەیە ئێمە باس لە پەرەپێدانی دیموكراسییەتی لیبراڵی دەكەین، بێ ئەوەی بوون و گرنگی دەوڵەت لەبەرچاو بگرین.

*** وێڕای بانگێشەی سەركەوتنی دیموكراتی دەكرێت، بەڵام جیهان بەرەو ئاشتییەكی سەرتاسەری هەنگاو هەڵناگرێت، ئایا هۆكاری ئەم دیاردە دژە چی یە ؟**


- هۆكارەكەی نەبوونی ئاشتییە لە جیهاندا و دۆخی ئابووری ئاڵۆزە لە جیهاندا، بۆ نموونە زۆرێك لەو وڵاتانەی هەوڵی جێگیركردنی دیموكراسییان داوە سەركەوتوو نەبوون لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەمەش خواستی گەڕان بە دوای بەدیلێكی نادیموكراتیدا دروست كردووە، بە چەشنی ئەوەی لە فەنزوێلادا بەدی دەكەین، هەرچەندە هۆكاری ئەمەش بۆ بوونی ئاستێكی بەرزی گەندەڵی دەگەڕێتەوە، هەروەها بەهۆی ئەو دۆخی ئابوورییە سەختەی جیهان ڕووبەڕووی بۆتەوە پێشبینی پاشەكشەی زیاتری دیموكراتی دەكەم، هەرچەندە پێم وایە ئەو بەدیلە نادیموكراتیانەی خراونەتەڕوو ناتوانن لە مەودای دووردا چارەسەر بۆ ئەم كێشانە بدۆزنەوە. كەواتە نەبوونی ئاشتی بەشێكە لە كێشەكە، بەڵام هۆكاری سەرەكی ئاڵۆزی دۆخە ئابوورییەكە.

*** زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكان كە بە قۆناغی ئینتیقالیدا دەڕۆن، بوونی گەندەڵی ئابووری و سیاسی بەدی دەكەین، ئایا جیاوازییەكانی نێوان ئەم دوو گەندەڵییە چین؟**

- ئەوە پرسیارێكی باشە، گەندەڵی ئابووری پەیوەستە بە خۆدەوڵەمەندكردنی ناشەرعییەوە، بە بەدەستهێنانی داهات و داراییەوە بە شێوەیەكی نارەوا، لە كاتێكدا گەندەڵی سیاسی بریتییە لە بەكارهێنانی ئامرازی ناشەرعی بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، كێشە گەورەكە ئەوەیە كە پێكەوە گرێبدرێن، مەبەستم ئەوەیە كەسانێك ئامرازی ناشەرعی بەكاربهێنن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە ئامانجی خۆدەوڵەمەندكردن، یاخود ئەوانەی لە ڕووی ئابوورییەوە بەهێزن، ئەم پێگە ئابوورییەی خۆیان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەكاربهێنن، بۆ چارەسەركردنی ئەم حاڵەتە دەبێت هەوڵ بدەین، ئەوانەی لە دەسەڵاتدان نەتوانن پێگەی سیاسی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی داهاتی ناشەرعی بەكاربهێنن، هەروەها ئەوانەی لە ڕووی ئابوورییەوە دەسەڵاتدارن، ئەم دەسەڵاتە بەكارنەهێنن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی، هەرچەندە ئەمە ئەركێكی یەكجار قورسە.

*** ئایا تاچەند ئاشتی و ئازادی و دیموكراتی پێوەندی بە گەشەپێدانەوە هەیە؟**

- ئەوە پرسیارێكی باشە، ئەگەر ڕادەیەكی دیاریكراو لە گەشەكردن و بەرەوپێشچوون و یەكسانی ئابووری لە ئارادا بوو، ئەوا دەتوانین بڵێین كە



ئاشتی و ئازادی و دیموكراسی پێكەوە كاردەكەن، واتە ئەگەر توانرا پێداویستییە بنەڕەتییەكانی هاوڵاتیان دابین بكرێت، واتە هەوڵ و كۆشش بخرێتەگەڕ بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان، چونكە بێ بوونی كار و داهات و ماڵ، نەك دیموكراسی و نە ئاسایش مانایان دەبێت.

*** كاتێك دێینەسەر پێناسەی دیموكراسی زۆرێك لە ڕۆژشنبیران پرسیاری ئەوە دەكەن دیموكراسی چی یە، ئایا ئەمە بەو مانایەدێت كە دیموكراسی پێناسەی نی یە، یاخود پەیوەستە بە هاوسەنگی نێوان ئازادی و ئاشتییەوە؟**

- لە تێڕوانینی مندا، لە بنەڕەتدا پێناسەی دیموكراسی پەیوەستە بە ئازادی هاوڵاتییانەوە لە بەشداریكردن لە پرۆسە سیاسییەكەدا، لەوەدا كە ڕاو بۆچوونیان هەبێت لە چۆنیەتی هەڵسووڕاندنی كاروبارەكاندا، لایەنێكی دیكە پەیوەستە بە هێنانەدی گەشەكردن و بەرەوپێشچوونەوە لە مەودای دووردا، بە چەشنێك ئەگەر گەشەكردن نەهاتەدی ئەوا دەبێت لەوە بپرسینەوە چۆن ئەم دیموكراسیەتە بنیات نراوە؟ لە ڕاستیدا هەموو ئەوانەی باسم كردن پەیوەستن بە بوونی دەوڵەت و حكومەتەوە، بەڵام لە قۆناغی ئینتیقالی لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا دەوڵەت و حكومەت لاوازن، بەو پێیە ڕەنگە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان هیچ مانەیەكیان نابێت. ئەگەرچی دەبێت هەڵبژاردن و دیموكراسی لە هەموو شوێنێكدا یەك دەرئەنجامیان هەبێت، بەڵام دەبێت خەڵكەكە هەمان باوەڕ و متمانەیان بە پرۆسەكە هەبێت، هەروەها بۆ وڵاتانی دیكە (جگە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا) گەیشتن بە دیموكراسیەتێكی سەقامگیر پێویستی بە كاتێكی دوورو درێژە، بۆ نموونە لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا بیست ساڵە هەڵبژاردن و دیموكراسی هەیە، بەڵام هێشتا گەندەڵی و كێشە هەیە، هەروەها ئەگەر عێراق لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دیموكراسی بەردەوام بێت، ئەوا ڕەنگە بتوانین بیست یان پەنجا ساڵی دیكە بە متمانەوە بڵێین دیموكراسیەتێكی سەقامگیری هەیە.

**ئەگەر عێراق لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی دیموكراسی بەردەوام بێت، ئەوا ڕەنگە بتوانین بیست یان پەنجا ساڵی دیكە بە متمانەوە بڵێین دیموكراسیەتێكی سەقامگیری هەیە**



سکۆت ماینوارینگ بۆ گوڵان:

# تاکڕەو و دیکتاتۆرەکان سوود لەو هێزانە وەردەگرن کە دیموکراتی لەناودەبات، بۆئەوەی خەڵک لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە

**پرۆفیسۆر سکۆت ماینواریگ، بەڕێوەبەری ئامۆژگای هێلین کیلۆگە بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی و ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرس داماتۆ، پسپۆر وتایبەتمەندە لەسەر شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی و توێژینەوەکانیشی لەسەر ئەو تەنگژە و ئاستەنگانەیە کە دیموکراتیەکانی شەپۆلی سێیەم ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەتایبەتی دیموکراتیەکانی ئەمریکای لاتین، زۆربەی کێشەکانیش خۆیان لەنەبوونی ئاشتی و ئازاددا دەبینێتەوە، بۆ زیاتر قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، پرۆفیسۆر سکۆت بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**


کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤١ تاوەکو ساڵی ١٩٤٥دا لە شەڕدا بوو کەس بانگەشەی ئەوەی نەکرد کە چیتر ئەمەریکا وڵاتێکی دیموکراسی نییە، سەرەڕای سنورداركردنی هەندێ لە مافە مەدەنی و سیاسیەکانیش

*** شەڕ پێچەوانەی ئاشتیە، ئایا لەحاڵەتی شەڕدا تاچەند ئازادی و دیموکراسی دەکەونە مەترسییەوە؟**

- هەمیشە باس لەوەدەکرێت ئازادی خەسڵەتی دیموکراسیە و ناکرێت بێ بوونی ئازادی باس لەدیموکراسی بکەین، هەروەها دەکرێت لە حاڵەتی بوونی دیموکراسیدا شەڕ ڕووبدات، بەڵام لە ڕووی واقیعیەوە شەڕ دەبێتە هۆی لاوازکردنی دیموکراسی، لەبەرئەوەی بەرپابوون و تێوەگلان لەشەڕێکی سەختەوە ڕەنگە ببێتەهۆی لاوازکردنی دەوڵەت، دیموکراسیش پێویستی بە دەوڵەتێکی کارا هەیە. بەڵام کاتێك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤١ تاوەکو ساڵی ١٩٤٥دا لە شەڕدا بوو کەس بانگەشەی ئەوەی نەکرد کە چیتر ئەمەریکا وڵاتێکی دیموکراسی نییە، سەرەڕای سنورداركردنی هەندێ لە مافە مەدەنی و سیاسیەکانیش.

*** بەڵام لەوڵاتانی تازەپێگەیشتووی دوای شەڕدا بەپێچەوانەیە ناتوانرێت ئاشتی دابین بکرێت و ئیدارەی ماف و ئازادییەکان بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە هۆکاری سەرنەکەوتنیان چییە لەم دوو بوارەدا؟**

- لە ڕاستیدا دیموکراسە پەیوەستە بە بوونی بەرژەوەندی و گروپە جیاوازەکانەوە، هەروەها بەرەخساندنی ژینگەیەك بۆ ململانێی ئەم بەرژوەندیە جیاوازانە، لەگەڵ جێگیرکردنی سەقامگیری و پاراستنی ئازادیدا، ئەمە لە ڕووی مەبدەئیەوە هاوسەنگیەکی هەستیارە و هەر ئەمەش کرۆکی کێشەکەیە. هەروەها پرسی ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی پشێوی و پاراستنی ئازادی لە هەندێ وڵات و حاڵەتدا کێشەیەکی گەورە نەبووە، من لێرەدا ئاماژە بە ئیسپانیا دەکەم کە لەدوای ساڵی ١٩٧٧وە هەرگیز ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی مەترسیدار نەبۆتەوە لە ڕووی سەرهەڵدانی بێ نیزامی و پشێویی. بەڵام ئەوەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی بۆ دەکەن ڕاستە، زۆرجار پاراستنی ئازادی و سەپاندنی سەقامگیری لەیەك کاتدا تەحەددایەکی گەورەبووە، ئەمەش هۆکاری زۆرە، یەکێك لەو هۆکارانە لاوازی و ناکارایی دەوڵەتە لە هێنانەدی و جێگیرکردنی



**جامیس نۆیز جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بۆ گوڵان:**

# ئاشتی نێوان پارتی و یەکێتی، کوردستانی بەرەو ئارامی و گەشەسەند بردووە و ئەمەش زۆر خۆشحاڵم دەکات

**پرۆفیسۆر جامیس نۆیز کە لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٦ جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگری ئەمریکا بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك و ئەفریقا، ئێستا یەکێکە لە تۆژەرە گەورەکانی ئامۆژگای هۆڤەر بۆ دیراساتی ستراتیژی و تازەترین کاریشی کە ئێستا ئیشی لەسەر دەکات، برتییە لە توێژینەوەیەك بە ناونیشانی ئاکامەکانی ئاسایشی ئیقلیمی و هەڵوێستی گۆڕاوی سەربازی ئەمریکا لە عێراقدا، بەرێز نۆیز ماوەی ٤٠ ساڵە بە پراکتیکی چ وەك یاریدەدەری جێگری وەزیری بەرگری و چ وەك تۆژەرێکی باڵای ستراتیژی لە ئامۆژگاکانی بیرکلی وستاتنفۆرد و هۆڤەر، لەسەر پرسی ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق کاردەکات، بۆیە سەبارە بە بایەخی ئاشتی پەیوەندیمان پێوەکردوو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** پێناسەی ئاشتی و ئازادی چی یە، وەك بناغەی دیموکراسی؟**

- کێشەکە ئەوەیە شەڕێك یان ناکۆکییەك لە نێوان جیهانی ئیسلامیدا هەیە کە زۆرجار دەبێتە ئاستەنگێك لە بەردەم چەسپاندنی دیموکراسیدا. بۆ نموونە لە لایەك گروپێك یان کەسانێك هەن کە لە سەرکوتکاری ڕزگاریان بووە و پێیان وایە ئێستا دیموکراسی هەیە و دیموکراسیش ڕێگەیان پێدەدات خوازیاری هەرچییەك بن بەدەستی دەهێنن، بێ ئەوەی بنەمای سازشکردن و گەیشتن بە چارەسەری مام ناوەندی لەبەرچاوبگرن، لێرەدا ئەوەی بەدی دەکرێت نەبوونی سەرکردە گەلێك کە مەوزوعییانە مەسەلەکان هەڵسەنگێنن، بۆ نموونە حاڵی حازر مالیکی لەبەردەم تەحەددایەکدایە، ئایا تەفزیلی بەرژەوەندی شیعەکان دەکات؟، یان وەك گاندی، یان تۆماس جیفەرسۆن ڕەفتاردەکات.؟ لەم ڕووەوە دەتوانین سەقامگیری و پاراستنی ئازادی لەیەك کاتدا، کە زۆرجار سەرچاوەی لاوازی دەوڵەتەکانیش شەرە، بۆ نموونە من لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم لە بارەی کیشوەری ئەمەریکای لاتینەوە کردووە و بەو دەرئەنجامە گەیشتوم کە تۆڕی تاوانی نێودەوڵەتی هەڕەشە و تەحەددای سەرەکییە لەبەردەم توانای حکومەتەکانی ئەم وڵاتانە.

*** کەواتە بە تێڕوانینی تۆ مەرجەکان بۆ بونیادی دیموکراسی چیین؟**

- بە گەڕانەوە بۆ پێناسەی دیموکراتی، دەتوانین بڵێین دیموکراسی چوار خەسڵەت لەخۆدەگرێت، بوونی ئەنجومەنێکی نیشتیمانی کە بەهۆی هەڵبژاردنێکی ئازادانە و عادیلانەوە پێکهاتبێت، مافی هاوڵاتیان بۆ دەنگدان، خاڵی سێیەم ئەوەیە دەبێت دەوڵەت زەمانەتی ماف و ئازادیەکان بکات، خاڵی چوارەم ئەوەیە دەبێت دەسەڵاتداران و بەرپرسە هەڵبژێدراوەکان لەو چوارچێوەیەدا مومارەسەی دەسەڵات بکەن کە بۆیان دیاریکراوە.

*** لە سەدەی بیست و یەکدا ئەوە بەدی دەکەین دیموکراسیەتی لیبراڵی لە پاشەکشە و دوژمنەکانی دیموکراسی لە گەشەدان، ئایا هۆکاری ئەم حاڵەتە نەبوونی ئاشتییە لەجیهاندا؟**

- ئەمە یەکێکە لە هۆکارە هەرە بە هێزەکان، ئێمە لەجیهانێکدا دەژین کە نایەکسانیەکی زۆری تێدایە، ڕاستە دەکرێت دیموکراسی و نایەکسانی پێکەوە بوونیان هەبێت، بەڵام نایەکسانی و دۆخی هەژاری نارەزایی دروست دەکەن، بەو پێیە دەبنە زەمینەی لەبار بۆ گەشەکردنی ئەو هێزانەی دەبنەهۆی لەناوبردنی دیموکراسی، هەروەها ژینگەیەکی لەبارن بۆ ئەوەی هزر و هێزە تاکڕەوەکان بتوانن خەڵك لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە.

*** ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی نیشانەی بوونی پلان بن بۆ ئایندە، چۆن دەکرێت هاوسەنگی نێوان ئەم سێ مەسەلەیە بپارێزین؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد زەحمەتە لەحاڵەتی بوونی هەژاری و نایەکسانیەکی زۆردا ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بپارێزین.

ئاماژە بە ئەزموونــی تورکیا بکەین کە سیســتمێکیان پێکهێنانــەوە بۆتەهۆی ئەوەی پێکەوەگونجانێك لە نێوان ئیسلام و ئەو کەسانەدا دروست بکات کە هزرێکی عەلمانیان هەیە.

*** عێراق یەکێکە لە وڵاتانی دوای شەڕ، لەبەر ئــەوە بە قۆناغێکــی ئینتیقالی هەستیاردا تێدەپەڕێت، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێــت چ میکانیزمێــك بگرینەبــەر بۆ ئــەوەی دۆخەکــە بەرەو پشــێوی سەربکێشێت؟**

- ڕاستە قۆناغی ئینتیقالی قۆناغێکی دژوارە و زۆرجار لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا پشێوی سەرهەڵئەدات، هۆکارەکەش ئەوەیە کە خەڵکی ئاشنایەتیان نــی یە لەگەڵ چەمکی دیموکراســیدا و خەلفیەتیــان نی یــە لەمبوارەدا و لەم ڕووەوە پەروەردەی پێویست نەکراون، بەڵام ئایــا بەدیلەکە چی یە؟، ئایا شــەڕ و بەگژداچونەوەی نێــوان گروپەکانە، ئایا گەڕانەوەی دەســەڵاتێکی دیکتاتۆری و تاکرەوی و شــمولییە، کــە زۆرجار ئەو فیلە بەســەر خەڵکیــدا تێدەپەڕێت کە دیکتاتۆر کەسێکی ڕاستگۆیە و توانای کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی هەیە.

*** بەبێ ئاشتی ئەزموونی سەرکەوتووی دیموکراتی بوونی هەیە؟**

- لــەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بە لوبنان بکەیــن کە بــە وڵاتێکی دیموکراســی ناســراوە، بەڵام لــەو وڵاتەدا ئاشــتی نەچەســپاوە و حزبوڵا دەتوانێت زۆرینەی پەرلەمــان بەدەســتبهێنێت. هەروەها لە عێراقدا ئەوەی پێی دەوترێت دیموکراسی بە شــێوەیەکی ئاشــتیانە نەهاتۆتەدی، کە دەبێــت لەمەودا کار و کۆشــش بۆ چەسپاندنی ئاشتی بکەین، یاخود دەبێت چــاوەڕێ ئەوەبکەین ئایا دیموکراســی سەردەکێشێت بۆ هێنانەدی ئاشتی؟.

*** لە وڵاتێکدا کەڵچــەری توندوتیژی باڵا دەســت بێت، واتە کەڵچەری ئاشتی لاوازە، ئایا لەم وڵاتانە ئومێد بۆ ئازادی ودیموکراسی چۆن دەبێت؟**

- ئەوەی بەدی دەکرێــت ئەوەیە ڕەوتی پەروەردەکــردن لــە وڵاتــە عەرەبی و ئیســلامییەکاندا ڕوو لــە هەڵکشــانە، واتــە ژمارەیەکــی زیاتــری قوتابیان ڕوودەکەنــە قوتابخانە و زانکۆکان، ئەمە جگە لە وڵاتی پاکســتان کە هەندێ لە قوتابخانەکان لە ژێر دەستی ڕەوتە ئاینی یــە توندڕەوەکاندان، بەڵام لە ســعودییە پاشای ئەو وڵاتە هزرێکی میانڕەوانەی هەیە، گەرچی کەسێکی ئاینیشە، بەڵام ئەوەی پێشــبینی دەکرێت لە سعودیەدا ئەوەیــە کــە کەســایەتییە ئاینــی یە هاوچەرخەکان جێی کەسایەتییە ئاینی یە تونــدڕەوەکان بگرنەوە، کەواتە لەم ڕووەوە بوارێك بۆ گەشبینی هەیە. من پێم وایە ســەرەڕای ئەوەی ڕەوتە ڕادیکاڵەکان لە هەندێ شوێندا دەســەڵاتیان هەیە، وەك ئێران، بەڵام ئــەوان نە پلانی پەرەپێدانی ئابووریيان هەیە و نە ئاینندەشــیان هەیە، چونکە تەنها یاســاکانی شــەریعەت و سەرکوتکارییان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتە نوێخواز و هاوچەرخەکان.

*** کەواتە بەڕای بەڕێزت دەبێت زەمینەی ئاشتی بۆ ئازادی و دیموکراسی بکرێتە ئەولەوییەت؟**

- من پێشتر ئاماژەم پێکرد کە پێویستمان بە سەرکردەگەلێکی ڕۆشــنگەر هەیە، کەموکوڕتی ئێمە لەم بوارەدایە، بۆ نموونە ئەگەر کێشەی کەرکووك لەبەرچاوبگرین، ئەوا ئەو ڕاســتییە بــەدی دەکەین کە پێویســتمان بە سەرکردەی دووربین هەیە بــۆ یەکلاکردنەوەی ئەم مەســەلەیە لە نێوان کورد و عــەرەب و تورکمانەکاندا، بــە پێچەوانەوە ئەم کێشــەیە دەتەقێتەوە و ئاشــتی هەرەس دەهێنێــت و ئەو کاتە دیموکراسیش لە ئارادا نابێت.


*** کاتێك دێینەسەر پێناسەی دیموکراسی زۆرێك لە ڕۆشــنبیران پرســیاری ئەوە دەکەن دیموکراســی چی یە، ئایا ئەمە بەو مانایەدێت کە دیموکراسی پێناسەی نی یە، یاخود پەیوەســتە بە هاوسەنگی نێوان ئازادی و ئاشتییەوە؟**

- بەڵێ دەتوانین بڵێین ئەمە تا ڕادەیەکی دیاریکــراو لێکدانەوەیەکــی ڕاســت و دروستە.

***دوا وتەت چی یە؟**

- من ئیعجابێکی زۆرم هەیە بە خەڵکی کوردســتان، هەروەهــا هاوســۆزییەکی زۆریشــم هەیە بۆ ئەو ئێش و ئازارەی لە ڕابردوودا چەشتوتانە، من زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم کوردستان بە بارودۆخێکی ئارام و گەشــەکردوودا دەڕوات، بــە تایبەتی دوای ئــەو دۆخەی بەهــۆی دولایەنە ناکۆکەکەوە لە ئارادا بوو.





# ڕۆڵی ماس میدیا لە پرۆسەی هەڵبژاردن

ماس میدیای ئازادمان بۆیە لە ماس میدیای حزبی و لایەندار جیاکردەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر وا هەست نەکات، جیاوازی لە نێوان ماس میدیای ئازاد و ماس میدیای حزبەکان نییە، یان مەبەستمان ئەوەبێت ماس میدیای حزبەکان پێویستن و ماس میدیای ئازاد یان ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن ئەهلی و ئازاد پێویست نین، بە پێچەوانەوە ئێمە لەم ڕاپۆرتە جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، هەردووکیان پێویستن، بەڵام هەریەکەیان بە ناسنامەی ئاشکرای خۆی، کە دەشڵێین هەریەکەیان بە ناسنامەی ئاشکرای خۆی واتە، میدیای ئازاد چۆن سەیری بەرژەوەندی گشتی دەکات، دەبێت بیسەلمێنێت جیاوازە لە میدیای حزبی، ئەگەر نەیتوانی ئەم جیاوازیە بسەلمێنێت، ئەوا کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی سلبی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١- ئەگەر میدیای ئەهلی یان ئازاد نەیتوانی شێوازی ڕوومالکردنی هەواڵەکانی لە ڕوومالکردنی میدیا حزبییەکان جیاواز بێت، ئەوا چەند خۆی ماندوو بکات، ناتوانێت بانگەشەی سەربەخۆیی بۆ خۆی بکات، لەبەرئەوەی ئەویش وەك یەکێك لە ماس میدیا حزبییەکان بانگەشە، بۆ لایەنێکی دیاریکراو دەکات، کەواتە پرسیار لێرەدا دەبێتە ئەوە، بۆچی گوڵان کە بانگەشە بۆ لایەنێك دەکات، لەسەر ماس میدیای حزبی حساب بێت، بەڵام ئاوێنە یان هاووڵاتی کە وەك توتی قسەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە بڵاو دەکەنەوەو، سایتی سبەیش وتارەکانیان جارێکی تر بڵاودەکاتەوە، ئەوان ئەهلی و سەربەخۆ بن؟

٢- ماس میدیای حزبی، نایشارێتەوە دەیەوێت بەو جۆرە بەرژەوەندی گشتی پێناسە بکات، بە دەنگدەر بڵێت، بەرژەوەندی گشتی تۆ کاتێك مانای دەبێت، هەر بۆ نموونە وەك بانگەشەی ئێمە، کە دەنگ بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بدەیت، لەبەرئەوەی کە پارتی و یەکێتی پێکەوە بەیەکگرتوویی، حکومڕانی بکەن، تۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ و نیشتمانی لە ئەماندا دەبیت، ئەگەر ماس میدیای ئەهلی یان ئازادیش بەو جۆرە پێناسەی بەرژەوەندی گشتی بکات، خەڵك بەو ئاراستەیە گۆش بکات، دەنگ بەم لایەنە بدە و دەنگ بەو لایەنە مەدە، ئایا پێناسەی بەرژەوەندی گشتی بێلایەن دەکەوێتە کوێوە؟

٣- هاووڵاتی یان دەنگدەر کە ڕوومالکردنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژەکان و وتارەکانی نێو ماس میدیا حزبیەکان دەخوێنێتەوە، ڕووبەڕووی حاڵەتی بێ متمانەیی و بێ ئیرادەیی نابێتەوە، بە پێچەوانەوە هەست بە متمانە و ئیرادەی خۆی دەکات، لەبەرئەوەی ئەوە میدیای حزبیە هاتووە هەموو لایەنە باشەکانی کاروکردەوەکانی دەخاتە بەردەستی هاووڵاتی بۆ ئەوەی متمانەی پێبکات و هێشتا هاووڵاتی ئازادە دەنگی پێبدات، یان دەنگی پێنەدات، هاووڵاتیان پێش ئەوە هەواڵ یان ڕاپۆرت یان وتاری ناو ماس میدیا حزبییەکان بخوێنێتەوە، دەزانێت، ئەمە ڕیکلامی لایەنێکە لەبەرخاتری ئەو دروستی کردووە، بۆیە بە گومانەوە سەیری دەکات و لەناو دێری هەواڵ و ڕاپۆرتەکان وتارەکاندا، بیردەکاتەوە و پرسیاری دیکە دەوروژێنیت، بۆیە

پڕۆپاگەندەی ئاشکرا و راستگۆیانەی ماس میدیاکان دەبێت هاندەر بێت بۆ بیرکردنەوەی دەنگدەر و زیاتر هۆشیار بوونەوەی، بەڵام ئەگەر بە ناوی میدیای ئازاد لایەنە ئیجابییەکانی لایەنێکی پیشاندرا و لایەنە سلبیەکانی شاردرانەوە، ئەوە رێگە لەوە دەگرێت هاوولاتی بە دیدێکی رەخنەییانە سەیری ئەو دەقە بکات، یان گویێ لە وشەکانی رادیۆ یان تەلەفزیۆن بگرێت، بۆیە رێگرتن، لە دیدی رەخنەی هاووڵاتیان بۆ خوێندنەوەی پڕۆپاگەندەکانی هەڵبژاردن، واتە رێگرتن لە هۆشیاربوونەوەی گەل، گێڕانەوەی گەل بۆ قۆناخی پێش هۆشیاری، کە بڕواناکرێت رۆژنامەنووسێك، تۆزقاڵێك ویژدانی هەبێت، خۆی بەشداری ئەو پرۆسە نائەقڵانی و نائەخڵاقیە بکات، کە ئەویش رێگرتنە لە هۆشیارکردنەوەی گەل.

٤- لە پرۆسەی هەڵبژاردندا هیچ لایەنێك دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆن نییە، هەموو لایەنەکان هاتوونە خوارێ بۆ یەك ئاست، کە دەڵێین هیچ لایەنێك ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدار نییە، واتە هەموو لایەنەکان داوا لە گەل دەکات وەك دەسەڵاتدار دانی پێدا بنێت، واتە ئەگەر پێشتریش دەسەڵاتدار بوبێت، لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا کەس وەك دەسەڵات متمانەی پێنەدراوە، لەم حاڵەتەدا کە حاڵەتێکی زۆر ناسکە، ماس میدیای حزبی هەوڵی ئەوە دەدات کە دەسەڵاتی گەل بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنە وەرچەرخێنێت، کە پروپاگەندەی بۆ دەکات، واتە دەیەوێت بەو جۆرە هەوڵبدات، دەنگدەر بۆ بەرژەوەندی ئەو دەنگبدات، ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە، لەبەرئەوەی دەنگدەر دەزانێت، ئەو ماس میدیا حزبیە، بۆچی بەو ئاراستەیە ئاراستەی دەکات، بەڵام لەو کاتەدا سەری لێ تێك دەچێت، کە ناسنامەی ماس میدیاکە بە ئازاد بزانێت و بەڵام بانگەشە بۆ لایەنێکی دیاریکراو بکات، ئەمە واتە چەواشەکردنی دەنگدەر.

٥- چۆن بۆ ماس میدیای حزبی شەرعیە، لایەنداری خۆی بۆ لایەنێك رابگەیەنێت، بۆ ماس میدیای ئەهلی و ئازادیش شەرعییە، بەڵام بە ئاشکرا بە هاووڵاتیان بڵێت هەتا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان تەواو دەبێت میدیاکەی من سەربەخۆ نییە، ئەم حاڵەتە لەشەرعیشدا بە ناچاری رێگەی پێدراوە، بۆ نموونە کابرایەك دەیەوێت لەگەڵ خێزانەکەی بچێت بۆ حەج، دەزانێت ئەگەر مەزهەبی خۆی لە شافعییەوە نەگۆڕێت بۆ حەنەفی، تووشی زەحمەت دەبێت، یان لەکاتی ژنهێناندا ئەگەر خۆیان لە مەزهەبی شافعیەوە نەخەنە سەر مەزهەبی حەنەفی، مەرجەکانی مەزهەبی شافیعی بۆ ژن مارەکردن قورسە و جێبەجێ ناکرێت، بۆیە مەلاکە دوای لێدەکات بچێتە سەر مەزهەبی حەنەفی، لە حەجکردنیشدا بەهەمان شێوەیە، لەبەرئەوەی مە رجەکانی ئیمامی شافیعی قورسن، بۆیە رێگەیەکی ئاسان هەڵدەبژێرن، بەڵام شەرعیەتدان بەم گۆڕینە و بەم ئاسانکاری ئیعتراف کردنە بۆگۆڕینەکە، واتە ناکرێت، ئەو کەسەی ژن مارە دەکات، یان ئەوەی دەیەوێت بۆ سەفەری حەج مەزهەبی خۆی بگۆڕێت، بەدزیەوە ئەم کارە بکات، بەڵکو بە ئاشکرا یەکەم لەبەرچاوی مەلا و ئەو پیاوانەی لەو مەجلیسە و دووەم بە ئاگاداری ژنەکەشی لەهەردوو حاڵەتەکەدا، ئەگەر ئەم ئیعترافە نەبوو، ئەو گۆڕینە شەرعی نابێت، ئەمەش نەك بەو مانایەی پێکهاتەی میدیاکەی خۆی بگۆڕێت، نا. بەڵکو بۆ ئەوەیە ئەو میدیایە وەك ئەو کابرایەی لە هەردوو حاڵەتی حەج و ژن مارەکردندا، مەرجەکانی ئیمامی شافیعی پێ جێبەجێ ناکرێت، هەتا ئەو بۆنەیە تەواو دەبێت هەر موسڵمانە بەڵام بە مەزهەبی حەنەفی نەك شافیعی، رۆژنامەکە یان میدیاکەش بەو جۆرەیە، ئەو هەر میدیا و رۆژنامەیە، بەڵام وەك ماس میدیای حزبی، نەك ئەهلی و سەربەخۆ، کە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش تەواو بوو، وەك کابرای موسڵمان ئازادە لەسەر مەزهەبی حەنەفی بمێنێتەوە یان بگەڕێتەوە سەر مەزهەبی شافیعی، بەڵام خاڵی گرنگ، لێرەدا، چ لە گۆڕینی لە مەزهەبی شافعیەوە بۆ حەنەفی و چ گەڕانەوە لە حەنەفیەوە بۆ شافیعی، ئەوەیە، دەبێت هەردوو حاڵەتەکە ئیعترافی ئاشکرای تێدابێت.

بۆیە لەم حاڵەتەشداگرنگە هاووڵاتی بزانێت ئەو هەواڵەی ئەو میدیا ئەهلی و سەربەخۆیەی دوێنی وەك سەربەخۆ رووماڵی دەکرد، ئێستا ئایدۆلۆژیایەك ئاراستەی دەکات، ئێستا کە هەوڵدەدات بەخوێنەری خۆی بڵێت پۆپۆلیستی لە دیموکراسی باشترە و نموونە بە نموونەی هۆڵەندا بۆ خوێنەری خۆی پەردەپۆشی دەکات و، بە خوێنەری خۆی دەڵێت تۆ بیر مەکەرەوە من لە باتی تۆ بیردەکەمەوە، دەبێت خەڵك بزانێت ئەم میدیا ئازادەش کە دەیەوێت هۆشیاری هاووڵاتیان وەك جەڵەب لەناو ئەو ئایدۆلۆژیەتەی بڕیاریداوە بانگەشەی بۆ بکات، پاوان دەکات، واتە دەبێت هاووڵاتیان بزانن ئەم رۆژنامەیە یان ئەم میدیایە نوێنەرایەتی ئایدۆلۆژیایەك دەکات نەك گەل، بۆیە ئەگەر گەل تێکەڵ بە ئایدۆلۆژیا کرا، کارێکە دوورە لە ئەخلاق و ویژدان و ئەقڵانییەتی کاری رۆژنامەنووسیی،. هۆکارەکەشی ئاسانە، لەبەرئەوەی کاتێك تۆ وەك رۆشنبیرێك فیڵ لە میللەتی خۆت دەکەیت، دیاردەی پۆپۆلیستی بە جیابوونەوەی کەسێکی سیاسیی لە هۆڵەندا پیشاندەدەیت، یەکەم خۆت ئەگەر رۆشنبیربیت، پێکەنینت بەو نموونەیە دێت، لەبەرئەوەی کوردستان و هۆڵەندا بەیەکتری بەراورد ناکرێت، هۆڵەندا ئەو دەوڵەتەیە لەناو ئەوروپای رۆژئاوا هاوشێوەی سوید و دەوڵەتانی ئەوروپای باکوور لەگەڵ سیستمی دیموکراتی فەرەنساش بەراورد ناکرێت، هۆکارەکەشی بۆئەوەی بەراوردی پێدەکات ئاشکرایە، بۆیە ئەگەر لە روویەکەوە لێکچوون لەگەڵ سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی






گوڵان
ژمارە (٧٣١)
٢٠٠٩/٥/٤

جیهانی سێیەم لەگەڵ یەکێك لە سەرکردە سیاسیەکانی هۆڵەندا هەبێت، ئەوا لەسەد رووی دیکەوە جیاوازی هەیە، ناکرێت ١٠٠ رووی جیاوازیش بکرێت بە قوربانی روویەکی لەیەکچوو، بەڵام ئەگەر وەك میدیا ئەو لایەنە دیاریکراوە ئەو بانگەشە بکات و ناسنامەی میدیای ئازاد، وەك ئەو کابرایەی دەچێت بۆ حەج یان ژن مارە دەکات، بڵێت گۆڕیومە کەس گلەیی لێ ناکات و لێشی قەبووڵ دەکرێت.

## جەماوەر لەنێوان ماس میدیای حزبی و سەربەخۆدا

مێژووی کاری رۆژنامەنووسی ئازاد و حزبی، دوو بەرەنجامیان پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە، ئەگەر میدیای حزبی بە راستگۆیانە کار بکات و بە هاووڵاتیان و دەنگدەر بڵێت، من وەك میدیایەکی حزبی لایەنگری بیروباوەڕێکی دیاریکراو دەکەم و ئەم بیروباوەڕەی من لایەنگیری دەکەم، لەهەمووان بە باشتری دەزانم دەمەوێت تۆی دەنگدەریش بە باشی بزانیت و دەنگی پێبدەیت، ئەوە مێژوویەکی جوانی بۆ خۆی تۆمارکردووە، توانیویەتی بۆ ئەو لایەنەی بانگەشەشی بۆ دەکات کاریگەری خۆی پیشانبدات، بەڵام ئەگەر میدیای حزبی لەبری ئەوەی کار لەسەر خاڵە بەهێزەکانی خۆی بکات، کەوتە کارکردن تەنها لەسەر خاڵە لاوازەکانی بەرامبەر، ئەوا پێش هەر لایەك زیانی بەو لایەنە گەیاندووە، کە بانگەشەی بۆ دەکات و پرۆسەی هەڵبژاردنەکەشی ناشرین کردووە، ئەگەر لەم راپۆرتەوە وەك نموونەیەك سەیری لایەنگیری میدیای حزبی بکەین بۆ لایەنێکی دیاریکراو دەبینین، هەوڵمانداوە لەسەر لایەنە بەهێزەکانی هاوپەیمانی کوردستان کار بکەین، ئەگەر بۆ روونکردنەوە نەبێت، ئاماژەمان بە لایەنی سلبی هیچ لایەنێکی دیکە نەکردووە، بەڵام بە مافی خۆشمانی دەزانین، بانگەشەی مەدەنیانە بۆ خۆمان بکەین و بە بەرامبەر بڵێین ئێمە بەرنامەی سەدەی بیست ویەکەممان هەیە، ئەوانی دیکەش سەدەی ١٩، ئێمە بۆیە ئەو رێگەیە بە شایستە دەزانین، لەبەرئەوەی ئامانجمان ئەوەیە پرۆسەی هەڵبژاردن، هۆکارێك بێت بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت بۆ کامڵبوونی ئیرادە بۆئەوەی دەنگدەر بە ئیرادەی خۆی دەنگبدات، ئێمە دەمانەوێت، لەم ماوەیەی هەڵبژاردن، گەلی ئێمە ناچار بێت بەدوای زانیاری بکەوێت، بۆیە دەمانەوێت بزانێت، پرۆسەی هەڵبژاردن لەماوەی ٢٠٠ ساڵدا چەند گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، حەزدەکەین، ئێمە ململانێ وکێشمەکێشەکانمان لەسەر ئەوە بێت، بزانین کام میدیا یان رۆژنامە یان گۆڤار دەتوانێت، گەورەترین سەرچاوەی زانیاری بێت بۆ هاووڵاتیان، ئێمە دەمانەوێت هاوڵاتیان بزانن، پرۆسەی پەرەپێدان چۆن سەرکەوتوو دەبێت، نامانەوێت هاووڵاتیان لەکاتی هەڵبژاردن بە جنێودان و تەشهیرکردنی کەرامەتی یەکتری بێزار بکەین، ئێمە دەمانەوێت پیشانی جیهانی بدەین، هەموومان لە ئاستی گەلی خۆمان چەند بچووکین، چۆن لەو کاتەی دەسەڵات دەگەڕێتەوە بۆ گەل، هەموو جوانیەکانی خۆمان دەخەینەڕوو، بۆ ئەوەی سەرداری گەل لێمان رازی بێت و متمانەمان پێبکاتەوە.

بێگومان رۆڵی میدیای ئازاد بەراستگۆیی مامەڵەکردنی لەگەڵ جەماوەر لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا زۆر لە رۆڵی ماس میدیا حزبیەکان گەورەترە، زیاتر خزمەتی دادپەروەری و سەرخستنی پرۆسە دیموکراتیەکە دەدات، لای میدیای ئازاد و رۆژنامەنووسی سەربەخۆ بێجگە لە ویژدان و ئەخلاقی رۆژنامەنووسی هیچ سانسۆرێك نییە، هەربۆیە پاراستنی پرۆسە دیموکراسیەکە و هەوڵدانی بۆئەوەی دەنگدەر بە ئیرادەی خۆی دەنگ بدات، لە بانگەشەکردنی بۆ لایەنێکی دیاریکراو بەگەورەتر سەیر دەکات، رۆژنامەنووسی ئازاد و سەربەخۆ بە چاوی بوغز و رقوکینە سەیری لایەنێك ناکات و ئاوازی خۆشیش بۆ لایەنێکی دیکە ناچڕێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی رۆڵی دیاری رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەئاشکراکردنی واتەر گێت ئاماژە پێبکەین، بە جۆرێك دەسەڵاتی نیکسۆنی بێ ئیرادە کردبوو، وەزیرەکانی نیکسۆن دەیانگوت، قەت مەزندەمان نەدەکرد سەرنووسەری واشنتۆن بۆست، هێندە نەزان بێت بەو جۆرە قسەی پروپووچ بڵاو بکاتەوە، ئێستا واتەرگێت کراوە بەفیلم و هەموو کەسێك دەتوانێت سەیری بکات، ئەو کاتەی نیکسۆن ناچارکرا دەستلەکاربکێشتەوە، دەرکەوت سەرنووسەری واشنتۆن پۆست نەزانە، یان ئیدارەکەی نیکسۆن، بۆیە ئەو خزمەتەی واشنتۆن بەپرۆسەی دیموکراتی ئەمریکای کرد، زۆر لەوە گەورەتر بووە، کە سەرۆکی ئەمریکا دەستی لەکارکێشایەوە، بۆیە، واشنتۆن پۆست لەژێر کاریگەری پارتی دیموکراتی ئەم کارەی نەکرد، بەڵکو ئەوەی ئەو کارەی پێکرد، بەرزی مێژووی ئەمریکا و دەستووری ئەمریکا بوو، کە رێگەی نەدا وەك نیشتمانپەروەرێك سووکایەتی بە دەستوورەکەی بە مێژووی باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا بکرێت، بەڵام مەترسیەکە لێرەدایە رۆژنامەیەکی ئەهلی بکەوێتە ژێرکاریگەری گرووپێکی سیاسیی دیاریکراو یان گرووپی بەرژەوەندییەکانی ناوپەرلەمان و هەست نەکات چۆن هەنگاو هەڵدەگرێت یان ئەم راستیە لە خەڵك بشارێتەوە، بۆیە ئەگەرپشتگیریەکەشی ببێتە هۆکاری سەرکەوتنی ئەو گرووپە یان ئەو لایەنە، ئەوا بێجگە لەوەی سووکایەتی بە پرۆسە دیموکراتیەکە دەکات، خاڵێکی رەشیش لەسەر کاری پڕۆفیشناڵی و ئەخلاقی رۆژنامەنووسیش تۆماردەکات.



## رۆژنامەنووس ماری بێس ئۆلیڤر بۆ گوڵان:

# راگەیاندن ئەو کاتە رۆڵی سلبی دەگێرێت کە دەستدەکەن بەهەڵمەتی هێرشکردن بۆ سەر کەسایەتیەکان ولە کەدارکردنیان

**خاتوونی رۆژنامەنووس ماری بێس ئۆلیڤەر ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەبوارەکانی کاریگەری سایکرلۆژی و کۆمەڵایەتی ماس میدیا، سایکۆلۆژیەتی رەگەزپەرستی وجەندەر، هەروەها میتۆدی زانستی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، بۆ قسەکردن لە سەر هەموو ئەم بوارانە پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ماری کردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** بە شێوەیەکی گشتی ئایا راگەیاندن رۆڵێکی ئیجابی یان سلبی دەبینێت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا؟**

- لە راستیدا بەشێك لە کار و ئەرکی راگەیاندن بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی زانیاریەکانە و بەشێکی دیکەی کارەکە قەناعەت پێهێنانیانە کە پێم وایە ئەمەیان ئەرکێکی قورسترە.لە راستیدا هەندێ جار رۆڵێکی سوودبەخش دەگێرێت، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی پەرەپێدان و بوار رەخسان بۆ تێکرای بیروبۆچونە جیاوازەکان بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆیان بکەن و گفتوگۆ لەگەڵ یەکدا بکەن، لە لایەکی دیکەوە دەکرێت کاریگەریکی خراپی هەبێت بە تایبەتی ئەو کاتانەی دەستدەکەن بە هەڵمەتی هێرشکردن بۆ سەر کەسایەتی پاڵێوراوەکان و لەکەدارکردنیان کە لەم کاتەدا کاردانەوەی خەڵك بێ متمانەی و بایەخپێنەدانیان دەبێت بەم دەزگایانە.

*** ئایا چۆن رۆژنامەگەری دەتوانێت ئەخلاقیاتی پیشەکە بپارێزێت لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆرباشە، چونکە ئەگەر لە راگەیاندن لە وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکادا بروانین ئەوا کەنالێکی وەك «فۆکس نیوز» بەدی دەکەین کە پشتگیری لە کۆماریەکان دەکات، بەڵام ئەگەر راشکاوبم لەگەڵتاندا ئەوا من دڵنیانیم کە وەڵامەکەی دەزانم. بەڵام پابەندیشە بە پرانسیپە ئەخلاقیەکانی کاری رۆژنامەنووسیشەوە.

*** بەڵام هەندێك پێیانوایە کاتێك راگەیاندن لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لایەنگری بۆ بۆچونێك یان هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو دەکات، رۆڵێکی خراپی دەگێرێت؟**



- زۆر کەس پێیانوایە راگەیاندن بۆتە هۆی گەورەکردنەوەی جیاوازیەکان نێوان خەڵك، لەبەرئەوەی هەڵوێست و تیروانینی سیاسیی زۆر جیاواز بڵاودەکەنەوە، بۆ نموونە لە کاتی ململانێی نێوان کۆماری و دیموکراتەکاندا، کۆماریەکان پەنا بۆ کەناڵی «فۆکس نیوز»دەبەن کە ئەم کەناڵەش لایەنگیری هەیە بۆ کۆماریەکان و بەو شێوەیە مەسەلەکان دەخاتەروو کە ببێتەهۆی ئەوەی لایەنگرانی کۆماریەکان پتر موحافیزکاربن، رەنگە ئەمە سەربکێشێت بۆ دروستبوونی خیتابێکی سیاسی کە پتر خۆی سەرقاڵ بکات بەهێرشکردنەسەر کەسایەتی پاڵێوراوەکانەوە، نەك گفتوگۆیەکی جیدی مەسەلەکان.

*** لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا، چۆن دەتوانین ئەم کاریگەریە خراپ و سلبیەی دەزگاکانی راگەیاندن کۆنترۆڵ بکەین؟**

- لە راستیدا ئێمە باس لە راگەیاندنی ئازاد دەکەین بەو چەشنەی کە ناچار نیە بەشێوەیەك لە شێوەکان باس لە پاڵێوراوێکی سیاسی بکات، بەڵام مەرج نییە پشتگیری کردنی حکومەت بۆ راگەیاندن کارێکی خراپ بێت تا ئەو کاتەی حکومەت دەستێوەردان ناکات لە دیاری کردنی ئاراستەی ئیشکردنی راگەیاندندا، بەڵام زۆرجار ئامانجە بازرگانی و رێکلامەکان ئاراستەی کاری راگەیاندن دەکەن، یاخود زۆرجار ئەگەر لایەنێکی دیاری کراو پشتگیری راگەیاندن بکات ئەوا رەنگە نەتوانرێت رەخنەی لێبگیرێت، بۆ نموونە ئەگەر کارگەیەك پشتگیری لە رۆژنامەیەك کرد و دواتر دەرکەوت کە ژینگە ژەهراوی دەکاتن، رەنگە ئەو رۆژنامەیە نەتوانێت راپۆرتێك لەسەر ئەم حاڵەتە بڵاوبکاتەوە لە ترسی لەدەستدانی پشتگیری دارایی ئەم کارگەیە.

*** ئەگەر بمانەوێت راگەیاندن بە ئاراستەیەکی باش و ئیجابیدا کاربکات، ئایا ئەو هەل و مەرجانە چین کە دەبێت لە ئارادابن بۆ ئەوەی راگەیاندن بە ئاراستەی راست و دروستدا بروات؟**

- لە راستیدا باشترین کارێك بکرێت ئەوەیە رێگە لە دەستێوەردان بگرین لە کارکردنی دەزگاکانی راگەیاندندا.

*** بەو پێیە سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی راگەیاندن رون نیە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە لە سەر ئەوەی راگەیاندن ئازاد نەبێت؟**

- لە وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکادا چەند دەزگایەکی گشتی هەیە کە خەڵکانێك زۆر هەیە لە رووی داراییەوە یارمەتیان دەدەن، بۆ نموونە من یەکێکم لەو کەسانەی کە ئەم کارەم دەکەم لەبەر ئەوەی من پتر باوەڕم بە راستگۆی کارەکانیان هەیە.

**مەرج نییە پشتگیری کردنی حکومەت بۆ راگەیاندن کارێکی خراپ بێت تا ئەو کاتەی حکومەت دەستێوەردان ناکات لە دیاری کردنی ئاراستەی ئیشکردنی راگەیاندندا**

روژنامەنوس نیکۆلا گەتگۆلد بۆ گولان:

# ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن نەتوانن داهاتی خۆیان دابین بکەن نابنە راگەیاندنی ئازاد

**خاتوونی رۆژنامەنووس نیکۆلاس گەتگۆلد ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی لیهی و نووسەری کتێبی مادام پرێزدنت سپیکە و گەیاندن بۆ دەسەڵاتی ئافرەتە (Madam President Speaks; The Communication of Women in Power) ئەم کتێبەی لە ساڵی ٢٠٠٧ی بۆ خاتوو هیلاری کلینتۆن نووسیووە وەك کاندیدێکی ئافرەت بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا و، خۆیشی هەڵمەتی خیتابەی بۆ گێراوە لە تەلەفزیۆنی PBS، پسپۆر و تایبەتمەندیشە لە خیتابی ژن لە هەڵبژاردن و بنەما زانستییەکانی فێربوونی خیتاب، بۆ قسەکردن لەسەر کاریگەری راگەیاندن لەسەر هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و وەك یەکێك لە بەشداربووەکانی هەڵمەتەکانی خاتوو هیلاری کلنتۆن، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر ورۆژنامەنوو خاتوو گەتگۆلد کرد و بەمجۆرە بۆ گولان هاتە ئاخاوتن.**

*** شۆرشی تەکنەلۆژیا بواری راگەیاندنی بەجۆرێك فراوانکردووە، کە راگەیاندن رۆڵێکی هێجگار گەورە بگێرێت، ئایا ئەو رۆڵە گەورەیە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا چۆن بەرجەستە دەبێت؟**

- من پێموایە رۆژ بە رۆژ رۆڵی راگەیاندن زیاتر گەورەدەبێت، لەبەرئەوەی دەنگدەران بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر بەرنامە سیاسیەکان و کەسایەتی پالێوراوەکان و هەڵوێست و تێروانینیان پەنا بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دەبەن، بە تایبەتی ئەنتەرنێت و تەلەفزیۆنەکان. ئەوە من سەرنجم داوە ئەوەیە دەزگاکانی راگەیاندن زیاتر و زیاتر لەسەر ئەوە کاردەکەن کە ئەوە بخەنەروو ئایا لێدوان و وەڵامدانەوەی سیاسی و پالێوراوەکان لە کاتی گفتوگۆ و کۆبونەوە جەماوریەکان و چاوپێکەوتنەکاندا تا چ رادەیەك راست و دروستن، ئایا راستن یان هەڵە.

*** بەڵام لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لایەنگری بۆ بۆچونێك یان هەڵوێستێکی سیاسی دیاریکراو دەکات، لەم دۆخەدا راگەیاندن چ رۆڵێکی خراپی دەبێت؟**

- کاریگەریە خراپەکە ئەوەیە دەزگاکانی راگەیاندن تەفزیلی لایەنێکی دیاری کراو دەکەن و پتر هەواڵ و کار و چالاکی



ئەوە لایەنە پەخش و بڵاودەکەنەوە و بایەخێکی کەمتر بە لایەنەکانی دیکە دەدەن.

*** دەتوانین ئەم کاریگەریە خراپ و سلبیەی دەزگاکانی راگەیاندن کۆنترۆڵ بکەین؟**

- دەتوانین لە رێی چاودێریکردنی ئەم دەزگایانەوە ئەم کارەبکەین، واتە ئەوە ئاشکرابکەین و ئەوە بخەینەروو کە دەزگاکانی راگەیاندن هاوسەنگی و بێلایەنیان نەپاراستووە لە کاتی تەغتیەکردن و خستنەرووی پرسەکان و بواردان بە تێکرای لایەن و پالێوراوەکان بۆ ئەوەی دید و تێروانینی خۆیان بگەیەنن.

*** ئایا ئەو هەلومەرجانە چین کە دەبێت لە ئارادابن بۆ ئەوەی راگەیاندن بە ئاراستەی راست و دروستدا بروات؟**

- من پێموایە دەبێت راگەیاندن پابەند بێت بە پێوەرە پیشەییەکانەوە، هەروەها دەبێت رۆژنامەنوسان و راگەیاندنکاران چاودێری کارەکانی خۆیان بکەن، بۆ نموونە کەمتر خۆیان سەرقاڵ بکەن بە مەسەلە روواڵەتیەکانەوە و گفتوگۆیەکی جیددی لەسەر پرس و مەسەلەکان بکەن.

*** لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی راگەیاندن روون نییە، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری هەیە لە سەر ئەوەی راگەیاندن ئازاد نەبێت؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەمە کاریگەری هەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن نەتوانن سەرچاوەی دارایی خۆیان دابین بکەن، ئەوا رەنگە نەتوانن ببنە راگەیاندنێکی ئازاد.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من پێموایە خەڵکی زیاتر و زیاتر روودەکەنە تۆری ئەنتەرنێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پالێوراو و لایەنە سیاسیەکان.

پێموایە خەڵکی زیاتر و زیاتر روودەکەنە تۆری ئەنتەرنێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پالێوراو و لایەنە سیاسیەکان

ڕۆژنامەنووس ڕوسڵ فرانك بۆ گوڵان:

# ئەگەر دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئازاد و بێلایەن نەبن ئەوا زانیاری و هەواڵی شێواو بە هاووڵاتیان و دەنگدەران دەدەن

**ڕۆژنامەنووس ڕوسڵ فرانك، ئوستادی ڕۆژنامەوانیە لە زانكۆی پەنسلڤانیا و ماوەی ١٢ ساڵ نووسەر وستوننووسی ڕۆژنامەی دەیلی تایمز بووە. پرۆفیسۆر فرانك لە هەردوو بواری ئەكادیمی و پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەگەری ئەزموونێكی دیاری هەیە. بۆیە سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن پەیوەندیمان پێوە كرد و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا دەقا و دەق ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئازاد لە هەڵبژاردنەكاندا چییە؟**

- ڕۆڵی ڕاگەیاندن ئاشناكردنمانە بە بە هەڵوێست و دید و تیڕوانینی پاڵێوراوەكان و بەرنامە سیاسیەكانیان. بەڵام من پێموایە ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێكی خراپ و سلبی ببینێت ئەگەر زیاتر جەخت لەسەر مەسەلە پەراوێزی و كەم بایەخەكان بكاتەوە و پتر بە لەكەداركردنی كەسایەتیەكانەوە خۆی سەرقاڵبكات، لە بری ئەوەی تەغتیە مەسەلە گرنگ و جیددیەكان بكات.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن ئاشناكردنمانە بە هەڵوێست و دید و تیڕوانینی پاڵێوراوەكان و بەرنامە سیاسیەكانیان

*** كەواتە، چۆن ڕۆژنامەگەری دەتوانێت ئەخلاقیاتی پیشەكە بپارێزێت لە كاتی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا؟**

- لە ڕێی پاراستنی بێلایەنیەوە، واتە تەفزیلی لایەنێكی سیاسی یان پاڵێوراوێك نەدات بەسەر لایەن و پاڵێوراوەكانی دیكەدا، هەروەها لەوە بكۆڵێتەوە ئایا لێدوان و وەڵامدانەوەی پاڵێوراوەكان تا چ ڕادەیەك ڕاست و دروستن.ئەگەر دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئازاد و بێلایەن نەبن ئەوا زانیاری و هەواڵی شێواو بە هاوڵاتیان و دەنگدەران دەدەن.

*** لە بارودۆخێكی لەم چەشنەدا، چۆن دەتوانین ئەم كاریگەریە خراپ و سلبیەی دەزگاكانی ڕاگەیاندن كۆنترۆڵ بكەین؟**

- لە ڕاستیدا لە ڕووی نەزەریەوی دەبێت ڕۆژنامەگەری ئازاد بێت و نابێت ڕاگەیاندن لە لایەن حكومەت، یان هیچ لایەنێكی سیاسی دیكەوە كۆنترۆڵ بكرێت بۆ ئەوەی زانیاری شێوێنراو بە هاوڵاتیان و خەڵك نەگات. مەسەلەكە ئەوەیە دەبێت



بواری ململانێی بۆ تێكڕای دەزگاكانی ڕاگەیاندن بڕەخسێنرێت تاوەكو ڕای گشتی ئەو بڕیارەبدەن چ دەزگاكەیەكی ڕاگەیاندن زانیاری شێواو بڵاودەكاتەوە، پێم وایە دەبێت ئەمە كۆنترۆڵەكە بێت.

*** ئایا ئەو هەل و مەرجانە چین كە دەبێت لە ئارادابن بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بە ئاڕاستەی ڕاست و دروستدا بڕوات؟**

- دەبێت ڕۆژنامەنوسانی پیشەوەر و مەشقپێكراو لەم بوارەدا كاربكەن، نابێت حكومەت دەستێوەردان لە كاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا بكات، هەروەها دەبێت ڕاگەیاندن كار بۆ ئەوە بكات پاڵێوراوەكان بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەوە، بە تایبەتی بەرپرسیارێتی ئەو كارانەی لە ڕابردودا ئەنجامیان داوە.

*** بەو پێیە سەرچاوەی دارایی دەزگاكانی ڕاگەیاندن ڕون نیە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك كاریگەری هەیە لە سەر ئەوەی ڕاگەیاندن ئازاد نەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەم كێشەیە لە وڵاتە یەككگرتوەكانی ئەمەریكاشدا بوونی هەیە، واتە ئەگەر دەزگاكانی ڕاگەیاندن نەتوانن داهاتی پێویست بەدەست بهێنن ناتوانن بەردەوامی بە كارەكانی خۆیان بدەن، بەو پێیە ناتوانن زانیاری پێویست بە هاووڵاتیان بدەن. بۆ چارەسەركردنی ئەم كێشەیەش مشت و مڕ لەسەر ئەوە دەكرێت حكومەت دارایی بۆ ئەم دەزگایانە دابین بكات بێ ئەوەی دەستێوەردان لە بڕیارەكاندا بكات، هەرچەندە زۆركەس نیگەرانن لەم ڕووەوە لەبەرئەوەی پێیانوایە لە دواجاردا حكومەت هەر دەستێوەردان دەكات.

*** دوا وتەت چیە؟**

- ئەوەی جێی سەرنج من و كەسانێكی زۆری دیكەیە ئەوەیە كە ڕۆژنامەنوسان كارێكی پڕ لە مەترسی دەكەن كاتێك خەڵكی باوەڕیان پێناكات كە سەربەخۆن و بۆ حكومەت كارناكەن، بۆ نموونە دەستگیركردنی ئەو ڕژنامەنوسە ئەمەریكیە لە لایەن ئێرانەوە بە تۆمەتی سیخوڕیكردن، یاخود كوشتنی ڕۆژنامەنوسی ئەمەریكی دانیەڵ پێرل لە پاكستاندا، لەبەر ئەوە من پێموایە گرنگە باوەڕ بەوەبهێنین كە ڕۆژنامەنوسان كار بۆ حكومەتەكانیان ناكەن، بەڵكو بۆ ئەوە كاردەكەن زانیاری پێویست بەدەست بهێنن تاوەكو بۆ ڕای گشتی بڵاوبكەنەوە.

رۆژنامەنووس شیام ساندەر بۆ گوڵان:

# ڕۆژنامەنووس یان دەبێت بێلایەن بێت و دەرفەت بۆ تێکڕایی تێڕوانینەکان بخوڵقێنیت، یان دەبێت بە ئاشکرا لایەنگری خۆی بۆ لایەنێکی دیاریکراو ڕابگەیەنێت

**پرۆفیسۆری رۆژنامەنووس شیام ساندەر ئوستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی پێن ستەیت و پسپۆر و تایبەتمەندە لەبوارەکانی هۆشیاری میدیا و کاریگەری میدیا، تیۆری گەیاندن و میتۆدی توێژینەوە لە بوارەکانی گەیاندن، هەروەها چەندین توێژینەوەی لەم بوارەدا کردووە و بەدەیان وتاریشی لەسەر ئەم بوارانە بڵاو کردۆتەوە، سەبارەت بە لایەنداری میدیایی ئازاد لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن پێوەندیمان پێوەکرد و بەڕێزی بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**



*** ئەگەر راگەیاندن لەچوارچیوەی ئەخلاقی پیشەکەی و ویژدانی رۆژنامەنووسەکە هەڵبسەنگێن، ئایا کاریان چییە؟**

- ڕۆڵی ڕاگەیاندن بڵاوکردنەوە و پێدانی زانیاریەکانە بە دەنگدەران و هاوڵاتیان، هەروەها خستنەڕوی بیروبۆچون و هەڵوێست و تێڕوانینی پارت و لایەنە سیاسیە جیاوازەکانە، ئەگەرچی هەندێ لە لایەنەکان دەتوانن دارای و داهاتەکانی خۆیان بۆ ئەنجامدانی ڕیکلامی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەیی بەکاربهێنن.

***کەواتە ڕۆژنامەگەری دەتوانێت ئەخلاقیاتی پیشەکە بپارێزێت لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا؟**

- باشترین شت ئەوەیە ڕاگەیاندن بێلایەن بێت لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی بیروبۆچونە جیاوازەکان، بەڵام هەندێ جار تەنانەت لە دەوڵەتە گەشەکردوەکانیشدا هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ئاشکرا لایەنگری دەکەن، بەڵام گرنگە ئەوەیە کراوە بن لە ئاست ئەم لایەنگریەیاندا، مەبەستم ئەوەیە ڕایبگەیەنن، بۆ نموونە کەناڵی «فۆکس نیوز»ی ئەمەریکی بە ئاشکرا پشتگیری لە کۆماریەکان دەکات و هەر کاتێکیش ڕەخنەی لە دیموکراتەکان گرت ئەوا دەزانرێت لەسەر چ بنەمایەك ڕەخنەدەگرێت، چونکە ئەگەر ڕۆژنامەیەك لە ڕواڵەتدا بێلایەن خۆی خستەڕوو، بەڵام دەرفەتی یەکسان بەلایەنە جیاوازەکان نەدا ئەوا ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە کارێکی پێچەوانەی ئەخلاقی پیشەکەی کردووە. کەواتە یان دەبێت بێلایەن بێت و دەرفەت بۆ تێکڕایی تێڕوانینەکان بخوڵقێنیت، یان دەبێت بە ئاشکرا لایەنگری خۆی بۆ لایەنێکی دیاری کراو ڕابگەیەنێت.

*** ئەگەر بە لایەنە پابەند نەبوو ئایا ئەو دەرهاویشتە سلبیانە چین کە لێی دەکەوێتەوە؟**

- ئەگەر ڕاگەیاندن ئازاد نەبێت، ئەوا لە لایەن لایەنێکی دیاری کراوەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئەو لایەنەش یان حکومەتە، یاخود پارتە سیاسیەکانن، کە لەم کاتەدا دەبێت بە ئاشکرا ڕایبگەیەنن کە پشتگیری لە تێڕوانینێکی سیاسی دیاری کراو دەکەن، یاخود ئەو ڕاگەیاندنە لە لایەن پارتێکی سیاسی دیاری کراوەوە دارایی بۆ دابین دەکرێت. لەم کاتەدا ڕای گشتیش ئەم ڕاستیە لەبەرچاو دەگرێت و ئەوە ڕەچاو دەکات کە چ لایەنێك پشتگیریان دەکات یان داراییان بۆ دابین دەکات. بەڵام ئەگەر ئەم راستیە بشانەوە کارێکی باش ناکەن.

*** ئەو مەرجانە چیین پێویستە لە راگەیاندنی ئازاد و بەرپرسیاردا هەبێت؟**

- دەبێت ڕاگەیاندنەکان خاوەنی میسداقیەت بن، متمانەیان هەبێت لای هاوڵاتیان، دواتر دەبێت ئەو حوکمە بۆ خەڵك جێبهێڵین کە ئایا ڕۆژنامەکان کارێکی پیشەگەرەکانیان کردووە، مەوزوعیانە و بێلایەنانە تەغتیەی پرس و مەسەلەکانیان کردووە و ئایا ڕێگایان بە بڵاوبونەوەی تێکڕای بیروبۆچونە جیاوازەکان داوە. چونکە ئەگەر ڕاگەیاندن مەوزوعی و خاوەن میسداقیەت بن، دەتوانن پەرە بە گفتوگۆیەکی گشتی بدەن، بەو پێیە دەرفەت بۆ بەشداری خوێنەر، بیسەر و بینەر بخولقێنن بۆ گوزارشتکردن لە بیروبۆچونەکانیان. بەو پێیە خیتابێکی مەدەنی دروست دەبێت کە گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ دیموکراسی.

*** چۆن بەم ئاراستەیە راگەیاندن دەتوانێت داهاتی خۆی دابین بکات، مەبەستم ئەوەیە بێ لایەن بێت؟**

- دەبێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرین کە ڕاگەیاندن داراییەکی زۆری دەوێت بۆ هەڵسوڕاندنی و هەرچەندە دامەزراوەیەکی گشتی نییە، بەڵام بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، بۆیە دەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەواوی سەرچاوەکانی دارایی خۆیان ئاشکرا بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لە ئاڕاستەی کارکردنیان تێبگەین.

ئەگەر رۆژنامەیەک لە ڕواڵەتدا بێلایەن خۆی خستەڕوو، بەڵام دەرفەتی یەکسان بەلایەنە جیاوازەکان نەدا ئەوا ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت کە کارێکی پێچەوانەی ئەخلاقی پیشەکەی کردووە


رۆژنامەنووس رۆبەرت ترمپبور بۆ گوڵان:

# رۆژنامەنووس چۆن رەخنە لە کاربەدەستان دەگرێت، دەبێت ئاماژەش بە کارە سەرکەوتووەکانی حکومەت بدات و ئەم هەستیاریە بپارێزێت

**پرۆفیسۆر رۆبەرت ترمپبور ئوستادی گەیاندنە لەزانکۆی ئیلینۆس و پسپۆر وتایبەتمەندە لەسەر رووداوە سیاسیی وکۆمەڵایەتیەکان و یەکێکە لە رۆژنامەنووسەکانی کەناڵی CBS. بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی میدیای ئازاد پێوەندیمان کرد بە پرۆفیسۆر رۆبەرت و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

**• راگەیاندن رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، لە رێی ئاگادارکردنەوەی دەنگدەرانەوە، پرسیارەکە ئەوەیە دەقا و دەق رۆڵی راگەیاندن چییە لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- دەزگاکانی راگەیاندن رۆڵ و کاریگەری زۆریان هەیە لە سەر هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، گرنگترین رۆڵی راگەیاندن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە، کە تەحەکوم بە بڵاوبونەوەی زانیاریەکانەوە دەکەن، ئەوان بڕیار دەدەن چ زانیاریەك بڵاوبێتەوە و رێگە لە بڵاوبونەوەی چ زانیاریەك بگرن. ئەگەر سیستمێکی سەقامگیری راگەیاندنمان هەبێت، ئەوا تێکڕای لایەنە جیاوازەکان دەرفەتیان بۆ دروست دەبێت بۆ گەیاندن و خستنەڕوی تێڕوانین و هەڵوێستەکانیان.




**• دەبێت کاری رۆژنامەگەری کارێکی پیشەگەرانە بێت، واتە پابەند بێت بە ئەخلاقیاتی پیشەکەوە و بێلایەنی خۆی بپارێزێت و لە بەرژەوەندی لایەنێکی دیاری کراو کارنەکات، چۆن رۆژنامەگەری دەتوانێت ئەخلاقیاتی پیشەکە بپارێزێت لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا؟**

- گرنگترین خاڵ ئەوەیە راگەیاندن پێوەرە پیشەییەکان بپارێزێت و تەفزیلی لایەنێکی دیاریکراو نەدات بەسەر لایەنەکانی دیکەدا، بۆ نموونە دەبێت لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا پرسیاری قورس لە تێکڕایی بەشداربوەکان و پاڵێوراوەکان بکات دەربارەی ئەو پرس و مەسەلانەی کە جێی بایەخن و پەیوەستن بە بەرژەوەندی گشتیەوە. پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن خاوەنی میسداقیەت بن، بە گیانی بەرپرسیارێتیەوە ئەرکەکانی خۆیان ئەدابکەن و ببنە جێی متمانەی خەڵك، کە من پێم وایە راگەیاندنی مەوزوعی و بەرپرسیارانە بوار بۆ تێکڕای دید و تێڕوانینە جیاوازەکان دەرەخسێنێت.

**• لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان یان وڵاتانی دوای شەڕدا، راگەیاندن رۆڵی سروشتی و راستەقینەی خۆی نابینێت لەبەر ئەوەی هێشتا بە تەواوەتی گەشەی نەکردووە، واتە لە کاتێکدا خۆی بە راگەیاندنێکی ئازاد دەزانێت، بەڵام لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا لایەنگری بۆ بۆچونێك یان هەڵوێستێکی سیاسی دیاری کراو دەکات، لەم دۆخەدا راگەیاندن چ رۆڵێکی خراپی دەبێت؟**

- من پێموایە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا کارمەندانی بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەری کار و کۆششێکی جیددی دەکەن بۆ دروستکردنی راگەیاندنی مەوزوعی و خاوەن میسداقیەت لە هەل و مەرجێکی سیاسی سەختدا. راگەیاندنی ئازاد و کراوە لەبەرژەوەندی ئەم وڵاتانەدایە، بەڵام زۆرجار لە لایەن کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانەوە هەڕەشە لە ژیانی رۆژنامەنوسان دەکرێت، لە بەرامبەر ئەو کارانەی دەبنەهۆی دروستکردنی گومان و پرسیار لە سەر ئەدای ئەو کاربەدەست و حکومڕانانە، لە ڕاستیدا لە هەندێ لە وڵاتاندا راگەیاندنکار و رۆژنامەنوسان کارێکی یەکجار بوێرانە ئەنجام دەدەن و شایستەی ستایشکردنن و من تەواو هاسۆزم لەگەڵیاندا، چونکە کارێکی پڕمەترسی ئەنجام دەدەن و خۆیان ڕوبەڕوی هەڕەشە دەکەنەوە، ئەمە ڕەنگە لە شوێنێکی وەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا رۆژنامەنوسان دووچاری ئەم هەڕەشە و مەترسیانە نەبنەوە، ئەگەر هاتو کارێکیان ئەنجامدا کە جێی ئاسودەی بەرپرس و کاربەدەستانی دەوڵەت نەبێت.

**• ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن لایەنگیری و تەفزیلیان هەبوو بۆ لایەنێکی دیاری کراو، ئەوا ڕەنگە ئەمە ڕەنگدانەوە و کاریگەری خراپی لێبکەوێتەوە لە سەر ئاراستەی هەڵبژاردن**

**گرنگترین رۆڵی راگەیاندن لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە، کە تەحەکوم بە بڵاوبونەوەی زانیاریەکانەوە دەکەن، ئەوان بڕیار دەدەن چ زانیاریەک بڵاوبێتەوە و رێگە لە بڵاوبونەوەی چ زانیاریەک بگرن**



**و ئیختیاری دەنگدەران، پرسیارەکە ئەوەیە لــە بارودۆخێکی لەم چەشـــنەدا، چۆن دەتوانین ئەم کاریگەریە خراپ و سلبیەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کۆنترۆڵ بکەین؟**

- لە ڕاســتیدا دەکرێت لــە زۆر ڕووەوە کۆنترۆڵــی دەزگاکانــی ڕاگەیاندن و سیســتمی ڕاگەیاندن بکرێت، بۆ نموونە دەکرێــت دەوڵەت و دامەزراوە حکومیەکان کۆنترۆڵی ڕاگەیاندن بکەن، دەکرێت ڕای گشــتی ببێتەهێزی کۆنترۆڵ، هەروەها بۆی هەیە ئاراستە و ئامانجە بازرگانیەکان بتوانن کۆنترۆڵی چۆنیەتی هەڵسوڕانی ئەم دەزگایانە بکەن. مەســـەلەکە ئەوەنیە ئایا باس لــە وڵاتانی گەشــەکردو یان تازەگەشەکردو دەکەین، مەسەلەکە ئەوەیە سیســـتمێکی ئازاد و کـــراوە پارمەتیدەر دەبێت لە بەردەوامبوونــی کۆمەڵگەکە، ئەگەر ڕاگەیاندن میسداقیەتی لەدەستدا، ئەوا ڕەنگە خەڵکی گوێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بگرن و ســەیریان بکەن، بەڵام بە گومانەوە لــە ناوەڕۆکەکەی دەڕوانن، لەبەر ئــەوەی نازانن باوەڕ بە چی بکەن، واتە دەکرێت دەســەڵاتداران ڕاگەیاندن لە بەرژەوەنــدی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام ڕەنگــە دەرئەنجامەکــە ئەوەبێت خەڵکی متمانەیان بــەم دەزگایانــە نەمێنیت و بە چــاوی گومانــەوە لــە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانیان بڕوانــن. هەروەها ئەگەر سیستمی ڕاگەیاندن ئازاد و کراوە نەبێت، ئەوا کاریگەری خراپی لەسەر میسداقیەتی هەڵبژاردنەکانیش دەبێت.

**• ئەگــەر بمانەوێــت ڕاگەیانــدن بــە ئاراستەیەکی باش و ئیجابیدا کاربکات، ئایا ئەو هــەل و مەرجانە چین کە دەبێت لــە ئارادابن بــۆ ئــەوەی ڕاگەیاندن بە ئاراستەی ڕاست و دروستدا بڕوات؟**


- هەر کۆمەڵگە و کولتوورێك هەلومەرج و بارودۆخی خــۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، من باوەڕم وایە دەتوانین لە هەمو کەلتور و کۆمەڵگەیەکدا کار بۆ پێکهێنانی سیستمێکی باشــتری ڕاگەیاندن بکەین، بۆ نموونــە دەتوانین هەنــگاو بنێین بۆ پاراســتنی ڕۆژنامەنوسان لەو هەڕەشە و مەترسیانەی ڕوبەڕوی دەبنەوە، پاراستیان لــە دەســتگیرکردن و زیندانیکــردن، لە لایەکی دیکەوە دەبێت نوخبەی دەسەڵاتدار و حکومڕانەکان بەرپرســیاربن لە ئاســت کردەوەکانیانــدا، بە هەمان شــێوە دەبێت ڕاگەیاندنیــش بەرپرســیارانە کاربکات و ببێتــە جێی متمانــەی خەڵك، واتە لە کاتێکدا ڕەخنە و گومان لە کاربەدەســتان دەکات لە سەر ئەو کردەوانەی کە ئەگەری ئەوەیــان لێدەکرێــت کاری ناڕەوابن، ئەوا دەبێــت لە هەمان کاتدا ئاماژە بە کارە باش و سەرکەوتوەکانی دەسەڵاتیش بکەن، ئەمە هاوسەنگیەکی هەستیاریە کە دەبێت بیپارێزن.

**• لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ڕاگەیاندن نەبۆتە پرۆژەیەکــی بازرگانی، بەو پێیە سەرچاوەی دارایی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕون نیــە، ئایــا ئەمە تــا چ ڕادەیەك کاریگەری هەیە لە سەر ئەوەی ڕاگەیاندن ئازاد نەبێت؟**

- لــە ڕاســتیدا ئەمــە کێشــەیەکی بەردەوامــە لە وڵاتانی جیهانی ســێ و وڵاتــە تازەگەشــەکردوەکاندا کە زۆرجار ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندندا کاردەکەن توانای دابینکردنی دارای پێوســتیان بۆ دروســتکردن و بەڕێوبردنی سیستمێکی ڕاگەیاندنی کارا.

**• دوا وتەت چیە؟**

- من ستایشــتان دەکەم و دەستخۆشیتان لێدەکــەم بــۆ ئــەو کارەی دەیکــەن لە وروژاندنی ئەم پرس و مەسەلە گرنگانە و ئومێــدی ئەوەتــان بۆ دەخــوازم کە دەرئەنجامی خوازراو بەدەســتبهێنن لەو کارەی ئەنجامی دەدەن.



گرنگترین خاڵ ئەوەیە ڕاگەیاندن پێوەرە پیشەییەکان بپارێزێت و تەفزیلی لایەنێکی دیاریکراو نەدات بەسەر لایەنەکانی دیکەدا



# میدیا وەک دەسەڵاتی چوارەم لە بونیادی دیموکراتیدا

**میدیا بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگە چەپڵەی دەسەڵاتی چوارەمی بۆ لێبدرێت، دەبێت پاسەوانی ئازادی و چاودێری ٣ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت بێت، دەبێت لە قەناعەتی هاووڵاتیانیشدا بیسەلمێنێت، کە کاری ئەو پاسەوانی و چاودێریە بۆ بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان**

دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو لەهەموو روویەکەوە لەیەکتری جیاوازن، بەڵام هەمووشیان لەهەڵسەنگاندن بۆ بوارەکانی ئازادییە سیاسیەکان (Political Libertarian)، پەرەپێدانی ئابوری، ماس میدیا، گەشەپێدانی رۆشنبیری، فراوانکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کێشەکانیان لێك نزیکن، یان دەتوانینن بڵێین وەك یەکن، یان یەکپۆشن ( زی الموحد)ن و، هەمان گرفت و ئاستەنگیان هەیە، بۆیە کە باسی گرفتەکانی بونیادی دیموکراتی و ئاستی ئازادی ماس میدیاش دەکەین دەبینین، ئەم گرفتانە تەنها تایبەت نیین بە هەرێمی کوردستان و، ئەم کێشەیە کێشەی زۆربەی ئەو وڵاتانەشە کە بەهەمان قۆناخی گواستنەوە بەرەو بونیادی دیموکراتی و بازاڕی ئازاد هەنگاو هەڵدەگرن. وڵاتانی ئەورپای ناوەڕاست و ئەورپای رۆژهەڵات و دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، کە پانتایی ١٢ کاتی جیاواز، واتە ١٢ تایم زۆن دەگرێتەوە، لەسەر ئاستی ماس میدیای ئازاد کێشەی هاوشێوەیان هەیە، ئەمە بەو مانایە نییە ئاستی ماس میدیای ئازاد لە پانتایی هەر ١٢ تایم زۆنەکە وەك یەکە، بەڵکو لە ناو پانتایی ئەو ١٢ تایم زۆنەدا کێشە هاوبەشەکانی ماس میدیای ئازاد لێکنزیکن، هۆکاری ئەو ئاستەنگانەش لە یەکتریەوە نزیکن. لەمبارەوە پرۆفیسۆر دۆسان ریجلیك (Dušan Reljić) تۆژەر لە سەنتەری دیراساتی سیاسەتی نێودەولەتی لەبەرلین دەڵیت: کێشە هاوبەشەکانی ماس میدیا لەم دەوڵەتانە هاوبەشن، دەکرێت بەچەند کێشەیەك پۆلینیان بکەین:

١- لەم وڵاتانەی کە پێیان دەگوترێت پۆست کۆمونیست، یان دەوڵەتانی ناوەراستی ئەورپا، یان دەوڵەتانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان، یان دەوڵەتانی قۆناخی راگواستن، کێشەی سەرەکیان پێناسەکردنی ئەو زارەوەیە کە بۆ ئەم قۆناخەی دوای کۆمونیست بۆ خۆیان دایانناوە، لەبەرئەوەی لەسەر بڕیاردان لەسەر ئەو پێناسەیەی بۆ خۆیانی دادەنێن پێناسەی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە بە ماس میدیاشەوە دەکەنەوە، هەربۆیە ئەو بنەمایانەی دەکرێنە بنەما بۆ بڕیاردان لەسەر دەسەڵاتی میدیا، دەرهاویشتەی ئەو پێناسەیە دەبێت.

٢- کێشەی دووەمی ئەم کۆمەڵگایانەیە سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییە، پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی چییە و چۆن پێناسە دەکرێت؟ پەندێکی ئەڵمانی هەیە بەمجۆرە پێناسەی کردووە: ( کۆمەڵگەی مەدەنی نەماسی یە نە گۆشتە Neither Fish، not– Meat) بەپێی ئەم پێناسەیە، ئایا کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵە کەس و گروپە رێکخراوەن کە خۆبەخشانە تەنها بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکەن و هیچ بەرژەوەندیەکی تاکەکەسیان لە هەڵسوڕچاندنی ئەو رێکخراوانە نییە؟ ئەگەر وایە بۆچی دەنگیکیش هەیە بەگومانەوە سەیری رۆڵی ریکخراوە مەدەنیەکان دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر دۆسان دەڵیت:

سەبارەت بەم چەمکە و چۆنیەتی هەڵسوراندنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشـــتوو، دەبێت ڕاشکاو بین و بەبوێری دەست بخەینە سەر ئاستەنگەکان:

أ- لەدەوڵەتانـــی تازەپێگەیشـــتوو بەگشـــتی و دەوڵەتانی پۆســـت کۆمونیســـت بـــە تایبەتی، ڕێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی هەتا ئێســـتاش بەســـتراونەتەوە بەو هاریکاریانەی کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆیان دەنێرێت و ئەگەر ئەم هاریکاریانە ببڕێن، ئەگەر نەڵێین هەمووشیان بەڵام زۆربەی زۆریان بوونیان نامێنێت.

ب- ســـەبارەت بە ماس میدیـــای ئازادیش وەك دامەزراوەیەك کە بانگەشـــەی ئـــەوە دەکات بۆ بەرژەوەندی گشـــتی کاردەکات، هەتا ئێســـتا هاووڵاتیانی ئەو کۆمەڵگایانە ئەوەیان بۆ ســـاخ نەبۆتەوە، میدیای ئازاد ڕۆڵیکی هێجگار گرنگ بۆ بەرژەوەندی گشتی دەگێڕێت، واتە هاووڵاتیان لە ڕۆڵی میدیای ئـــازاد بە گومانن، هۆکاری ئەمەش ئاشـــکرایە لەبەرئـــەوەی زۆربەی ماس میدیاکانی ئەو وڵاتانـــە یان وەك میکانیزمێکن بەدەست حکومەتەوەن، یان ئالەتێکن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گروپ و تاکەس لە کۆمەڵگادا.

ت- ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانـــی ماس میدیـــا، زۆر بەخێرایی چاو بەسەرچاوەی ئەو داهاتانە نەگێڕینەوە، یان ســـەرچاوەی داهاتەکانی خۆیان ئاشکرا نەکەن، ئـــەوە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانـــە گاڵتەیان بەو دروشـــمانە دێت کەبەرزی دەکەنەوە، لەبەرئەوەی ئەوەی بانگەشـــەی بۆ دەکەن و ئەوەی لەســـەر ئەرزی واقیع پیادەی دەکەن پێچەوانەی یەکتری دەبنـــەوە، کە ئـــەم بۆچوونەش دروســـت بوو، واتـــە ماس میدیـــا و ڕێکخراوەکانی مەدەنی با دەوڵەتانـــی ڕۆژئـــاوای دیموکراتیش تەمویلیان بکات، بەڵام بەرهەمەکانیان لەبری ئەوەی ببێتە خزمەت بۆ پرۆسە دیموکراتیەکە، دەبێتە هۆکاری دروســـتکردنی گرفت بۆ پرۆسە دیموکراتیەکە. لـــەم حاڵەتەشـــدا هاووڵاتیـــان وەك ڕێکخراو و دامـــەزراوەی ماس میدیـــای موزەیەف و گەل هەڵخەتێنەر سەیریان دەکەن و متمانە لەنێوان گەل و ئـــەو ڕێکخراوانە نامێنێـــت. هەربۆیە هەندێك چاودێر گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی وێڕای ئەو هەموو پارەیەی کە دەوڵەتانی دیموکراتی ڕۆژئاوا بۆ هاندانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ماس میدیا خەرجـــی دەکات، ئەو ڕێکخراو و مـــاس میدیایانە لەبری ئـــەوەی ببنە هۆکارێك بۆ سەرخســـتنی پرۆســـە دیموکراتیەکە، دەبنە پەردەیەك بۆ تێکشـــکانی پرۆسە دیموکراتیەکە، لەمەش خراپتر ئەو ڕێکخراو و ماس میدیایانانە هیچ پەیوەندیەکیان بە کۆمەڵگەکەوە نامێنێت.

٣- حاڵەتێکی دیکەی بـــاری ماس میدیا لەو وڵاتانـــە، نەمانـــی متمانـــەی هاوڵاتیانە بەو زانیاریانەی ماس میدیـــاکان بڵاویدەکەنەوە،یان لەڕێگـــەی میدیا ئازادەکانەوە دەگەنە دەســـتی هاوڵاتی، لەبەر ئەوەی ئەو زانیاریانەی میدیای ئازاد بڵاویدەکاتـــەوە، گەلێك جار زۆر بەتوندی لەلایەن حکومەتەوە بەدرۆ دەخرێتەوە، ئەم حاڵەتە کە لەهەموو کۆمەڵگاکانی قۆناخی گواستنەوە دووبـــارە دەبێتەوە، گومانی هاووڵاتی لەســـەر زانیاریەکانی میدیای ئـــازاد زیاتر دەکات، کە ئەم بێ متمانیەش دروســـت بوو، واتە میدیای ئازاد کاریگـــەری نامێنێت. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی میدیا ڕووبـــەرووی ئەم بێ متمانەیە نەبێتەوە، هاتوون ئاژانســـێکیان داناوە، بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووس ناچاربێت لە کارەکەیدا ڕاســـتگۆ و وردبیـــن بێت ئـــەو دەزگایـــەش بریتیە لە ( FAIR)واتە: (Fairness، Accuracy in Reporting –ویـــژدان وراســـتگۆیی، ووردبینی لـــە ڕاپۆرتەکانـــدا ) هەربۆیە کاتێك میدیا لەو کۆمەڵگایانە کار بەم بنەمایە ناکات، زانیاریەکانـــی نـــاو میدیایە پێیـــان دەگوترێت (قســـەی نێـــو ڕۆژنامـــەکان، ئەمـــەش واتە میسداقیەتی نییە).

## چی بکەین بۆ ئەوەی ماس میدیا ڕۆڵی دەسەڵاتی چوارەمی بۆ بگەڕێتەوە؟

میدیا بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگە چەپڵەی دەسەڵاتی چوارەمی بۆ لێبدرێت، دەبێت پاسەوانی ئازادی و چاودێری ٣ دەســـەڵاتەکەی دەوڵەت بێت، دەبێت لە قەناعەتی هاووڵاتیانیشـــدا بیسەلمێنێت، کە کاری ئەو پاسەوانی و چاودێریە بۆ بەرژەوەندی گشـــتی هاووڵاتیان، ئەگـــەر میدیا بتوانێت لە جێبەجێکردنـــی ئەم ئەرکەیدا ســـەرکەوتوو بێت و هاووڵاتیـــان متمانـــەی پێبکەن، ئـــەوا لەناو کۆمەڵگە وەك پێویستیەکی پەیوەندار بە زۆربەی لایەنەکانی ڕۆژانە سەیر دەکرێت، لەوانە:

١- میدیای ئـــازاد وەك هێزێکـــی کاریگەر و تەواوکەر بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی سەیردەکرێت.

٢- هاووڵاتیـــان چاوەڕێی ئەوە لەمیدیای ئازاد دەکەن کە دەتوانێت ڕۆڵیکی کاریگەر بگێڕێت بۆ کۆنترۆڵگردنی هەر سێ دەسەڵات ( پەرلەمان، حکومەت، دادوەری ) .

٣- میدیای ئازاد بەدواداچوون دەکات لەســـەر کەرتی تایبەت، کۆنترۆڵ و هاوســـەنگی بازاڕ، بەرژەوەندییە داراییـــەکان دەخاتە ژێر چاودێری یاساوە.

٤- میدیـــای ئـــازاد بـــەردەوام ئـــەو زەنگی ئاگادارکردنەوەیـــە دەبێـــت، کە کەشـــوهەوای کۆمەڵگە لە پیســـبوونی بەدیـــاردەی گەندەڵی بپارێزێت، هاووڵاتیان لەمەترســـی و هەڕەشەی گەندەڵی هۆشیار دەکاتەوە و سکاندالی گەندەڵی ئاشکرا دەکات.

٥- لە کاتی تەنگژەکاندا، میدیای ئازاد کێشەکان ئاڵۆز ناکات، بەڵکـــو ڕۆڵیکی جوان و ڕێکوپێك دەگێڕێـــت، بۆئەوەی زمانی لێکتێنەگەیشـــتن بگۆڕێت بۆ زمانی لێکتێگەیشتن و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بە زمانی ئاشتی.

٦- لەکۆمەڵگەی دیموکراســـیدا میدیای ئازاد لەهەموو شـــوێنێك و لەهەموو بۆنەیەکدا بوونی هەیە، بۆیە هاووڵاتیان دڵنیان و چاوەڕێی ئەوەش لە میدیا دەکەن لەهەموو شوێنیك بوونی هەبێت و لەهەموو شوێنیك پاسەوانی ئازادیەکان بێت.

ئەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکردن، ئەوکاتە میدیا دەتوانێت شـــانازی پێوەبکات، کە هاووڵاتیان ئەو متمانەیـــەی پێبدەن، بەوەی میدیـــا بێجگە لە پاراستنی بەرژەوەندی گشتی کارێکی دیکەی نییـــە، بەرهەمی میدیـــا پێداویســـتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە و هاووڵاتیان ناچاردەبن ڕۆژانە ئەو بەرهەمە وەك پێویستیەکی ڕۆژانەی خۆیان بیکڕن و پێداویستیەکانی خۆیانی پێپڕبکەنەوە.

ئەو پێناسەیە پێمان دەڵێت میدیا بریتیە لە کاری بزنس و بەشێك لە کاری تایبەت و دەبێت وەك هەر سەرمایەکی وەبەرهێنراو لە پرۆژەیەکی تایبەتی، یـــان کۆمپانیایەکـــی بەرهەمهێـــن، لەبازاڕدا بەرهەمەکەی بوونـــی هەبێت و بە ململانێکردن لەسەر بەرژەوەندی گشتی، بەرهەمەکەی خۆی لەبـــازاڕدا ســـاخبکاتەوە، هەربۆیە کاتێك میدیا وەك وێنە و ڕستە ســـەیری ڕووداو و هەواڵەکان نـــەکات و، بندێرەکانی بۆ بەرژەوەندی گشـــتی خوێندەوە، دەبینن بەرهەمێك بەرهەمدەهێنێت، کە لەبازاڕدا داواکاری لەســـەرە و ئەو داواکاریەش چەند پانتایـــی فراوانی بەرژەوەندی گشـــتی هاووڵاتیان بگرێتـــەوە، هێندەی دیکە داواکاری لەســـەر زیاد دەبێت و هێندەی دیکە بازاڕ دوای لێدەکات تیراژی خۆی زیـــاد بکات، بۆئەوەی هاوسەنگی لەنێوان خستنەڕوو و دواکاریدا (عەرز و تەڵەب) دروســـت بکات، بەڵام گرفتەکە لێرەدا دروست دەبێت، کە توخمی بەرژەوەندی گشتی لە ئامانجی میدیای ئازاد بگۆڕێت، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئـــەوNGOs ڕۆژئاوایانەی ئامانج بۆ میدیا دیاریدەکەن. یـــان ئەو گروپ و تاکە کەسانەی تەمویلی میدیاکان دەکەن و ئامانجیان بۆ دیاریدەکەن، یان ئـــەو کۆمپانیانەی بەمەرج ڕێکلامەکانیان دەدەنە میدیاکان، ئەو کاتە ماس میدیـــا هەر ناوێکی لێ بنرێـــت ناتوانرێت پێی بگوترێت میدیـــای ئـــازاد، ئامانجەکەی هەر چیەك بێت ناتوانرێت پێی بگووترێت بەرژەوەندی گشـــتی، هەر ئەرکیك جێبەجێ بکات ناتوانین پێی بڵێن ئەرکی دەسەڵاتی چوارەم و پاسەوانی ئازادی جێبەجێ دەکات. کە نەشمانتوانی هیچ کام لـــەم ناو و ئەرکانە لەمیدیا چاوەڕێ بکەین، ئەوا لەبری ئەوەی زەمینە بۆ بونیادی دامەزراوە و بزنس هەڵبگرێت، دەبێتـــە دەنگێك بۆ ئەوەی بەرگری لەبەرژەوەندی گروپ و تاکەکەس بکات و ئەرکە گرنگەکەی خۆی ون دەکات.

> **میدیا بریتیە لە کاری بزنس و بەشێک لە کاری تایبەت و دەبێت وەک هەر سەرمایەکی وەبەرهێنراو لە پرۆژەیەکی تایبەتی، یان کۆمپانیایەکی بەرهەمهێن، لەبازاڕدا بەرهەمەکەی بوونی هەبێت و بە ململانێکردن لەسەر بەرژەوەندی گشتی، بەرهەمەکەی خۆی لەبازاڕدا ساخبکاتەوە**

کریستۆفەر ئەندرسۆن بۆ گوڵان:

# میدیا ئەو کاتە دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم، کە ڕۆژنامەنووس ڕاستگۆیی و متمانە بکات بەچاودێر بەسەرخۆیەوە، نەک یاساکانی دەوڵەت چاودێر بن بەسەریەوە

دەبێت هاووڵاتیان بزانن پرۆسە سیاسەکە چۆن دەگوزەرێت و چۆن کاروبارەکان بەڕێوەدەچن، دەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو هەستە لای هاوڵاتیان دروست بکەن کە بەشێکن لە یەک کۆمەڵگە و بەهۆی بوونی کۆمەڵە بەرژەوەندیەکی هاوبەشەوە پێکەوە گرێدراون



**کریستۆفەر ئەندەرسۆن ئوستادی گەیاندنە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە دیراساتی ڕۆژنامەوانی و ئۆنلاین و هاووڵاتی ڕۆژنامەنووس، میدیای کۆمەڵایەتی، سەبارەت بەکاریگەری میدیای ئازاد لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، چۆنیەتی بوونی میدیا بە دەسەڵاتی چوارەم پەیوەندیمان بەپرۆ فیسۆر ئەندەرسۆن کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئازادی دەزگاکانی ڕاگەیاندن یەکێکە لە نیشانە و ڕواڵەتەکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی، پرسیارەکە ئەوەیە ڕۆڵی ئەم دەزگایانە چیە لە کۆمەڵگەکەیەکی دیموکراتیدا؟**

- لە بنەڕەتدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن دوو ئەرک جێبەجێ دەکەن، یەکەمیان ئاگادارکردنەوە و بەرچاوڕوونکردنەوەی هاووڵاتیانە بەو زانیاریانەی پێویستە بیزانن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هاووڵاتیان بزانن پرۆسە سیاسەکە چۆن دەگوزەرێت و چۆن کاروبارەکان بەڕێوەدەچن، دووەمیان ئەوەیە دەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو هەستە لای هاوڵاتیان دروست بکەن کە بەشێکن لە یەك کۆمەڵگە و بەهۆی بوونی کۆمەڵە بەرژەوەندیەکی هاوبەشەوە پێکەوە گرێدراون.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش لە قۆناغی تازەگەشەکردندان، دەبێت هەل و مەرجەکە بە چ شێوەیەك بێت بۆ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی ببنە دەزگاگەلێکی کارا؟**

- لە بنەڕەتدا ئەوەی پێویستە ڕەخساندنی کەشێکە تێیدا ئازادانە ڕەخنە لە دەسەڵات و لەو کەسانە بگیرێت کە لە دەسەڵاتدان، ئەمەش پێویستە بە دابینکردنی ئازادیە بنەڕەتیەکانی پەیوەست بە مافی ڕادەبڕینەوە هەیە، واتە دەبێت حکومەت خۆی هەڵبستێت بە هاندانی ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ. لە لایەکی دیکەوە دروستبوونی کۆمەڵە و گروپە بچوکەکان کە بتوانن دەزگای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیان هەبێت گرنگی زۆری هەیە، چونکە زۆرجار ئەو گروپانەی لە ڕووی سیاسیەوە پەراوێزکراون دەرفەتیان بۆ دروست دەبێت بۆ ئەوەی لە ڕێی ڕاگەیاندنەوە کاری خۆیان بکەن.

*** لەو وڵاتانەدا کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن خۆیان لە دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەوڵەت ڕزگاردەکەن و هەنگاو بۆ سەربەخۆی دەنێن، لە سەرەتادا بارودوخێکی پڕ لە پشێوی دروست دەبێت و ئەم دەزگاکایەنەش لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەکە کارناکەن، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا بکرێت؟**

- زۆرجار لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دەزگاکانی ڕاگەیاندن دووچاری دژواری زیاتر دەبنەوە، ڕەنگە بەهۆی بوونی گرژی و ئاڵۆزی درێژخایەنی نێوان گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەوە بێت، یاخود بەهۆی ئاستی بەرزی هەژاری و بیکاری بێت لەو وڵاتەکەدا، یاخود هەمو ئەم هۆکارانە پێکەوە ڕۆڵیان هەبێت لە دروستبوونی بارودۆخێکی پڕ لە پشێویدا، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بەدەر نابن لەم هەل و مەرجە، لەبەر ئەوە دەبێت بە هەستیاریەوە هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەم واقیعەدا بکرێت و من لەو باوەڕەدام لە کۆتاییدا ئەم پشێویە سەقامگیری بە دوادا دێت. من پێمواییە ئەمە پێویستە بە کات هەیە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن ڕووبکەنە ئەودەزگایانەی کە لەگەڵ تێڕوانین و بیروباوەڕەی ئەواندا دەگونجێن و ئەو کاتە ڕاگەیاندن ڕۆڵی بەرهەمداری خۆی دەبینێت.

*** هەندێ لەچاودێرانی ئەم بوارە پێیانوایە، دەبێت ڕاگەیاندن ببێتە پرۆژەیەکی ئابووری و کاڵاکانی ئەم بازرگانیە لە بازاڕەکاندا بفرۆشرێن، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا بەدی دەکەین، بە تیڕوانینی تۆ چۆن دەکرێت ڕاگەیاندن بگۆڕدرێت بۆ پرۆژەیەکی بازرگانی لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە تێکەڵەیەك بێت لە

سیاسی

گوڵان

هەردوو بوارەکە و پێموایە ئەمە هەلومەرجە تەندروستەکەیە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت لە یەك کاتدا ڕاگەیاندنێکی گشتی و بەهێز لە ئارادابێت، لەگەڵ ڕاگەیاندنێکی چالاکی کەرتی تایبەت، واتە حاڵەتە میسالیەکە ئەوەنیە تەنها ڕاگەیاندن کەرتی تایبەت لە ئارادابێت، بەڵکو ڕاگەیاندنێکی گشتیش پێویستە کە دەوڵەت پشتیوانی لێبکات، بەڵام کۆنترۆڵی نەکات، ئەمەش کارێکی زەحمەتە، بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا کە مێژویەکی دورودرێژیان هەیە لە حکومڕانیکردنی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو کەسانەی لە ڕابردودا دەسەڵاتیان بەدەست بوو، جارێکی دیکە جڵەوی فەرمانڕەوایی دەگرنەوەدەست و ئەو حاڵەتەیان پێ قبوڵ ناکرێت کە دەبێت حکومەت پشتگیری لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بکات، بەڵام کۆنترۆڵیان نەکات.

*** کاتێك باس لە ڕاگەیاندنی ئازاد دەکرێت، ڕاستەوخۆ باس لەوەدەکرێت کە ئازادبوونی سەرچاوەی زانیاری خاڵی سەرەکیە لە کاری ڕۆژنامەوانیدا، بەڵام ئەگەر هاتو ڕۆژنامەنووسان سەرچاوەی زانیاریەکانیان بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکارنەهێنا، چۆن دەکرێت ڕوبەڕوی بەپرسیارێتی بکرێنەوە؟**

- ئەوە کارێکی زەحمەتە، من پێموایە ئەمە پێویست بە خوڵقاندن و دروستکردنی کولتورێکی پیشەوەرانە دەکات لەچوارچێوەی پیشەیی ڕۆژنامەوانیدا، بەچەشنێك ئەو ڕۆژنامەنوسەی لەبەرژەوەندی گشتی کاردەکات پاداشت و خەڵات بکرێت، نەك تەنها لە ڕووی داراییەوە، بەڵکو لە ڕووی پێگە و مەکەناتیانەوە لە کۆمەڵگەکەدا.

*** لە پیشەی ڕۆژنامەگەریدا کار بە میساقی شەرەف دەکرێت، بەڵام لە وڵاتانی جیهانی سێدا کار ڕۆژنامەگەری لە چوارچێوەی یاساکاندا ڕێکدەخرێت، جیاوازی نێوان ئەم دو حاڵەتە چییە؟**

- زۆر زۆر جیاوازن، لە حاڵەتی کارکردن بە میساقی شەرەف چاودێری و کۆنترۆڵەکە لە ناخی ڕۆژنامەنووسەکە خۆیدایە، واتە بڕیاردەری کۆتای خودی ڕۆژنامەنوسەکە خۆیەتی و خۆی کۆنترۆڵی ڕەفتارەکانی خۆی دەکات، لە کاتێکدا لە حاڵەتی دووەمدا ئەوەی چاودێری و کۆنترۆڵی کارەکە دەکات، دەوڵەتە و ئەو بڕیاردەرەی کۆتاییە لە مەسەلەکەدا. لەو وڵاتانەدا کە لە سەرەتای کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا زەحمەتە ئەم چاودێریە ناوەکییە لە ناخی ڕۆژنامەنوساندا دروست ببێت، لەبەرئەوەی دەبێت لە سەرەتادا پتر پشت بە یاساکانی دەوڵەت ببەسترێت. بەڵام هەردەبێت لە کۆتاییدا ئەم چاودێریە لە خودی پیشەکە خۆیەوەبێت.

*** چ کاتێك ڕاگەیاندن دەبێتەدەسەڵاتی چوارەم و چاودێری دەسەڵاتەکانی دیکە (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری) دەکات؟**

- من پێموایە ئەمە لە وڵاتێکە بۆ وڵاتێکی دیکە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە، بە باوەڕی من ئەو کاتە ڕاگەیاندن دەتوانرێت ببێتە دەسەڵاتی چوارەم کە خۆی چاودێری خۆی بکات بە شێوەیەکی ڕاستگۆ و بە میسداقیەتەوە کاربکات و پێویستی یاساکانی دەوڵەت و چاودێری دەرەکی نەبێت، هەروەها بە یەکسانی ڕەخنەی لە تێکڕای پارتەکان بگرێت، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا نابێت تەنها ڕەخنە لە پارتی دیموکراتەکان یان کۆماریەکان بگرێت.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە لەم وڵاتەدا و ڕەنگە وڵاتە تازە گەشەکروەکان خۆشبەخت بن لەم ڕووەوە کە دەتوانن سوود لەو هەمو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانە ببینن و کارێکی باشتر بکەن وەك لەوەی ئێمە لە ڕابردودا کردمان.

**ئەو کاتە ڕاگەیاندن دەتوانرێت ببێتە دەسەڵاتی چوارەم کە خۆی چاودێری خۆی بکات بە شێوەیەکی ڕاستگۆ و بە میسداقیەتەوە کاربکات و پێویستی یاساکانی دەوڵەت و چاودێری دەرەکی نەبێت**



رۆژنامەنووس رۆبەرت جینس بۆ گوڵان:

# دەکرێت ڕاگەیاندنێک، یان ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک ئینتیما و ئاڕاستیەکی سیاسی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێت ڕاستگۆیانە و بە ئەمانەتەوە کاربکات

**پرۆفیسۆر رۆبەرت جینس ئوستادی رۆژنامەگەریە لە زانکۆی تەکساس و پسپۆرو تایبەتمەندە لەبوارەکانی مێژووی رۆژنامەگەری و مەسەلەی رەخنەی رۆژنامەگەری، بیری رەخنەیی رۆژنامەنووس، هەروەها وەك رۆژنامەنووسیش بەردەوام بۆ زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمریکاو دەرەوەی ئەمریکا دەنووسێت، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان میدیا و کولتووری کۆمەڵگە و کاریگەری میدیای ئازاد لەسەر کۆمەڵگەو چۆنیەتی دابینکردنی سەرچاوەی داهات بۆ میدیای ئازاد، پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر جینسن کرد و بەرێزی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**



ڕاگەیاندنی ئازاد لە سیستمێکی گەورەتری ئازادیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە پتر ڕێزگرتن لەو سیستمە گەورەیەی ئازادی

*** وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بەپێی سیستمە کولتووریە کۆنەکە پێناسەی ماف و ئازادیەکان دەکرێت، بۆ نموونە لە وڵاتانی دوای کۆمونیستیدا تێگەیشتن لە ماف و ئازادیەکان لە چوارچێوەی کۆمونیزمدا گەڵاڵە دەبێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن کاریگەربن بۆ گۆڕینی ئەم کولتوورە؟**

- لەڕاستیدا ڕاگەیاندنی ئازاد لە سیستمێکی گەورەتری ئازادیەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لە پتر ڕێزگرتن لەو سیستمە گەورەیەی ئازادی، من دەزانم پرسیارەکەی ئێوە ئاماژە بەو ئیشکالیەتە دەکات کە دروستکردنی ڕاگەیاندنی کراوە و ئازاد و ڕەخنەگرتن لە بەرپرسە گشتیەکان پێویستی بە بوونی ئازادیەکی فراوانتر هەیە لە کۆمەڵگەدا، لە هەمان کاتدا ڕاگەیاندنیش دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە قوڵکردنەوەی ڕێزگرتن لەم ئازادیە فراوانترە.

*** ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕووبەڕووی دەبنەوە ئەوەیە ناتوانن سەرچاوەی داهات و دارایی بۆ خۆیان دابین بکەن، ئایا لە هەل و مەرجێکی لەم چەشنەدا چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت سەرکەوتوانە کاری خۆی بکات؟**

- من لەگەڵ لێکدانەوەکەی ئێوەدا هاوڕام کە زەحمەتە بتوانرێت لە سەرەتادا ڕاگەیاندن بەرەو ڕاگەیاندنێکی تەندروست و ئازاد و کراوە هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی بە سەربەخۆی کاربکات لە بارودۆخێکدا کە سەرچاوەکانی دارای لە دەستی کەسانی دیکەدا بێت.

*** یەکێکی دیکە لە خاڵەکان بریتیە لە متمانەی گشتی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندن دەبێت کار بۆ بەرژەوەندی گشتی بکات، لەکاتێکدا هەندێ جار کار بۆ بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو دەکات، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر متمانەکردن بە ڕاگەیاندن؟**

- ڕەنگە باشترین ڕێگاچارە دروستکردنی ململانێیەکی تەندروست بێت، مەبەستم ئەوەیە لە کاتێکدا ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنێك هەبێت کە نوێنەرایەتی بیروباوەڕێکی سیاسی دیاری کراو دەکەن و پەرەی پێدەدەن، ئەوا ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی دیکەش لە ئارادابن کە بیروبۆچونە جیاوازەکانی دیکە بڵاوبکەنەوە. ئەوەی ئێوە باسی دەکەن ڕاستە، چونکە ئەگەری ڕای گشتی متمانەی بەووردی و ئەمانەتی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان نەبێت ئەوا سیستمی ڕاگەیاندنی ئازاد هەرەس دەهێنێت، دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە مەرج نیە تێکڕای ڕاگەیاندنەکان ناسیاسی بن، دەکرێت ڕاگەیاندنێك، یان ڕۆژنامەیەك ئینتیما و ئاڕاستیەکی سیاسی هەبێت، بەڵام ڕاستگۆیانە و بە ئەمانەتەوە کاربکات.

*** لە وڵاتە تازەگەشەکردوەکاندا کە دامەزراوەکان بە تەواوەتی گەشەیان نەکردووە و شەفافیەت لە ئارادانیە، چۆن ڕاگەیاندن دەتوانێت زانیاری پێویست بەدەست بهێنێت و ببێتە سەرچاوەی زانیاری باوەڕپێکراو؟**

- لە حاڵەتێکدا کە حکومەتەکان نەیانتوانی میکانیزمێك بۆ خستنەڕوی زانیاریەکان دابنێن، ئەوا زەحمەتە ڕاگەیاندن بتوانێت ئەم کارەی پێبکرێت، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر خودی حکومەت

خۆی نەتوانێت زانیاری و ئامار و وردەکاریەکان بڵاوبکاتەوە، ڕاگەیاندن بە تەنها ناتوانێت زانیاری کۆبکاتەوە، ئێوە کێشەیەکتان دەستنیشانکردووە کە نازانم چارەسەرەکەی چییە، بەڵام هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەمە کێشەیەکەیە و پێویست بە یەکلاکردنەوە دەکات.

*** چۆن وڵاتێکی وەك عێراق دەتوانێت سوود لە ئەزمونی وڵاتە گەشەکردووەکان وەربگرێت لەم ڕووەوە؟**

- ڕاستە عێراق لە قۆناغێکدایە کە سەرقاڵی بنیاتنانی دامەزراوەکانە، بەڵام هەل و مەرج و بارودۆخی عێراق تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، عێراق وڵاتێك بوو داگیرکرا، کاولکرا و ڕەنگە نەکرێت دەقا و دەق ئەزمونی وڵاتانی دیکەی تێدا دووبارە بکرێتەوە.

*** ئێمە دەزانین لە وڵاتانی تازەگەشەکردودا، دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسیەکاندان، لە کاتێکدا ناکرێت ئەم ڕاگەیاندنە بە ڕاگەیاندنێکی ئازاد دابنێین لەبەر ئەوەی لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە پشتگیری دەکرێن، ئایا لەم حاڵەتەدا چۆن دەکرێت ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆی دروست بکەین؟**

- من ئەو ڕاستیە دوپات دەکەمەوە کە ناکرێت ڕاگەیاندن لە کەلتوری کۆمەڵگەکە داببڕین، ئەگەر هێشتا ئابووری بە تەواوەتی بوژاندنەوەی بەخۆوە نەبینیبێت، ئەگەر هێشتا دامەزراوە حکومیەکان بەوپەڕی توانای خۆیانەوە کارنەکەن، ئەگەر وڵاتەکە لەلایەن هێزێکی دەرەکیەوە داگیرکرابێت، ئەگەر هێشتا نیگەرانی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی ناوخۆی لە ئارادابێت، ئەوا ڕاگەیاندنیش لە دۆخێکی باشدا نابێت. من دەزانم ئێوە هەوڵی دروستکردنی کەلتورێکی دیموکراسی دەدەن لە وڵاتێکدا کە نەك تەنها بۆ ماوەیەکی دوردرێژ بە دەست دەسەڵاتێکی تاکرەوییەوە گرفتاربوو، بەڵکو دووچاری داگیرکاریەکیش هات کە وڵاتەکەی ئەوەندەی دیکە وێرانکرد، لەبەر ئەوە ناکرێت ڕەوتی بنیاتنانەوە بە خێرای ڕوبدات.

*** ئێمە لەسەردەمی ئەنتەرنێتداین، کە بۆتەهۆی کەمکردنەوەی ڕۆژنامەی چاپکراو، پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك ئەنتەرنێت کاریگەری خراپی هەبووە و بۆتە ئاستەنگێك لە بەردەم لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانی لە وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا، چونکە ئەنتەرنێت بۆتەهۆی کەمبونەوەی ڕێژەی فرۆشتنی ڕۆژنامەکان؟**

- لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاشدا کە ڕۆژنامەگەری ئازاد لە ئارادایە نەتوانراوە ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت، کە دەبێت ڕۆژنامەکان بتوانن سەرچاوەی داهاتی خۆیان زامن بکەن بۆ ئەوەی درێژە بە کارەکانیان بدەن، لە کاتێکدا ئەنتەرنێت دەرفەتی بۆ بڵاوکردنەوەی ئازادانەی زانیاریەکان ڕەخساندووە، هەروەك ئاماژەم پێکرد لە وڵاتی ئێمەشدا تا ئێستا نەتوانراوە ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت و بە دڵنیاییەوە ئەمەش پرۆسەی پەرەپێدانی ڕۆژنامەگەری ئازاد لە عێراقدا ئاڵۆزدەکات.

**ئێوە کێشەیەکتان دەستنیشانکردووە کە نازانم چارەسەرەکەی چییە، بەڵام هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەمە کێشەیەکەیە و پێویست بە یەکلاکردنەوە دەکات**



# ئێران
# لە یەکەم ١٠٠ ڕۆژی ئۆبامادا



سامی شۆڕش
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

لە ماوەی یەکەم ١٠٠ ڕۆژی حوکمڕانییەکەیدا لە کۆشکی سپی، سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما چەندین گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکاو نێودەوڵەتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئەنجام گەیاند. زەحمەتە هەموو گۆڕانکاری و سیاسەتە تازەکانی ئۆباما لە دەقی وتارێکدا باس بکرێن و هەڵبسەنگێنرێن، بۆیە لەم نووسینەدا، ڕۆشناییەکی گشتی دەخەینە سەر تەنیا یەك لە گۆڕانکارییە گەورەکانی ئۆباما لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ئەویش گۆڕینی ڕووەگەی سیاسەتی وڵاتەکەیەتی لە بەرامبەر ئێران و فایلە ئەتۆمییەکەی.

وەك دەزانرێت، هەر لە دەسپێکی ساڵی ١٩٧٩ ەوە، بە تایبەتی لە دوای گۆڕرانە گەورەکەی سیستەمی سیاسی لە جیهاندا ساڵی ١٩٩٠، دەوڵەتی ئێران یەك لە جومگە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆنی پێکهێناوە نەك هەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڵکو لە سەرتاسەری جیهانیشدا. زۆر لە سیاسەت و ناکۆکی و هەڵوێستەکانی ئەمریکا لەو سەردەمەدا، بە هەر شێوەیەك بوو بێت، جۆرە پەیوەندییەکیان بە سیاسەتی کۆشکی سپییەوە هەبووە لە بەرامبەر ئێران.

نەك هەر ئەوەندە، بگرە تاران خۆیشی لە باری خۆیەوە، ڕەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە لە سەر بەشێکی گرنگ لە ڕووداوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە ئەگەر هەندێك بە دیققەت تەماشای ناواخنی پڕۆسە و ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەکەمان لەو بڕگە زەمەنیەدا بکەین دەبینین، ئەو ڕووداوو پڕۆسانە، هەمیشە جۆرێك لە ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی ئەمریکاو ئێرانی پێوە دیار بووە. لەم بوارەدا، ڕەنگە عێراق و ئەفغانستان و لوبنان و کەرتی غەززە بەرچاوترین نموونە بن.

ناکۆکییەکانی واشنتۆن وتاران لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا زنجیرەیەکی درێژ پێك دەهێنن. گرنگترین و مەترسیدارترینی ئەو زنجیرەیە فایلی ئەتۆمی و مەسەلەی تیرۆرو هەڵوێستی تاران بووە لە بەرامبەر پڕۆسەی ئاشتەوایی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان. بۆیە هەر لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە بە گشتی و دوای یانزەی سێپتەمبەری واشنتۆن و نیۆیۆرك بە تایبەتی و، ئینجا دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی تایبەتی تر، ناکۆکیەکان هەمیشە گرژی و ناخۆشی و توندییەکی ئێجگار زۆریان بە خۆیانەوە دیوە. ئەم گرژی و ناخۆشیانەش، بەردەوام، کاریان لە بونیادی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە چ لە سەردەمی سەرۆکی پێشووتر بێل کلینتۆن و چ لە سەردەمی سەرۆکی پێشوو جۆرج دەبلیو بوش.

بەڵام، ئۆباما لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەست بەکار بوونی، گۆڕانێکی گەورەی بەسەر ئەو سیاسەتە هێناوە کە ئەویش خۆی لە چەندین گۆڕانی بنەڕەتی دەدۆزێتەوە، کاریگەرترینیان گۆڕینی سیاسەتی وڵاتەکەیەتی لە بەرامبەر ئێران لە سیاسەتی هەڕەشەی سەربازی و سزای نێودەوڵەتی و گەمارۆدان و گۆشەگیرکردنی سیاسییەوە بۆ سیاسەتی دیایەلۆگ و چارەسەر کردنی کێشەکان بە شێوازی سیاسی و دیپلۆماسی. بەر لەو داهێنانە، نەك تەنیا ئەمریکا و ئێران، بەڵکو تەواوی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە هۆی ناکۆکییەکانی ئەو دوو وڵاتە، تووشی قەیران و نائارامی هاتبوون. هەمیشە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە ئارادا بوو. ئیسرائیل هاتبووە سەر هێڵی ناکۆکیەکە. دەوڵەتانی ئەورووپا ترسی ئەوەیان هەبوو شەڕێکی دیکە ناوچەی کەنداو بگرێتەوەو چارەنووسی تێپەڕ بوونی نەوت بە تەنگەی هورمز بکەوێتە خەتەرەوە. لەولاوە دەوڵەتانی ناوچەکە، بە تایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی، ترسێکی زۆریان گەیشتبوێ لەوەی هەر شەڕو یەخانگیرییەك لە نێوان تاران و واشنتۆن ڕەنگدانەوەی خراپی هەبێت بە سەر باری ناوەخۆی ئەوان. بەڵام، ئۆباما لەم بوارە ناسك و زەحمەت وئاڵۆزەدا هیوایەکی تازەی بەخشییە جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئۆباما لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، پەیمانی ئەوەی دا بوو کە ئەگەر بگاتە کۆشکی سپی، ئەوا ڕووەگەی سیاسەتی وڵاتەکەی بەرامبەر بە ئێران دەگۆڕێت و ڕوو لە سیاسەتی دایەلۆگ دەکات بە مەبەستی داماڵینی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تاران. دواتر، کە لە هەڵبژاردن دەرچوو، زۆری نەخایاند هەمان ئەو بیرۆکە بنەڕەتییەی دووپات کردەوە. لەوەش زۆرتر، دایەلۆگ

و سیاسەت و نزیك بوونەوە لە ناحەزانی ئەمریكای كردە بەردەبازێكی سەرەكی لە بواری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەیدا.

راستە، ئێران بە ئیجاب پێشوازی لە بانگهێشتی دایەلۆگ كرد، بەڵام تا ئێستا، هیچی ئەوتۆی نیشان نەداوە كە ئامادەیە بە شێوازی سیاسی و دایەلۆگ كێشەكان چارەسەر بكات. بگرە لەوەتەی ئۆباما هاتۆتە كۆشكی سپی چەندین جار دووپاتی ئەوەی كردۆتەوە كە هیچ نیازێكی نییە بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیوم رابگرێت. لەگەڵ ئەوەش، بانگهێشتەكەی ئۆباما جێی خۆی گرتووە.

دیارە، ئەمریكییەكان لەو بوارەدا، نەك هەر بانگیان بۆ دایەلۆگ هەڵداوە، بەڵكو چەند هەنگاوێكی پراكتیكیشیان هاویشتوە بۆ دڵنیا كردنەوەی تاران لەوەی كە بانگهێشتەكەیان بۆ تاكتیك نییە، بەڵكو بۆ چارەسەركردنی جیددیانەی ناكۆكییەكانە. لەم بوارەدا، ئەوە بوو ئۆباما هانی دەوڵەتانی ئەوروپاو یەكێتیی ئەوروپای دا تا ئەوانیش لە باری خۆیانەوە بانگی ئێران بكەن بۆ دایەلۆگ و گفتوگۆ. ئینجا، كەوتە قسەی ئەوەی كە گوایە ئامادەیە دەست لە مەرجی راگرتنی بەرنامەی پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵبگرێت بۆ ئاسان كردنی دایەلۆگ لەگەڵ ئێران.

دیسان تاران لە باری پراكتیكەوە هیچی ئەوتۆی نەكرد. بەڵكو بە پێچەوانەوە لە كۆنگرەی نێودەوڵەتیی (دێربن) كە بەر لە مانگێك بۆ دژایەتی كردنی رەگەزپەرستایەتی بەسترا، سەرۆكی ئێرانی مەحمودی ئەحمەد نەژاد زۆر بە توندی كەوتە وێژەی ئیسرائیل و ئەمریكاو ئەوروپا. ئەوە بوو چەندین دەوڵەت لە كۆنگرەكە كشانەوە. بەڵام ئەمریكییەكان سەر لە نوێ رایانگەیاند كە (دێربن) رێگر نییە لەبەردەم دایەلۆگ و دانوستانی سیاسی لەگەڵ تاران.

دیارە ئێران، هۆی خۆی هەیە بۆ بە دەنگەوە نەچوونی سیاسەتەكەی ئۆباما. رەنگە هەڵبژاردنی داهاتووی ئێران و ئاڵۆزییەكانی باری ناوەخۆی بە تایبەتی لە مەسەلەی ناكۆكی لە نێوان ریفۆرمخوازان و توندڕەوان، بەشێك لەو هۆیانە پێك بهێنن. دیارە ئۆبامایش ئاگاداری ئەو هۆیانەیە، بۆیە، ئەویش لە باری خۆیەوە چاوەڕێی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی ئێران دەكات. لەگەڵ ئەوەش، ئۆباما هێشتا گەرمتر هاتۆتە پێشەوە. یەك لە نیشانەكان نواندنی رێزو حورمەت بوو بۆ ئایینی ئیسلام بە تایبەتی كاتێك سەردانی توركیای كرد. نیشانەیەكی دیكە، هێور كردنەوەی ناكۆكییەكانی واشنتۆن بوو لەگەڵ فەنزەوێللاو كوبا.

لەولاترەوە، سەر لە نوێ تاران كەوتەوە سیاسەتی كێشەنانەوە. تازەترینی ئەو كێشانەی خستیە بەردەم رەورەوەی دایەلۆگ دوو بوون: لە لایەك، پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ میسر خستە باری ئاڵۆزییەوە. لە لایەكی دیكە، رۆژنامەنووسێكی ئەمریكی بە رەچەڵەك ئێرانی (رۆكسانا سابیری) بە تۆمەتی سیخوڕی دایە دادگا. لەو بەرامبەرەدا، ئۆباما هەر دوو مەسەلەكەی نەكردە گرێ لە بەرامبەر ئێران. بگرە، لە رێگەی وەزیری دەرەوەیەوە، هیلاری كلینتن، كەوتە باسی ئەوەی كە پێویستە رێگەیەك بدۆزرێتەوە بۆ بەشداری پێكردنی ئێران لە فایلی دابین كردن و پاراستنی ئەمن و ئاسایشی ئەفغانستان.

بێگومان، ئۆباما هیوایەكی زۆری بەوە هەیە بەڵكو لەگەڵ ئێران بە دایەلۆگ كێشەكان چارەسەر بكات. رەنگە پێی وا بێت كە ئەگەر كێشەكانی نێوان واشنتۆن و تاران بە دایەلۆگ چارەسەر كرا، ئەوا چەندین فایلی ئاڵۆزی دیكەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، لە خۆڕا دەكەونە باری چارەسەر بوونەوە: فایلی لوبنان و حزبوڵلا، سوریاو ئیسرائیل و پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ فەلەستینییەكان. هێور بوونەوەی بارە گرژەكەی ئەمن و ئاسایش لە عێراق و ئەفغانستان.

هەندێك لە ناوەندە سیاسییەكان، وای لێك دەدەنەوە كە ئۆباما هیوایەكی دیكەی بە باگهێشتی دایەلۆگ هەیە، ئەویش ئەوەیە كە ئەگەر تاران دایەلۆگەكە رەت بكاتەوە، ئەوا رەنگە ئەمریكا بتوانێت بە ئاسانی هاوپەیمانێتیەكی نێودەوڵەتیی پان و پۆڕ لە دژی ئێران دروست بكات. لێرەدا، ئۆباما پێی وایە ئەگەر دایەلۆگ سەری نەگرت، ئەوا كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رووسیاو چین و یەكێتی ئەوروپی و دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بێ پەروا، پشتی ئەگەری فشارهێنانی ئابووری و سیاسی و ئینجا رەنگە سەربازیش بگرن لە دژی ئێران. جێی وەبیرهێنانەوەیە سەرۆكی پیشوو بوش یەك لە كێشە گەورەكانی لە فایلی ئێران ئەوە بوو كە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئیسرائیلی لێ بترازێت، لەگەڵ فشار بردن و ئەگەری سزاو هاوپەیمانێتیی سەربازی نەبوون لە دژی ئێران. ئێستا، دوای هەوڵوتەقەلاكان بۆ دایەلۆگ و چارەسەری سیاسی، ئەگەر ئێران نەیەتە پێش، ئەوا رەنگە بەشێكی كاریگەری كۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتی ئۆباما بگرن لەم مەیدانەدا.

لە گەڵ ئەوانەش، رووگەی دایەلۆگ لە سیاسەتەكانی ئەمریكا لە بەرامبەر ئێران گۆڕانگاریەكی گەورەیە لە بونیادی سیاسەت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی دا. بایەخی ئەو رووگەیە هەر لەوەدا نییە كە لە سەر ئاستی جیهانی و ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشتگیریی لێ دەكرێت، بەڵكو بە پلەی یەكەم لەوەدا یە كە لە سەر ئاستی ناوەخۆی ئەمریكایش پشتگیرییەكی زۆری لێ دەكرێت. یەك لە ناوەندە گرنگەكانی راپرسی لە ئەمریكا، بەم دواییە راپرسیەكی گەورەی رێكخست لە بارەی ئەوەی كە ئاخۆ ئەمریكییەكان چۆن دەڕواننە ئەو ١٠٠ رۆژەی ئۆباما لە كۆشكی سپی كاری كردووە. شایەنی گوتنە، راپرسییەكە پتر لە ٢٥٠٠ كەس بەشدارین تێدا كردووەو یەك لە ئەنجامە سەرنجراكێشەكانی ئەوەیە كە لە سەدا ٧٥ی ئەو كەسانەی بەشداریان لە راپرسییەكەدا كردووە پێیان وایە ئۆباما، لە رێگەی سیاسەتی دایەلۆگ، هاوسەنگییەكی سەركەوتووانەو زۆر رێك و باشی لە ناو پێوانە سیاسییەكانی جیهان هێناوەتە كایەوە كە كێرڤەكەی بە قازانجی بەرژەوەندییەكانی ئەمریكاو ئێران و هەموو جیهانە.

ئەمە راستە. بەڵام لەوە راستتر ئەوەیە كە دایەلۆگ یەك لایەنە نابێت، بەڵكو پێویستی بە دوو لا هەیەو پێویستی بە دوو شەریك هەیە. تا ئێستا وا پێ دەچێت، ئۆباما هەتا ئێستاش هەست بە زەحمەتی دەكات لەوەی شەریكێك بۆ خۆی لە ناو ئێران بدۆزێتەوە تا دایەلۆگەكەی لەگەڵ بەڕێوە ببات.

**لە سەدا ٧٥ی ئەو كەسانەی بەشداریان لە راپرسییەكەدا كردووە پێیان وایە ئۆباما، لە رێگەی سیاسەتی دایەلۆگ، هاوسەنگییەكی سەركەوتووانەو زۆر رێك و باشی لە ناو پێوانە سیاسییەكانی جیهان هێناوەتە كایەوە**